# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


سەبارەت بە ستراتیژی شۆڕش لە کوردستان...

گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

لەلاپەرە 11 و 12 دا ... دەخوێننەوە


ساڵی دووەم ژمارە (38) 15/10/2018 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


# 16ئۆکتۆبەر، گۆشەیەکە لە عادەتی نۆکەر پیشەیی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەزلهێزەکانی دنیاو وڵاتانی چنگ بەخوێنی ناوچەکە!



**ساڵێک دوای ١٦ ئۆکتۆبەر...**

چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، دوو ڕووداوی گەورە ڕوویاندا، یەکێکیان شکستی سەربازی داعش لەدوایین بەرەکانی جەنگدا و ئەوی تریان ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو لەکوردستان... کە خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە و بە هیوای دەستراگەیشتن بە خەونی سەربەخۆیی بەشداری بەرچاویان تیایدا کرد.

ئەم دوو ڕووداوە، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا بەدوای خۆیدا هێنا، جگە لەوەش پێگەی باڵانسی بزوتنەوە سیاسییە کۆمەلایەتیەکان و حزبەکانی باڵادەستی ناو ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتیانەی، گۆڕی...

سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعشدا، پێگەی بزوتنەوەی ئیسلام-ناسیونالیستی تایفی شیعی لەسەر ئاستی عێراقدا چ لەبەرامبەر ناسیونالیزمی سونی عەرەبیدا و چ لەبەرامبەر ناسیونالیزمی کورددا، بەهێز کرد و غروری ئەو بزوتنەوەیەیەی بردە سەرەوە، هاوکات تا رادەیەک ریزەکانی سوپا و هێزە میلیشیاکانی سێبەری ئەو سوپاو هێزە چەکدارانەی ڕێکخستەوە. ئەو ئاڵوگۆڕە ئەرک و چاوخشاندنەوەی خستە بەردەم هێزەکانی سەرکەوتوو بەسەر داعشدا. لەوچوارچێوەیەدا و لەهاوسەنگی هێزی تازەدا، حەل و فەسڵی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان، زیدەڕۆیەکان، ئاسایکردنەوەی ئەو دۆسیانەی لەگەڵ هاتنی داعشدا، سەریان هەڵدابوو، تادەگاتە تەسفیە حسابی ناوخۆیی لەناو خانەوادی ئیسلامی سیاسی شیعیدا... بوونە مەسەلەی ڕۆژ و دەبوو بجولێنرین و بەرەو یەکلاییکردنەوە، ببرێن.

بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردیش، کۆتاییهاتنی جەنگ لەدژی داعش، دەورەیەکی نوێ بوو، هێزە خاوەن بریارەکانی ئەو بزوتنەوەیە، بۆیان ڕۆشن بوو کۆتاییهاتنی جەنگ لەدژی داعش و شکانەوەی بەسودی بزوتنەوەی ناسیونال-ئیسلامی شیعی، دەروازە دەکاتەوە بۆ راگەیاندنی تەماحەکانیان و لە پێش هەمووشیانەوە یەکلاییکردنەوەی هەردوو دۆسیەی کێڵگە نەوتیەکان، گێرانەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی هاتنی داعشەوە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی

بۆ لاپەرە ٢

## سەرکوتی سیاسی، لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا بە ئاستێکی ترسناک دەگات...

بەهۆی توندبوونەوەی کەشی سەرکوتی سیاسی لەناو ریزەکانی بزوتنەوەی گۆران و ئۆرگانە رابەریەکانیدا، و بەرتەسک بوونەوەی رۆژ بەرۆژی ئازادییەکان و کلۆم کردنی دەنگی رەخنەگرانەو نارازی کادرو هەڵسوراوەکانی، وە نا شەفافیەت و بوونی بزوتنەوەی گۆران بە کۆپیەک لە حزبێکی بنەماڵەیی... نەبوونی هیچ جیاوازییەکی بنەرەتی لەگەڵ حزبەکانی دەسەلات بەدەستی کوردستان و نارۆشنی و نەبوونی هیچ پرۆژەو ئەجندایەکی سیاسی رۆشن.. هێندەی تر بزوتنەوەی گۆران و کێشەناوخۆیەکانی ئەو بزوتنەوەی قوڵتر کردۆتەوە... لەبەرامبەر بەو کەش و دۆخەدا کە بزوتنەوەی گۆران توشی بووە و ڕۆژ بەرۆژیش پاشکشەدەکات و بەرەو داکۆزان مل دەنێت... ژمارەیەک لە کادرو هەڵسوراوی ئەو حزبە، لەرێگای نامەیەکەوە بۆ ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆران نارەزایەتی خۆیان بەیان دەکەن و هوشدارییش دەدەن ئەگەر ئەم کەش و دۆخە چاک نەکرێت، هەڵویستی تر دەگرنە بەر. دیارە ئەم نارەزایەتی نامەیە، تەنها گۆشەیەکە لە دەریای تورەیی و نارەزایەتی بە رووی سیاسەت و نەخشەکانی بزوتنەوەی گۆران و ئەو سەرکوتە سیاسیەی دەکرێتە سەر کادرە رەخنەگرو نارازییەکانی گۆران... **لە لاپەرە ٣ دا، دەقی نامەی نارەزایەتی هەڵسوراوەکانی گۆران دەخوێننەوە...**

## دەریای ئیجە ژیانی ژمارەیەک لە پەنابەری تری هەڵلوشی





**ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت ٦ ئازیزت بە بەرچاوتەوە بخنکێن...**

ئەم وێنەیەی دەیبینن، وێنەی پێنج منال وهاوسەری ئەو ژنە بەناوی مهاباد ئیسماعیل عەلی یە کە لە ڕووداوەکەی قەرەبوروونی شاری ئیزمیری تورکیا تەنها خۆی دەرچوو هەر پێنج منالەکەی و هاوسەرەکەی لەو رووداوە دەخنکێن. گێرانەوەی ئەم رووداوە، و وێناکردنی لە سەختی سەخترە، مەگەر ئینسانەهایەکی بەئیرادەی بێ کۆتا خۆی بۆ بگرێت چاوەکان پڕ فرمێسک نەبن. یان کەسانێک بەتەواوتی ویژدانیان، بەستبێتی... چ کارەسات و ڕووداوێکی جەرگ برە، بەبەرچاوی خۆتەوە ببینی، شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریا یەک لەدوای یەک جگەر...

بۆ لاپەرە ٢

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی...........................ل3
* سزای لەسێدارەدان" نیعدام"...........................ل4
* هەڵبژاردن شکستی خوارد، دوای ئەوە دەبێ چی بکەین؟...........ل6
* بەنەمانی سزای لەسێدارەدان، سیستەمی ئیسلامی دەروخێ............ل7
* هەوالی نارەزایەتیە کرێکاری و جەماوەرییەکان.....................ل8
* دیمانە لەگەڵ سەمیر نوری سەبارت بە سزای لەسێدارەدان.............ل9
* لەگۆشەیەکی ترەوە .............................................ل9



دیمانە لەگەڵ ئاسۆ کەمال... سەبارەت بە تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر بە پرسی ریفراندۆمدا...ل 13

یاداشتەکانی گۆرکی دەربارەی لینین ل5

گۆشەی دیمانە لەگەڵ هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیستی زیندانی کراو... ل10

## درێژەی... ساڵێک دوای 16 ئۆکتۆبەر

کوردایەتیەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. بزوتنەوەی کوردایەتی و زۆر بەتایبەتیش پارتی لەو چوارچیوەیەدا، دۆسیەی ریفراندۆمی هێنایە گۆڕ... جوڵاندنی ئەم دۆسیەیە لەو سەروبەندەدا لایەنێکی سەرەکی وەڵامی پێشگیرانەی پارتی بوو، بەدۆخی دوای داعشدا، تالەو رێگایەوە هەم بتوانێت پێگەی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان بەهێزتر بکات و دەستکەوتی خۆی لەشەری دژی داعشدا بچنێتەوەو هەمیش خۆی بە پرسێکەوە هەڵبواسێت، کە لەبنەرەتدا پرسی خەڵکی کوردستانەو پاشانیش وەکو کارتێکی سیاسی بۆ مامەڵەی خۆی لەگەڵ ناوەندو تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش بەدەستیەوە بگرێت. دیارە هێزەکانی تری سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان، لەوانە بزوتنەوەی گۆڕان نارۆشن و هاوکات لەدۆخێکی شلۆق و ناسەقامگیردا بوو. رەوتی روو لە لێژی دوای مردنی نەوشیرواندا، بەتەواوی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە دیار بوو. یەکێتی نیشتیمانیش بەجیا لە پەک کەوتەیی تەواوەتی تاڵەبانی، ململانێی ناو باڵ و لاباڵەکانی، لێکترازان و نەبوونی سەرچاوەیەکی بریاردان... یەکێتی کردبووە، هێزێکی داوەشاوی چەند سەرەی بێ ئاسۆ و بێ بریار و تەنانەت بی نەخشی کاریگەر لە ساحەی سیاسی عێراق و کوردستاندا. لەهەل و مەرج و دۆخێکی ئاوادا، کە لەلایەکەوە داعش لە باری سەربازییەوە شکاو و ڕاونراوە، ئیسلامی سیاسی شیعی پیگەی زۆرتر و کاریگەر تر بووە، لەلایەکی ترەوە پارتی وەکو هێزی خاوەن بریار هەڵمەتی پێش وەختەی بۆ بەرگری دەستپێکردووەو دەستی بە ریفراندۆمەوە گرتووەو، پاشان ریفراندۆم ئەنجامدراو بەگشتیش خەڵکی کوردستان پێشوازییەکی گەورەیان لێی کرد... لەم ململانێیەدا کە لەلایەکەوە ناوەند و هێزی ئیسلامی سیاسی شیعی وەستاون و لەلاکەی ترەوە پارتی وەکو لایەنی باڵادەستی ناو بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، وەستاوە. هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی، کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی کردووە، بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانی دوای جەنگی داعش، بەدوای هیزو لایەنی نزیک خۆیدا دەگەرا، لەو نێوەدا، یەکێتی نیشتیمانی کە لەقوتبی ئێران نزیکە بەتایبەتیش باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی

باشترین مەقاشی یارییپێکردن و بەکارهێنانە. لەو کەش و ژینگە تایبەتیەدا، تەنها بیست رۆژ بەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان و هاوکات لەگەڵ شکستی سەربازی داعش لەدواین بەرەکاندا، باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی و نۆکەر پیشەی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەمەبەستی گورز وەشاندن لە خەونی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان و ریفراندۆمەکەی و بەمەبەستی راستکردنەوەی باڵانسی هێز لەبەرامبەر پارتییدا، چ لە ناوەندو چ لەناو کوردستاندا، هاوکاتیش بۆ جیگا پەیداکردن لەناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، چوونە پاڵ سیاسەت و نەخشەی ناوەند و دەستی هێزەکانی حەشدی شەعبییان گرت و ئیرادەی خۆیان رادەستی قاسمی سلێمانی کرد و لەماوەیەکی کورتدا، ناوچەیەکی فراوانیان، لە قەڵەمرەوی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە کەرکوکی" قودس و دڵی" کوردستانیشەوە، رادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای!! عێراق کردوە. هیرشی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاری و خۆشخزمەتی یەکێتی و پیگەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بەرەو داکشانێکی گەورە برد، چ لەئاستی عێراق و چ لە ئاستی ناوچەکەشدا، پاشەکشەیەکی گەورەی سەپاند بەسەر جێگەو رێگەی ناسیونالیزمی کورددا.

لەم رووداوەدا، بەجیا لە گێرانەوەی دەسەڵاتی تایفی بۆ هەموو ئەو ناوچانەی لەساڵی ٢٠٠٣ وە، لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە کۆنترۆڵ کرابوو، وە ببووە ئەمری واقع، هاوکات ژمارەیەک پێشمەرگە، غافڵگیر کراون بوونە قوربانی، وە جەماوەرێکی زۆریش ئاوارە بوون.

ئامانجی ئەو باڵەی یەکێتی لەو کردەوە دژە ئینسانییەدا، گۆرینی پارسەنگی هێز لەگەڵ پارتی مەسەلەی میحوەری بوو، بەڵام بەو هۆیەوە چ ئێران و چ کرێگرتەکانی لە حەشدی شەعبی و حکومەتی ناوەندی بەغدا، تەنها وەکو کرێگرتەیەک تەماشای ئەو نۆکەر پیشەییەیان کرد، کەرکوک و زۆریک لەو ناوچە کیشە لەسەرەکان کە ناوچەی جێگا نفوزی یەکێتی نیشتیمانی بوون، بۆ یەکیتی نەک نەبوو بەدەستکەوت، بەڵکو خۆشیان بوونە یاساغ لە ناوچانەو بەدەستی بەتاڵ لەو گەمە سەرشۆرانەیەدا هاتنە دەرەوەو ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەوەی

دەسەڵاتی بەدەستە لەو پانیاییە فراوانەدا، دەسەڵاتی ناوەندی و حەشدی شەعبییە. یەکیتی نیشتیمانیش لە پیگەی دەسەڵاتدارێتیەوە بۆتە چاودێرێکی سیاسی دۆخەکە، ئەوە بەجیا لەوەی گورزێکی کەمەر شکێنیشی لە پیگەی یەکێتی لەسەراسەری کوردستاندا، وەشاند.

پارتی لەگەڵ ئەوەدا بێ زیان دەرنەچوو، بەڵام نەبووە نێچیرێکی شکستخواردو تا یەکێتی بە قازانجی خۆی، سودی لێوەربگرێت... لەناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتیدا، ئەو باڵەی نۆکەر پیشەیی و پێشلەشکری کرد، تا رادەیەک توانیان هەژموونی خۆیان دابسەپێنن و پایەکانی تەوریسی سیاسی، بەهیز بکەن و وەکو میراتگری تاڵەبانی ببنە قوتبێکی زاڵی ناو یەکێتی، بەڵام ئەو قوتبی بوونەی باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی لەناو خۆی یەکێتیدا، بە نرخی پاشەکشەی یەکێتی لەسەراسەری کوردستاندا شکایەوە. ئەمرۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە پێگەیەکی زۆر لاوازتر لە پێشوودایە لەچاو رەقیبە مێژوویەکەی "پارتی"دا... ئەم پاشەکشەیەی یەکێتی نەک هەر لە ئاستی کوردستاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەشدا، راستیەکی ئینکار هەڵنەگرە.

ئیستا دوای زیاتر لە ساڵێک بەسەر ریفراندۆم و ساڵێک بەسەر روداوی ١٦ ئۆکتۆبەردا، بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بەگشتی لە مەقعیەتێکی لاوازتر و هاوکات بەرگرییەکی هەمیشەییدایە لەگەڵ ناوەند.. دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا فراوانتر و کەلێنی نیوانیان گەورەتر و ئاسۆی چارەسەر و یەکلاییکردنەوەشیان قورستر... بووە.

بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لە ئێستادا لە زوربەی بوارەکاندا، لەژێر کۆنترۆڵی ناوەندایە. زوربەی هەرەزۆری کێڵگە نەوتییەکان و دەرهێنان و فرۆشتنی تا دەگاتە فرۆکەخانەکان، خاڵەکانی سنوری نێوان عێراق-ئیران و عێراق- عیراق -تورکیا و عێراق- سوریا... چاودێری بەغدای لەسەرە. هاوکات بری بودجەی هەرێم لە ١٧% و هێنراوەتە خوارەوە بۆ ١٢،٤٧% ... وە شاری کەرکوک و زوربەی هەرەزۆری ناوچە کێشەلەسەرەکان، لەدەست و ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندیدایە، یان ئەوان تیایدا باڵادەستن. لەسەر ئاستی ناوچەکەش پەیوەندی هەرێم ناسەقامگیرو لاوازترە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، و باڵی زاڵی ناوی کە باڵی بنەماڵەی تاڵەبانییە، لەگەڵ ئەوەدا لەناو یەکێتیدا، خاوەن و سەنگی زاڵ و بریاردەرن و ئۆرگانە حزبیەکانیان کردۆتە کاریکاتۆر و هەموو جومگە هەستیارەکانی دەسەڵاتدارێتی زۆنی سەوزو داهاتی ئەو زۆنەیان، پاوانی خۆیان کردووە، بەڵام لە ئاستی کوردستاندا نەیانتوانیوە پاشەکشە بە رەقیبەکەیان کە پارتییە بکەن و پیگەی جەماوەریان بەرەو هەڵکشان ببەن، بەپێچەوانەوە لەچاو کاتی بەر لە ١٦ ئۆکتۆبەر لە جێگاو رێگایەکی لەخوارتر دان و جغرافیای قەڵەمرەوی سیاسیان، بەرتەسک تر بۆتەوە و لە زۆنەشدا کە خاوەنی دەسەڵاتن، هاوبەشیان بۆ دروست بووە و بێ رێگری نین... هەروەها هیشتا ململانێی ناوخۆیی و بێ رابەری معتەبەر، لەپاڵ نەبوونی ئەجندایەکی سیاسی رۆشن، یەکێتی بەرەو داخورانی ناوخۆیی زیاتر دەبات. روداوی ١٦ ئۆکتۆبەر، بەپێچەوانەی خەونی باڵی نۆکەر سفەتەوە، یەکێتی لاوازکرد، نەک بەهێز، لە هەمیشەش زیاتر ریسوای کردو کردیە خاوەنی فایلێک کە بەئەندازەی فایلی ٣١ ئاب، باجی سیاسی و جەماوەری و متمانە لەدەستدانی، دەوێت.

ئەم جێگاو رێگایە کە سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، بۆی ماوەتەوە، لاوازو ناسەقامگیرە. لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەو پیگەیە لەناوخۆی کوردستانیشدا، روبەرووە لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری و بەئاقاری گۆرانی هاوسەنگی هیزدا، هەنگاو دەنێ... نارەزایەتی جەماوەری لەکوردستاندا، کە ریشەی لە دزی و تاڵانی و گرانی و بیکاری و سەرکوت و بێمافیەکان و نۆکەری پیشەیی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدایە، رێگای گەرانەوەی لێگیراوە و رۆژ بەرۆژ بەرەو هەڵکشان دەچیت...

دیارە هیشتاش، ١٦ ئۆکتۆبەر و ٣١ ئابی تر قابیلی پێشبینین و ئایندەی سیاسی کوردستان، لەچوارچیوەی عێراقدا، ئایندەیەکی لێڵە. ئەوەی کە دەتوانێت... ئەم چارەنووسە نادیار و لێڵە بگۆرێت، لە گرەوی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میلیشییا و درۆی فیدرالیزمی قەومی لەگەڵ عێراق و دەست گرتنە بە ئاکامی ریفراندۆمەوە، کە دەتوانێت، ئایندەی سیاسی کوردستان بە ئاقارێکی تر ببات و بەریش بگرێت... لەوەی ١٦ ئابەکان، دوبارە ببنەوە.

# درێژەی....دەریای ئیجە ژیانی ژمارەیەک لە پەنابەری تری هەڵلوشی

گۆشەکانت، منالەکان و" پینج منالْ" و هاو ژینەکەت، لێ بفرێنێ و بەرەو مەرگ راپێچیان بکات... دڵ و ویژدانی چ ئینسانێک بەرگەی ئەو تراژیدیایە دەگرێت... مهاباد باسی ڕوداوەکە دەکات و دەڵێت" تەنها من هیلەکی مەتاتیم لەبەر بوو ئەوانی تر هێلەکیان پێ نەبوو، بۆیە تەنها من دەرچووم لەکۆی ٣٢ پەنابەر".

دەڵێت کاتێک یەختەکەمان لەکارکەوت ئیتر شەپۆلەکان غەرقیان کردین کورە گەورەکەی تا دوا جار دەستی گرتبوو تا نەخنکێت، بەڵام دواجار شەپۆلەکان ئەو کورەشیان لەدەستی رفاند. دەڵێت زۆرم بەهاوسەرەکەم وت دەستم بەرمەدە تا نەخنکێیت، بەڵام نەمانتوانی دەستی یەک بەرنەدەین دواجار ئەویش خنکا.

مهابات دەڵێت رۆژی ٤ی مانگ لەزاخۆوە بەرێ کەوتین بۆ تورکیاو لەوێ چووینە ئیزمیرو لە ناوچەی قەرەبورون سواری بەلەمێک بووین کە پێشتر ئێمە دوو قاجاخچی کورد بوون یەکێکیان خەڵکی سوریا بوو ئەوی تریشیان کوردی عێراق لەگەڵ قاچاخچیەکی عەرەب زمان کە عێراقی بوو .. دەڵێت کاتێک لەناو دەریاکەدا تەلەفۆنمان بۆ قاجاغچیەکە کرد هاوکارمان بێت کەچی تەلەفۆنەکەی داخستبوو هیچ کەس نەبوو فریامان بکەوێت دواجار هەموو پەنابەرەکانی نێو بەلەمەکە خنکان، تەنها خۆم دەربازم بوو، دوان لەو خانەوادەی لەگەڵم بوو ٨کەس بوون ئەوانیش سەرجەمیان خنکان ئەوانی دیکە لەگەڵمان بوون ئەفغانی خەڵکی عەرەب زمان بوون..



مهابات تەنها بەهێلەکەکەی کە لەبەری بوو رزگاری بووە دواتر لەناوچەی قەرەبوون لەدەرگای ماڵێک دەدات لێی ناکەنەوە، دواتر لەدەرگای ماڵێکی دیکە دەدات لێی دەکەنەوە. روداوەکە باس دەکات و دواتر لایەنە پەیوەندیدارەکان لەروداوەکە ئاگادار دەکەنەوە. مهابات ٢٦سەعات لەناو ئاودا ماوەتەوە دواجار بەهێلەکەکەی رزگار بووە ئێستا ئەو بەتەنها ماوە پێنج منالْ و هاوسەرەکەی لەدەستداوە تەنها تەرمی دوو منالی دۆزراونەتەوە.

**ئامادەکردنی رۆژ عەزیز**

# قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەستی




- بەرواری ٥ ئەم مانگە کچێکی مناڵ کار کە تەمەنی تەنها ١٣ ساڵ بوو، لە شارۆچکەی زەرایەنی ناوچەی شارەزوور، پەنای بۆ خۆکوژی بردووە، بۆئەو مەبەستە لە ڕێگای پەتەوە خۆی خنکاندووە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە...
- سەرلەبەیانی بەرواری ٦ ئۆکتۆبەر لە گەرەکی ئازادی شاری کۆیە پیاوێک ژنەکەی خۆی بەناوی" ش، ف، م" لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٨ کوشت... ئەو ژنە خاوەنی حەوت مناڵە... جێگای ئاماژەیە کە دواتر پیاوە بکوژەکە خۆیشی دەکوژێت...دەوترێت پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕووداوە کراوەتەوە..
- بەرواری ٦ ئۆکتۆبەر ژنێک بەناوی ئاڤان نەجمەدین کەخاوەنی چوار مناڵ لەشارۆچکەی فێتتۆنی بەریتانیا بەشێوەیەکی دڕندانە لەماڵەکەی خۆیدا بەچەقۆ کوژراوە... ٣ کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئەو ژنە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون...
- ٧ ئۆکتۆبەری ئەم مانگە دایک و مناڵێکی کورد لەماڵەکەی خۆیان هۆڵەندا، کوژران و هێشتا دیار نییە بکوژ کێیەو هۆکاری ئەو ڕووداوە چییە؟
- دوا نیوەڕۆی بەرواری ١١ی ئۆکتۆبەر لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بەئیدارەی ڕاپەڕین ژنێکی تەمەن ٤٨ ساڵ بەناوی" ش، ع"، لە ڕێگای پەتەوە خۆی هەڵواسیوەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە... ئەو ژنە خاوەنی مناڵێکە... دەوترێت ئەو ژنە نەخۆشی دەروونی هەبوو.









- ١٢ ئۆکتۆبەر، پیاوێکی تەمەن سەرو سی ساڵ لە شاری دهۆک، دوای ئەوەی لە ڕوداوێکدا پیاوێک دەکوژێت، هاوکات دەچێت بۆ شارۆچکەی ئامێدی و لەوێش ژنەکەی خۆی دەکوژێت و پاشان خۆ ڕادەستی پۆلیس دەکات... دەوترێت پەراو بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە..
- ١٣ ئۆکتۆبەر ژنێک بەناوی" ا،ب،س" تەمەن ٢٤ ساڵ، لە سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵ دەکوژرێت و پاشان تەرمەکەی فڕێدەدرێت... دواتر دەگوازرێتەوە بۆ خەستەخانەی چەمچەماڵ... تا ئێستا بکوژی ژنەکە دیار نییە، دەوترێت پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکە کراوەتەوە.

جێگای باسە... لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقیش بەتایبەتیش بەغداو بەسرە... هەرەشەی کوشتن، لە ژمارەیەک ژن کراوە، کە کاری مۆدێل و جوانکاری دەکەن، یان هەڵسوراو چالاکوانی مەدەنین لەچوارچێوەی ئەو شالاوەشدا بۆ سەر ژنان، ژمارەیەک لە و ژنانە کوژراون لەوانە... تارا فارس، ڕەشا حەسەن، ڕەفیقە یاسری، کە لەبواری مۆدێل و جوانکاریدا کاریان دەکردو سوعاد ئەلعلی سەرۆکی ڕێکخراوی ودی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەشاری بەسرە کوژرا... هەروەها ژمارەیەکیش زۆریش یان هەڵهاتوون و عێراقیان جێ هێشتووە، یان خۆیان حەشار داوە... ئەم سێلاوی ژن کوشتنەی شارەکانی عێراق، لە هێرشێکی ڕێکخراو بەنەخشەی تاقمە میلیشیا کۆنەپەرستە تایفییەکان دەچێت...

# سزای سیاسی... دەقی نامەی ناڕەزایەتی ژمارەیەک هەڵسوڕاوی حزبی گۆڕان... بۆ جڤاتی نیشتیمانی

بەڕێز/ جڤاتی نیشتمانی
بابەت/ سزای سیاسی

ڕۆژی ٢٠١٨/١٠/١٠، پاش نیوەڕۆ، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەڕێز عەبدوڵای مەلا نوری ئاگادار کراوەتەوە، کە بە فەرمانی بەڕێز ڕێکخەری گشتی دەبێت کلیلی ژوری سکرتاریەتی جڤاتی نیشتمانی ڕادەستی ئیدارەی مەکۆی سەرەکی بکاتەوە، هەمان ڕۆژ کێلۆنی دەرگای سکرتاریەتی جڤاتی نیشتمانیان گۆڕیوە.

بۆ بەدواداچونی ئەو کێشەیە ٢٠١٨/١٠/١١ بەڕێزان (د.ئەمین بەکر، د.شێرکۆ حەمەئەمین، ڕەوەز هەڵکەوت) سەردانی ڕێکخەری گشتیان کرد، لە وڵامی خستنەڕوی کێشەکەدا بەڕێز کاک عومەر ئاماژەی بەوە داوە؛ "کە لەو ژورەدا کەسانێک خەریکی کۆبونەوەو لۆبیکردنن بۆ بیروڕای جیاوازی خۆیان"، دیارە لە قسەکانیدا مەبەستی کۆبونەوەی ئێمە بووە، کە لە ماوەی ڕابردودا بە ڕاوێژو پێکەوەیی لە گەڵ هەڵسوڕاوان و ڕۆشنبیران پرۆژەیەکمان بە ناوی (هەستانەوەی گۆڕان) وە، بە مەبەستی بەهێزکردن و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە گۆڕاندا ئامادە کردو، بە شێوەیەکی ئسوڵی خستمانە بەردەم ڕێکخەرو خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی گشتی و جڤاتی نیشتمانی.

هەر لە میانی قسەکانیدا کاک عومەر ئەوەشی ئاشکرا کردووە ئیدی نابێت (عەبدوڵای مەلا نوری) لە ژوری سکرتاریەتی جڤات دەوام بکات. ئەم هەڵوێستەی بەڕێز ڕێکخەری گشتی لە کاتێکدا بووە چەند کاتژمێرێک پێشتر لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا چاوپێکەوتنێکی کاک عەبدوڵا بڵاو بوتەوە کە تێیدا بە ڕاشکاوی باسی کێشەکانی گۆڕانی کردووەو داوای چاکسازی دەکات.

ئەم هەنگاوانە لەکاتێکدا هەر لەسەرەتای پێشکەشکردنی پرۆژەکەوە چەندین ئاستەنگمان بۆ دروستکراو، لە لایەن ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیەوە بە مەبەستی دەستبەرداربونمان لە پرۆژەکە، نامەی پڕ تومەت و هەڕەشەمان بۆ نێردرا، ئەو کات لەبەردۆخی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێ دەنگیمان لێ کرد.

بۆیە؛ لە ڕێگەی ئەم نوسراوەوە بەڕێز جڤاتی نیشتمانی وەک بەرزترین ئۆرگانی باڵای بڕیاردان، لە مەترسی ئەو بڕیارو هەنگاوانە ئاگاداردەکەینەوە، پێمانوایە ئەمە پاشەکشەیەکی ئێجگار مەترسیدارە بە ئاڕاستەی سەرکوتکردنی هەمو دەنگێکی ڕەخنەگرو ناڕازی لە نێو گۆڕانداو، بە هەمو پێوەرێک پاکتاوکردنی سیاسیەو، داماڵینی گۆڕانە لە پرەنسیپی قبوڵکردنی جیاوازی.

بۆیە داواتان لێ دەکەین: سنورێک بۆ ئەم ڕێکاریە مەترسیدارانە دابنێن، کە بزوتنەوەکەمان بەرەو حیزبێکی داخراو دەبات و هەمو هەوڵێکی چاکسازی پەکدەخات، بە چارسەرنەکردنی ئەو دۆخە هەڵوێستی ترمان دەبێت.

لە کۆتاییدا جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە، بە پشتیوانی خەمخۆرانی گۆڕان هەوڵەکان بۆ سەرخستنی پرۆژەی هەستانەوەو گۆڕانکاری ڕیشەیی لە گۆڕاندا بەردەوام دەبن.

لە گەڵ ڕێزدا ...

٢٠١٨/١٠/١١

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئەمین بەکر | د. شێرکۆ حەمەئەمین | د. ئومێد حەمە علی | کاوە محەمەد |
| د. چیا عەباس | د. غالب محەمەد | ڕەوەز هەڵکەوت | د. ئیسماعیل نامیق |

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتووییتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندوتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردەوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com ماڵپەری بۆپێشەوە
www.bopehsawa.net

# سزای لە سێدارەدان ( ئیعدام)

## نوسینی :کارل مارکس

### وەرگێرانی : سەردار عەبدولّا حەمە



**ئەم وتارەی خوارەوە لەلایەن کارل مارکس وە لە ١٨٥٣/١/٢٨نوسراوە لە ١٧ و ١٨ ی مانگی شوباتدا لە "ڕۆژنامەی نیۆیۆرک دەیلی تریبوون " چاپ کراوە.**

## سزای لە سێدارەدان

ڕۆژنامەی "تایمز" لە ٢٥ /١ دا لە بارەی لە سێدارەدانی کەسەکاندا چەند تێبینیەکی داوە:

"زۆرترین قسە لە ئێستادا لەسەر سێدارەدانە لەم ولاتەی ئێمەدا بە شێوەکی گشتی، بەلّام ئێمە شاهیدی ئەوەین لەسێدارەدان بە ڕێگای هەلّواسین بە داردا ، خۆکوشتن، یا مردنی ڕێکەوتی، درێژەی هەیەو بەردەوامە، ئەنجامی ئەوەی تاوانبارێکی ناسراو کە لە سێدارە دەدرێ کاریگەری دەخاتە سەر کەسانێک کەنەخۆشی دەروونیان هەیە، یا کەسانێ کە عەقلیان نوقسانە"

لەم ڕووەوە ئەم ڕۆژنامەیە چەند نموونەیەک باس دەکا یەکێ لەوانە باسی شێتێک دەکا لە "شیفێلد" لەگەلّ شێتەکانی دەوروبەری خۆی باسی لە سێدارەدانی کەسێکی پیری کردووە بە ناوی "باربور"ی کە ئەو خۆی هەلّواسیوە بەداردا. وە ئەم ڕۆژنامەیە نمونەیەکی تر باس دەکا کە مێرد مندالّیکی ١٤ سالّ خۆی لە سێدارە داوە.

لە واقعدا باسکردنی ئەم نمونانە لەلایەن ئەم ڕۆژنامەیەوە بەم شێوەیە لە خزمەتی ئەو بڕیارەیە کە خۆی داویەتی ، بەلّام جێ باوەڕی هیچ کەسێکی هۆشیار نابێ، ئەمانە لە ڕووی ئسولّیەوە هیچ شتێک نین جگە لە ستایشکردن و وەسفی جەلادەکان و قایل بوونی ڕاستەوخۆی ئەوانە بە جێگای خودا لەم نێوەدا. لێرەدا سزای سێدارەدان "بە دوا چارەسەری کۆمەلّگە دائەنێت". ئەم ڕۆژنامەیەی کە خۆی بە لە "سەرووی ڕۆژنامەکان" ناو دەبات پیرۆزکردنی ئەم سزایە بە ئەرکی خۆی دەزانێ ئەمە ئەو ئامانجەیە کە ئەم ڕۆژنامەیە لە وتارەکەیدا بەیانی کردوووە.

ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی "مۆرنینگ ئەدڤایستەر" کە ڕەخنە لە "تایمز" دەگرێ لە بواری لە سێدارەداندا وە تایمز بە لایەنگری لە سێدارەدان ناو دەبات ئاماریکی سەرنج ڕاکیشی داوە لەسەر لەسێدارەدان لە ماوەی ٤٣ ڕۆژدا لە سالّی ١٨٤٩دا کە بەم شێوەیە :

ناو و بەرواری لە سێدارە دراوەکان:

میلان ٢٠ی مارس

پولی ٢٦ی مارس

سمێث ٢٧ ی مارس

هۆو ٣١ ی مارلندیک

لندیک ٩ ی نیسان

سارا تامس ١٣ ی نیسان

جەی . گریفیت ١٨ ی نیسان

جەی. ڕاش ٢١نیسان

کوشتن وخۆ کوژیەکان

هانا ساندلس ٢٢ ی مارس

ا.م.ج نیوتن ٢٢ی مارس

ج.ک کلیسون ٢٧ ی مارس

(٤دۆسیەی کوشتن لە لیڤەرپول)

کوشتن خۆ کوژی لە لیسستر ٢ی نیسان

کوشتن بە هۆی ژەهراوی بوون لە گەرماو (حەمام) ٧ی نیسا

٨ی نیسان دەبل یۆ بیلی

جەی. وارد دایکی کوشتوە ١٣ ی نیسان

یاردلی ١٤ ی نیسان

داکسی دایک وباوکی خۆی کوشتوە ١٤ی نیسان

١٧ ی نیسان جەی بیلی خۆی ٢ مندالی خۆی کوشتوە

چارلز ئورتن ١٨ ی

دنیل هولمزدن ٢ی ئایار

بەم شێوەیە" تایمز "یش کە خۆشی ڕای لەسەر ئەم خشتەیە. ئەم خشتەیە ئەوە نیشان ئەدا نەک تەنها خۆ کوشتنەکان، بەلّکو ئەوانی تریش لەجۆری وەحشیانە ترینی کوشتنەکانن بە تایبەتی لە سێدارەدانی تاوانباران، جێی سەرسورمانە کە ئەو وتارە ی تایمز جگە لەوەی کە دەیەوێ تیۆریەکی وەحشیانە بۆ ئەمە دارێژی هیچ بەلّگەیەکی سادە نادا بە دەستەوە بۆ بەمەدەنی بوونی ئەم کۆمەلّگەیە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هیچ بنەمایەک بۆ ئەو عەدالەتە دابنێ کە خۆی بانگەوازی بۆ دەکا لەم ڕێگاوە واتە لەڕێگای لە سێدارەدانەوە. سزاکان بەوە پێناسەکراون کە بۆ ترساندن و چاکسازی کەسانی ترە، بەلّام تۆ ئەو مافەچۆن بە خۆت دەدەی کە بۆ ترساندن و چاککردنی کەسانی تر من تەمێ بکەی. مێژوو نیشانیداوە بە پێی باشترینی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدایە ئەوە سەلمێنراوە لە سەردەمی "قابیل"ەوە تا ئێستا دونیا لە ڕێگای سزادانەوە نەترسێنراوە و نە چاکیش بووە، بەلّکو بە پێچەوانەوە بووە.

لە گۆشە نیگای "تاکی دابڕێنراو"ەوە یەک تیئۆری سزادان هەیە ئەوەش تیئوریەکەی "کانت"ە کە مافی تاک دادەبڕێ لە کۆمەلّگە وە زۆر گرنگی پێ دەدا، ئەویش فۆرمۆلّبەندیەکەی لە هیگلّەوە وەرگرتوە ، هیگلّ دەلّێت :"سزادان مافی تاوانبارە، ئەم کاردانەوەیە لە ئیرادەی خودی تاوانبارەکەوە هاتووە. تاوانبار بە پێشێلکردنی ماف ئەو مافە بەخۆی دەدات. تاوانەکەی ئەو نەفیکردنەوەی مافە، سزادانیش نەفیکردنەوەی ئەو نەفیەی ئەوە، وە پشتیوانیکردنی تاوانبار لە مافێکە کە خۆی بڕیاری لەسەر داوە، وە بەسەریدا سەپێنراوە"( هیگل – فەلسەفەی هەق).

بێگومان لەم فۆرمەلّبەندیەدا سەرلێشێوایەک دەبینرێ. هیگلّ لە جیاتی ئەوەی کە تاوانبار وەک یەک (بکەری ناو هەلومەرجێک) و کۆیلەی دادگا ببینێ، ئەو بەکەسێکی سەربەخۆو دوور لەکۆمەلّگەی دەبینێ وە دەلّێت ئەو چارەنوسی خۆی بە دەست خۆیەتی. بە ڕۆشنتر بلّێین ئەوە ئایدیالیزمی (میثالی) ئەلّمانیە بەم نموونەیە وەک نمونەکانی تر ڕەهایی دەبەخشێ بە یاسا خوێناویە باوەکانی سەر کۆمەلّگە کە ئەویش لە ڕەهایی بوونی دەرەوەی سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا ئەمە بێ دەربەستی نییە لە جیاتی دۆزینەوەی هاندانە واقعیەکانی کەسەکە دیاری بکەی و لەجیاتی ئەوەی بییێت کە ئەو فشارە بدۆزیتەوە کە لەسەر کەسەکە پەیدا بووە بەهۆی جۆراوجۆری هەلومەرجی کۆمەلّایەتی داسەپێنراوکەچی دێیت کەسەکە دائەبڕی لەم هەلومەرجە تەنها خۆی دەبینی وەک کەسێکی سەربەخۆ و دابڕاو سەیری دەکەیت و بێیت لەجیاتی خودی کەسەکە کە سیفاتی جۆراوجۆری هەیە یەک سیفەتی بۆ دیاری بکەی وەهەر خۆتیش بڕیاری لەسەر بدەی! ئەم تیئۆریە کە دەلّێ سزاکەی لەسەر ئیرادەی خۆیەتی، ئەم سزایە جگە لە ڕاگەیاندنی هاوشێوەکردنی میتافیزیکیانەی "یاسای تۆلّە بە تۆلّە" کۆنەکەیە واتە دەبێ (ئەو سزایە یەکسان بێ بەو تاوانەی کە تاوانبار ئەنجامی دەدات) (چاو بەرانبەر چاو، وددان بەرانبەر ددان، خوێن بەرانبەر خوێن) شتێکی جیاواز تر نییە. ڕاست وڕەوان ئەم سزایە شتێک نییە جگە لەوەی وەک هۆیەک بەکار دەهێنرێت بۆ دارمانی کۆمەلّگە بەرەو بارودۆخێکی دواکەوتوانە ئەمە چ کۆمەلّگەیەکە جگە لە جەلاد هۆیەکی باشتری نەبێ بۆ بەرگری لەخۆی، کە ئەم ڕۆژنامەیە بۆی دیاری کردووە، بە پشتیوانی خۆی لەم سزا وەحشی گەریە دەیەوێ ئەم هەلومەرجە بۆ هەتا هەتایە ڕاگرێ.

بەریز آ . کتلە لە یەکێلە چاپکراوە بە ناوبانگەکانیدا دەلّێت:

"ئێمە دەبینین بودجەیەکی زەبەلاح بۆ زیندانەکان، گرتووخانە نهێنیەکان، بنکەکانی لە سێدارەدان دائەنرێ، لە کاتیکا دەتوانین بە هەمان شێوە کە پێشبینی لە دایکابووان بکەین، ڕەئی بدەین لەسەرئەوەی کە چەندە کەس دەستی لە کوشتندا هەیە، چەندە کەسی بکوژی ژەهراوی هەیە، وە چەندە دەچنە زیندانەوە"

بەڕێز کوتلە لەئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکان لەسالّی ١٨٢٩ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشبینیەکانی بەدی هاتوون کە بەچاپ کراوی ڕایگەیاندووە نەک تەنها بە ژمارە، بەلّکو تاوانە جۆراوجۆرەکانیشی دیاریکردووە لە فەرەنسا لە سالّی ١٨٣٠دا ، ئەم کارەی ئەو نەک لەسەر بنەمای دەزگای سیاسیەکانی یەک ولّات، بەلّکو لەسەر بنەمای تەواوی ئەو هەلومەرجەیە کە کۆمەلّگەیەکی مۆدیرنی بۆرژوازی هێناویەتی لەگەلّ خۆی کە دیارە ئەنجامدانی تاوان خۆی بەشێکە لەم هەلومەرجە لە کۆمەلّگەیەکی دیاریکراودا. لەم خشتەیەی ئەودا کە بۆ سالّی ٢٤-١٨٢٢ ئامادە کراوە دەتوانین ئاگادار بین تاوانباران چەندن وکام تەمەنن بەپێی ژمارە ١٠٠ لە فەرنساو لە ئەمەریکا:

| تەمەن | فیلادلفیا | فەرەنسا |
|---|---|---|
| خوار ٢١ سال | ١٩ | ١٩ |
| ٢١ تا ٣٠ سالّ | ٤٤ | ٣٥ |
| ٣٠ تا ٤٠ سال | ٢٣ | ٢٣ |
| سەروی ٤٠سال | ١٤ | ٢٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەم خشتەیە تاوانەکان بەشێوەیەکی زیاد بەرچاو دەکەون، چەندە لەوانە و چ جۆرێکیان لە دیاردەیەکی ماددیەوە هاتوون ودووبارە دەبنەوە. لێرەدا بەڕیز کوتلە دەلّێ: ئاسان نییە بتوانین بە وردی دیاری بکەین چەندە لەم تاوانانە (هۆکاری دونیای مادیین یا سیستەمی کۆمەلّایەتین) ئەمە زۆر گرنگ نییە ئەوە دەزانین کە ئەم سیستەمە چەندە کاریگەری هەیە لەسەرئەو تاوانانە ودووبارەکردنەوەیان بە شێوەیەکی بەردەوام. بۆیە دەبێ لە جیاتی ستایشکردنی جەلاد و ئەوانەی کەسەکان لە سێدارە دەدەن (مەبەست دەولّەتی بورژوازیە _ وەرگێر)کە هەرخۆیان هۆن بۆ دروستکردنی تاوان وتاوانباران تاوانیش هەر دووبارە دەبێتەوە بەهۆی ئەمانەوە، دەبێ زۆر بە توندی خوازیاری ڕووخان و لەناوبردنی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە بین کە تاوان بەرهەم دەهێنێ و سەرچاوەی تاوانەکانە لە کۆمەلّگەدا .

تێبینی وەرگێڕ:

١- گرنگی وەرگێڕانی ئەم بابەتە بۆ زمانی کوردی لەوەدایە کە بۆرژوازی لەڕاگەیاندنی حیزبەکانیەوە یا لەروانگەی تیۆریسینەکانیەوە یا لەڕێگای ڕۆشنبیرەکانیەوە ڕۆژانە پروپاگەندە لەدژی کۆمۆنیزم دەکەن، کومۆنیزم بە لایەنگری مرۆڤ کوشتن ناو دەبەن لەکاتێکا پێچەوانەکەی ڕاستە، کۆمۆنیستەکان ئەگەر دەسەلّات بە دەستەوە بگرن کوشتنی ئینسانەکان ڕادەگرن، یەکەم کاریان ئەوەیە سزای لە سێدارەدان (ئیعدام) هەلّدەوەشێننەوە، بۆیە ئەم وتارەی مارکس وەک وەلّامێکە بۆ ئەو پروپاگەندانە.

٢- ئەم بابەتەم لە زمانی فارسیەوە وەرگێڕاوە لە دوو وەرگێڕان سوودم وەرگرتووە :

آ- وەرگێڕانی اشرف دهقانی ئەمە لینکەکەیەتی http://universaltolerance.org/component/k2/

ب- وەرگێڕانی -خاور ئەمە لینکەکەیەتی http://www.negah1.com/clasic/marx9.htm

# یاداشتەکانی گۆرکی دەربارەی ڤلادیمیر ئیلیچ لینین

## سالار حمە سەعید

گۆرکی لەدرێژەی یاداشتەکانی سەبارەت بە لینین دەڵێ: ڕاوبۆچوونی خۆم دەربارەی دروستکردنی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی (دارالنشر)ی نوێ خستە بەردەم لینین و پێشنیارم کرد کە ڤلادیمیر ئیلیچ لینین و ڤۆردڤسکی و کەسێکی تر ببنە دەستەی نووسەرانی ئەودەزگایە لەدەرەوەی وڵات و دیزنسکی سترۆیڤ لەروسیا نوێنەرایەتی بکات. من لەو باوەڕەدابووم کە نووسینی زنجیرەیەک لە کتێب سەبارەت بە مێژووی ئەدەبیاتی روسیا و رۆژئاوا پێویست بێت. هەروەها کتێب لەسەر مێژووی کلتوور و فەرهەنگ کە سامان و مەتریاڵێکی ڕاستەقینە بۆ کرێکاران دابیندەکات بۆ پرۆپاگەندە و پەروەردە و هۆشیارکردن، بەڵام لینین ئەم پلانەی ڕەتکردەوە و لەبەر سانسۆر و دژواری ڕێکخستنی خەڵک هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی ئەو کارانەیان دەکرد سەرگەرمی کارکردن بوون لە کاری حزبیدا و کاتی نووسینیان نەبوو. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو زیاتر ئەوە بوو کە لینین دەیگووت "ئێستا کاتی گونجاو نییە بۆ نووسینی کتێبی زل و قەبە، کڕیاری ئەو کتێبە زل و قەبانە ڕۆشنبیرانن کە لە سۆشیالیزم پاشەکشە دەکەن و بەرەو لیبرالیزم دەچن، ئێمە ناتوانین لە هەڵبژاردەی خۆیان تەکانیان پێ بدەین" . ئەوەی ئێمە پێویستمان پێی بوو ڕۆژنامە و نامیلکە بوو، بەڵام بۆ ئەم مەبەستەش دەبوا سەدان هەزار نوسخە چاپ بکرێ بۆ خەڵک و کێشەی سەرەکی لێرەدا گواستنەوەیان بوو بۆناو روسیا. لەبەرئەوە دامەزراندنی وەها دەزگایەکی چاپەمەنی دواخرا بۆ کاتێکی باشتر.

لینین دوابەدوای ئەمە کۆمەڵێک باسی هێنایە پێشەوە کە شەڕ نزیکە، تەنها یەک شەڕ نا بەڵکو زنجیرەیەک شەڕ، ئەمە هەر زوو لەناوچەکانی بەڵقان روویدا و هاتەدی. لەکاتێکدا بەخێرایی هەنگاوی دەنا لە ژوورە بچووکەکەدا و چاوەکانی لەنێو پێڵوە تەنگ و تەسکەکانی دەدرەوشانەوە و دەیگووت:

" شەڕ بەڕێوەیە، ئەمە حەتمی یە، جیهانی سەرمایە گەیشتۆتە بارو ڕەوشێکی داخوراو و چرووک و داڕزیو و ژەهری شۆڤێنیزم و نەتەوەپەرستی کاریگەری خۆی داناوە لەسەرخەڵک. ئێمە ڕووبەڕووی شەڕێکی تەواو سەراسەری ئەورووپی دەبینەوە، پرۆلیتاریا، لەوباوەڕەدام پرۆلیتاریا زەحمەتە ئەو هێزو توانایەی هەبێ کە بتوانێ ڕێگری بکات لە خوێن ڕێژی. ئەی چی دەبێ بکرێ؟ لەڕێگەی مانگرتنی سەراسەرییەوە لە تەواوی ئەورووپا؟ کرێکاران نە بەئەندازەیەکی باش ڕێکخراون بۆ ئەم کارە وە نە هۆشیاری چینایەتی باشیان هەیە. وەها مانگرتنێک دەبێتە سەرەتای جەنگێکی ناوخۆیی و ئێمەش وەک سیاسەتمەدارێکی واقیعی ناتوانین پشت بەمە ببەستین. بێگومان پرۆلیتاریا لە ئاکامی ئەمەدا دووچاری ڕەنج و مەینەتیەکی ئێجگار زۆر دەبێ. بەداخەوە ئەمە چارەنووسەکەی دەبێ لەئێستادا. بەڵام دوژمنانی ( پرۆلیتاریا ) هەریەکەیان ئەوی تریان لاوازدەکا، ئەمەش حەتمی یە".

هاتە لامەوە و وتی: " تەنها بیر لەمە بکەرەوە"، ئەمەی لەکەش و هەوایەکی سەرسوڕمان و ئارامدا گووت. بەڵام زۆر بە تین و هێزەوە وتی: "بیر لەوە بکەرەوە، بۆچی چاوتێرەکان، برسییەکان پاڵ پێوەدەنێن کە یەکتر سەرببڕن؟". بەردەوام بوو و وتی: " ئایا دەتوانی بیر لەتاوانێک بکەیتەوە لەوە گەوجانەتر و قێزەونتر بێت؟" " بە قیمەتێکی گران تەواو دەبێ بۆ کرێکاران، بەڵام لەکۆتاییدا ئەوان (کرێکاران) سەردەکەون، ئیرادەی مێژوو وەهایە".

ئەگەرچی زۆرجار باسی لەمێژوو دەکرد، بەڵام هەرگیز لێم نەبیست کە ئاماژە بدا بەوەی کە وەک بتێک ملی دابێ بە ئیرادەو هێز و دەسەڵاتی (مێژوو). دیاربوو کە حەماس و خرۆشێکی زۆری هەبوو. لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو و نێوچەوانی دەسڕی و قومی دەدا لە چایە ساردەکەی، لەناکاو دەنگی لێ بەرزبۆوە و گووتی: " بەڕاست بۆچی ئەو هەموو هەراو هۆریایەیان نایەوە دەربارەی تۆ لە ئەمریکا؟ لە ڕۆژنامەکان خوێندمەوە، بەڵام بەڕاستی چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟ منیش کورتەیەکی سەرگوزەشتەی خۆم بۆ گێڕایەوە. دوای ئەمە دەستی دایە قاقا و پێکەنین و هەرگیز کەسم نەبینیوە ئاوا بە شێوەیەکی ئاوا واگیر وەک ڤلادیمیر ئیلیچ پێ بکەنێ. بەڕاستی سەیر بوو.

سەیر بوو کەسێک وەک لینین کە زۆر بە ڕۆشنی، حەتمیەتی کارەساتە کۆمەڵایەتیە گەورەکانی دەبینی و هەستی پێدەکرد، ئاوا سەرسەخت و سوور لەڕق و کینەی بەرامبەر جیهانی سەرمایەداری، بتوانێ ئاوا پی بکەنێ، پێکەنینێکی پڕ لەشادی منالانە تا ئەو ڕادەیەی کە فرمێسک لە چاوەکانی بدرەوشێتەوە. دەبێ پیاوێکی چەند بەهێز و تەندروست بێ و گیانێکی چەند توند و تۆڵی هەبێ کە ئاوەها پێدەکەنێ. لە کەلێنێکی نێو پێکەنین و بزەو خەندەکانەوە گووتی: تۆ کەسێکی قۆشمەو قسەخۆشی، وانییە؟ پچڕ پچڕ قاقای لێدەدا و خەریکی سڕینەوەی چاوەکانی بوو و بەنەرمی زەردەیەکی کرد و گووتی: " شتێکی باشە کە لایەنی خەندەداری شکستەکانت دەبینی. قۆشمەیی وقسەخۆشی شتێکی زۆر نایاب و تەندروستە. زۆر پێزانینم هەیە بۆ قۆشمەیی وقسەخۆشی ئەگەرچی خۆم بەهرەو تواناکەیم نییە. لەوانەیە بەو ئەندازەیەی کە قۆشمەیی و خۆشی هەیە لەژیاندا ناخۆشی و پەژارە هەبێت، نەک کەمتر. دڵنیام ". قەرار بوو پاش دوو ڕۆژی تر بیبینمەوە، بەڵام بەهۆی جەڵدەی خوێنەوە کە تووشی بووم ناچار بووم ڕۆژی دواتر شار بەجێبهێڵم.

من گووتم بۆگدانۆڤ و لۆناکارسکی و بازارۆڤ کەسایەتی گەورەن، بەڕای من ئەم کەسانە زۆر پڕ زانیاری و زانست و پەروەردەن. من هاوتای ئەوانەم نەبینیوە لە حزبدا. بەڵام لینین لەوەڵامدا وتی: "دەگونجێ وابێت، بەڵام لەمە چی دەردەکێشرێت؟ ".

هەروەها وتی " لە کۆتا شیکردنەوەدا ئەم کەسانە بە کەسانێک دەناسم کە هەمان ئامانجیان هەیە، وە هەمان ئامانجی دڵسۆزانەیان قبووڵکردوە، وە دەبێ جیاوازیە فەلسەفیەکان لەناوبەرن". " کە مانای ئەوەیە کە هێشتا ئومێدت هەیە بە سازان و سازگاری؟ ئەمە کارێکی بێهودەیە!". هەروەها وتی" ئەم ئومێدە وەدەرنێ، ئەمە ئامۆژگاریەکی هاوڕێیانەی منە بۆ تۆ، هەروەها پلیخانۆڤ یش کەسێکە هەمان ئامانجی هەیە لەڕوانگەی تۆوە، بەڵام من دەڵێم ئەو پێکەوە بەدوای ئامانجێکی ترەوەیە سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییەی کە ئەو کەسێکی ماتریالیستە و میتافیزیست نییە' '. لێرەدا گفتوگۆکەمان کۆتایی پێهات. ئێستا لینین زۆر بەتین تر و بەگوڕ تر لەوکاتەی کۆنگرەی لەندەن. لەوێ نیگەرانی هەبوو، هەندێ ساتە وەختی واهەبوو کە زۆر بەڕوونی دەرکی پێدەکرا کە جیابوونەوە و لەت بوونی حزب بە قووڵی کاریگەری لەسەر دانابوو.

لینین بەردەوام بوو لە گفتووگۆکەی و وتی: " شوپنهاور دەڵێ: ' ئەوکەسەی بەڕۆشنی بیردەکاتەوە، بە ڕۆشنی یش ڕووندەکاتەوە و شیدەکاتەوە' '. ئەمە بەڕای من باشترین شتێک بووە کە ئەو وتوویەتی. بەڵام تۆ، هاوڕێ بۆگدانۆڤ، شتەکان بە ناڕۆشنی ڕوون و شیدەکەیتەوە. پێم بڵێ، بە دوو یا سێ ڕستە، " جێگرەوە یا جێنشین "ەکەی تۆ چی پێشکەش دەکات بە چینی کرێکار و بۆچی ماکسیزم (دەگەڕێتەوە بۆ ئێرنست ماکس ی فەیلەسوف و فیزیکناس) ئایا شۆڕشگێرانەترە لە مارکسیزم؟ ".

بۆگدانۆڤ هەوڵیدەدا ڕوونیکاتەوە، بەڵام قسەوباسەکانی پڕ لە واژە و وشەی تەماوی بوون. پاش ئەم قسەوباسانە یاریەکی شەترەنجی لەگەڵ پۆگدانۆڤ دا کرد.

ئێوارەیەکیان کە هەموو چووبوونە دەرەوە بۆ پیاسەکردن بە نائومێدی و داخێکی زۆرەوە بە من و " ئەندرێڤا " ی وت: " ئەمانە کەسانێکی بەهۆش و زیرەکن، کاری زۆریان بۆ حزب کردووە دەیانتوانی ١٠ بەرامبەر زیاتریش کاربکەن بۆ حزب، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا نایەن! ناتوانن. دەیان و سەدانی وەک ئەوان تێکشکاون و ئیفلیج بوون لەلایەن ئەم سیستەمە تاوانکارەوە".

لە "کەپری" کە دوورگەیەکە لە ئیتالیا، لینین زۆر بە وردی دەیپرسیەوە لە ژیان و گوزەرانی ماسیگرەکان لەوێ، دەیویست بزانێ کە هەقدەستەکانیان چەندە و تاچ ڕادەیەک لەژێر ڕکێف و کاریگەری قەشەکاندان، پرسیاری دەکرد سەبارەت بەو قوتابخانانەی کە منالەکانیان بۆی دەچوون. من واقم وڕمابوو لە مەوداو ئەندازەی مەیل و ئارەزوو و دڵ بەستەگی ئەو بە ماسیگرەکان و ژیانیان. پێی وترا کە یەکێک لەقەشەکان کوڕی هەژارترین جوتیارە لەوێ، یەکسەر ئەو پرسیارە هات بە مێشکی دا کە ئایا هەر چەند جارێ جوتیارەکان منالەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانە ئایینیەکان وە ئایا دەگەڕێنەوە وەک قەشە کاردەکەن لە گوندەکانیاندا. لنین خاسیەتێکی موگناتیسی هەبوو کە دڵ و سۆز و خۆشەویستی کرێکارانی بەدەست دێنا. منال



ئاسایەک سادە و بێخەوش پێدەکەنی، قاقای لێدەدا و پێدەکەنی لەگەڵ ماسیگرەکانی " کەپری " کە وەک منال سادە و بێخەوش بوو کە سەرنجی ئەوانی ڕاکێشابوو ئەگەرچی زمانی ئیتالیشی نەدەزانی، پیرە ماسیگرێک کە ناوی " گیۆڤانی سپادارۆ " بوو لە بارەی لینینەوە گووتی: " تەنها مرۆڤی ڕاستگۆ دەتوانێ ئاوا پێبکەنێ"

لە برسیەتیەکەی ساڵە سەختەکەی ١٩١٩دا لینین هەستی بەشەرم دەکرد کە ئەونانە بخوات کەبۆی دەنێردرا لەلایەن هاوڕێ و سەرباز و جوتیارەکانەوە لە پارێزگاکانەوە. کاتێ بەستە و پاکەتەکان دەگەیشتنە شوقە سادە و بێ ئارایشەکەی یەکسەر، کەرە و شەکر و ئاردەکەی دابەشدەکرد لە نێو هاوڕێکانیدا ئەوانەی کە نەخۆش بوون یا لاواز بوو بوون لەبەرکەم خۆراکی. ڕۆژێکیان دەعوەتی کردم بۆ خواردنی ئێوارە و وتی: " دەتوانم دەعوەتت بکەم بۆ خواردنی هەندێ ماسی دووکەڵ لێدراو کە لە – ئەستراخانەوە – بۆم هاتووە' '. ئەو پێی ناخۆش بوو کە ئەو خواردنانەی بۆ دەنێرن و وتی: " ئەوان بەردەوام شتم بۆ دەنێرن وەک ئەوەی من کوێخا و ئاغابم! بەڵام چۆن ئەمانە ڕەتکەمەوە؟ ئەگەر وەری نەگرم و رازی نەبم ئەوا هەستیان بریندار دەکەم. هەموو برسیە لە دەوروبەرمان". ئەم مرۆڤە لە بەیانیەوە تا شەو کاری دەکرد و ئاگای لە پێداویستی خۆی نەبوو، بەڵام چاوێکی تیژی هەبوو بۆ بینینی تەواوی پێداویستیەکانی هاوڕێکانی گەرچی سەخت سەرگەرمی کارکردن بوو ئەویش کاری سەخت و دژوار.

ڕۆژێکیان چووم بۆبینینی بەڵام بینیم سەرگەرمی نوسینە لەسەر مێزەکەی. پێی گووتم " مەرحەبا چۆنی؟" قەڵەمەکەی هەرگیز لە کاغەزەکە جیا نەبۆوە، ئینجا وتی" یەک دەقە (دەقیقە) تەواو ئەبم. هاوڕێیەک هەیە لە پارێزگاکان کە بێزار بووە دیارە هیلاک بووە. ئێمە دەبێ بیهێنینەوە سەرحاڵ، حاڵ ومەزاجی هاوڕێیەک شتێکی بێ بایەخ نییە!".

جارێکیان کە سەرم لێدا لە مۆسکۆ لێی پرسیم: " نانی ئێوارەت خواردووە؟ "

وتم: بەڵێ، وتی: "خۆ ئەمەت دروست نەکردوە؟ منیش وتم: شایەتم هەیە کە لە ژووری نانخواردنی کرێملن نانم خواردووە ". ئەویش وتی: " بیستوومە چێشتەکەیان خراپ و گەنیوە " من وتم: نەگەنیوە، بەڵام دەکرێ باشتر بێت".

# هەڵبژاردن شکستی خوارد، دوای ئەوە دەبێ چی بکەین!؟

نووسینی: نوری بەشیر



دوو هەفتە لەمەوبەر واتە ٣٠ی سێپتێمبەر، ڕۆژێکی گرنگ و هەنگاوێکی روو لەپێشی خەڵکی کوردستان بوو لەڕاستای بردنە پێشەوەی ئایندەی خۆیان بەرامبەر بەچینی بۆرژوازی و هەموو حزبە رەنگاو رەنگەکانی، توانیان وەک هێزو بەرەیەکی گەورە خۆیان نیشان بدەن و جەماوەری ناڕازی"نا" یەکی گەورە بنێ بەنێوچەوانی دەسەڵات و سەرتاپای سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتیەوە کەحزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی ٢٧ ساڵە بەڕێوەی دەبەن. دوو هەفتە لەمەوبەر بایکۆتی هەڵبژاردن ئەو هێزەی خەڵک بوو کە لەدەرگای گۆڕانکاریەکی گەورەی داوە و بەعەزمەوە چاوی بۆ ئایندەیەکی ئومێد بەخش بڕیوە، بەلام ئەم هەنگاوە و ئەم ئومێدە سەرەڕای کاریگەریەکەی هێشتا کافی نییە و دەبێ وەک سەرەتایەک لەراستای لێسەندنەوەی شەرعیەت لەحکومەت و پەرلەمان و مەوجودیەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەلایەن خەڵکی ناڕازیەوە سەرنج بدرێ و لێرەشەوە نەخشە و ئۆمیدێ هەنگاو هەڵهینانەوەی گەورەتری لەسەر هەڵبچنرێت. کەواتە گرنگی ئەم بایکۆت و بەشداری نەکردنەی خەڵک لەچیدایەو دەبێ هەنگاوەکانی دواتر چی بێت؟.

**یەکەم: واتای بایکۆتی جەماوەری لەچیدایە؟**

بایکۆتی هەڵبژاردن تەنها بەمانای بەگاڵتەجاڕگرتنی دەنگدان و دیموکراسی و خودی ئەو سیناریۆیە نییە کەناویان نا هەڵبژرادن، بەڵکو بەمانای مایەپوچ گرتنی هەموو حزبەکانی پەرلەمان و حکومەت و سیستەمێکە کە لە کوردستاندا کراوەتە ڕووپۆشێک بۆ دوو حزبی میلیشیاو بنەماڵە، بەمانای ڕیسوابوونی حزبە گەورەکانی دەسەڵاتداری دوو زۆنی زەرد و سەوز و هەموو ئەوانەشە کەناوی ئۆپۆزسیۆن و ناڕازیان لەخۆیان ناوە. بەواتایەکی تر ئەو ڕێژەیە لەبەشداری نەکردنی خەڵک و بایکۆتکردنی هەڵبژاردن شۆکێکی گەورە بوو بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکان و ریسوابوونی کارنامەی هەڵبژاردنیان.

بێگومان ڕووداو و هەقیقەتێکی ئاواش گشت سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و حزبەکانی سەر شانۆی سیاسی کوردستان دەخاتە نێو قەیرانێکی خنکێنەری سیاسیەوە، چونکە ئەمە بەمانای لەدەستدانی ڕازیبوون ومەقبولیەتی دەسەڵات و سیستەمی ئێستایە لەلایەن خەڵکەوەو وەلانانی بۆتە خاڵێکی مەرکەزی لەزهنی جەماوەرێکی ناڕازیدا. مێژووش نیشانی داوە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان لەهەر دەسەڵاتێکدا لەوێوە دەست پێدەکات کەسیستەم و حوکمەت لە هوشیاری و زهنی خەڵکدا جێگایەکی گشتیگرو "زۆربە" بگرێ. بەواتایەکی تر شۆڕشەکان، ڕاپەڕینەکان و هەستانی جەماوەری کاتێک مومکینە خەڵک لەخوارەوە نەیەوێ و رازی نەبێت بەدەسەڵاتی مەوجود و ئەمەش لەکردەی جەماوەریدا خۆی عەکس بکاتەوە، بایکۆت نیشانەی ئەم نەویستنەی دەسەڵاتە لەخوارەوەو عەکس کەرەوەی ئەم زهنیەتە گشتیگرەی جەماوەرە.

> **بایکۆت هەڵهێنانەوەی هەنگاوێک بوو لە پرۆسەی خەباتێکدا کەجەماوەری ناڕازی لە ١٧ی شوباتەوە بۆی هاتونەتە مەیدانەوە و هەرجارە بەجۆرێک و لەدەوری خواستێک و بۆ بابەتێک یەخەی دەسەڵات دەگرێ...**

**دووەم: بایکۆت سەرکەوت، بەڵام حزبەکانی کوردایەتی ماون!**

جەماوەری ناڕازی بایکۆتیان کرد و دەنگیان نەدا، بەم کارەشیان سەرکەوتنێکیان تومارکرد و سیناریۆ و سیاسەتێکی حزبە بۆرژوازیەکانیان ڕیسواکردو بەگاڵتەجاڕی گرتیان، بەڵام ئەمە تەنها شەقێک بوو لەم حزبانەو دەسەڵاتەکەیان، ئەمە تەنها سەنگەر گرتنێک بوو، بەڵام حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە شوێنی خۆیاندا ماون، هێشتا هەر بازاڕی تالاَنچێتی و قاچاغچێتی کردن بەدەرمان و وەگەڕخستنی کۆمپانایا و دزی و راو و روتیان هەر دەچەرخێ، هێشتا حکومت و دەزگای سەرکوتگەر و یاساو پەرلەمانیان بەسەر سەری خەڵکەوە سێبەری گرتووە، هێشتا هەر ئەم حزبانە و دەسەڵاتیان موقەدەرات و نانی خەڵکیان لەدەستایە و هێشتا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و کارو موچە دەبێ هەر یەخەی ئەوان بگیرێ، کەوایە هەروەک وتمان بایکۆت هەڵهێنانەوەی هەنگاوێک بوو لە پرۆسەی خەباتێکدا کەجەماوەری ناڕازی لە ١٧ی شوباتەوە بۆی هاتونەتە مەیدانەوە و هەرجارە بەجۆرێک و لەدەوری خواستێک و بۆ بابەتێک یەخەی دەسەڵات دەگرێ و شەقی خۆی دەهاوێت. بێگومان ئەم هەنگاوانە و سەنگەرگرتنەکانی لەگەڵ ئەوەدا نیشانەی بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەریە بۆ نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی، لەگەڵ ئەوەدا پایەی کۆمەلایەتی و هێزیکی گەوریە و لەناوەخنی خۆیدا خواستەکانی، ژنان و لاوان، کرێکاران و کارمەندان و هەموو بەشە مەحرومەکانی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە، بەڵام بەم حاڵەیەوە هێشتا نەبۆتە بزوتنەوەیەک بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە، هێشتا خواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵات ئاسۆ و پەرچەمی ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر نییە هەربۆیە هەر شەق هاویشتن و هەر سەنگەر گرتنیک بەتەنها ناتوانێ چارەنوسی دەسەڵاتی ئێستا یەکلابکاتەوە. بەواتایەکی تر کاتێک دەڵێین حزبەکان ماون، یانی هێشتا بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری نەیتوانیوە هاوکێشەی هێزی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی مەوجودا یەکلا بکاتەوە و چارەنوسی کۆمەڵگە لەلایەن خەڵک خۆیانەوە بەدەستەوە بگیرێ و جۆرێک لە دەسەڵاتدارێتی جەماوەری شوێنی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە. ئەمە ئەو خاڵەیە کەدەبێ جێگای سەرنجی هەڵسوڕاوان و رابەرانی بزوتنەوەی ناڕازی جەماوەری بێ.

> **دەبێ خەبات بۆ وەلانان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا وەک ئاسۆ و سیاسەتێکی شۆڕشگێرانە سایەو سێبەری ناڕەزایەتی گەورەو بچوکی جەماوەریمان بێت و تەواوی هێزی بۆ کۆبکرێتەوە.**

**کەواتە دەبی چی بکرێ و ڕێگا چارەی خەڵک چیە!**

ئاشکرایە کەرێگاچارەی حزبەکانی دەسەڵات بە پارتی و یەکێتی و ئۆپۆزسیۆنەوە بەدوای هەڵبژاردندا، هەر ئەوەیە کەپێکەوە پایەکانی دەسەڵات ڕابگرن و ئەم سیستەمە لەجەوهەردا بمێنێتەوە. ئەمە حزبانە بە هەموو خیلاف و گلەیی و گازندەو هەڵدانەوەی فایلی تیرۆر، گەندەڵکاری، تاکید کردنەوە لە ٣١ی ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ کۆنەپەرسترین حکومەتانی ناوچەکە و ئەمریکادا، لەبەرامبەر داواکاری و خواستەکانی خەڵکدا، یەک مەسەلەی هاوبەشیان هەیە ئەویش درێژەدانە بە دەسەڵات و پەرلەمانەکەیان، لەم ڕێگایەشەوە هەموویان نانی بڕاوی سەر سفرەی خاڵی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەخۆن، خۆیان لە جۆرەها حزبی کۆنەپەرستی قەومی و ئیسلامی بازرگانی و سەرمایەدارو کۆنەپەرستدا ڕێکخراو دەکەن، کۆمەڵگە بە حزبی دەکەن، لەپشتی پەردەو ژووره تاریکەکاندا ڕێدەکەون،... لەبەرامبەر ئەم راستیەدا یەکەمین کار کەدەبی خەڵکی ناڕازی بیگرێتە بەر جیاکردنەوەی ڕیزی خۆیان و خەباتەکەیانە لەم حزبانە و نابێ بە هیچکام لەو حزبانە فریو بخۆن و حساب بۆ بەڵین و سیاسەتەکانیان بکرێ. لەکەنار ئەمەشەوە دەبێ خەبات بۆ وەلانان و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا وەک ئاسۆ و سیاسەتێکی شۆڕشگێرانە سایەو سێبەری ناڕەزایەتی گەورەو بچوکی جەماوەریمان بێت و تەواوی هێزی بۆ کۆبکرێتەوە. هەر لێرەشەوە هەوڵدان بۆ خۆرێکخراوکردن لە شوراکان و کۆمیتە و ئەنجومەنەکانی شوێنی کارو ژیاندا وە هەڵبژاردنی نوێنەرانی جەماوەری لە گەڕەک و کارگەو زانکۆکان و هێندەش تەوازنی هێز ڕێگامان پێدەدات دەستبەرین بۆ کۆنترۆڵی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهاتەکان و سەرەنجام لێسەندنەوەی مەشروعیەتی دەسەڵات لەخوارەوە لەحزبەکانی ئێستا.. ئەتوانرێ هەنگاوگەلێک بن کە بەشوێن خۆیدا بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری شۆڕشگێرانە بۆ وەلانانی دەسەڵات پێ بنێتە مەیدانەوەو هەنگاو بەهەنگاو پێشڕەوی خەباتی ڕۆژانەی خەڵکی ناڕازی بەرەوپێشەوە بەرێ... بێگومان تەوای ئەم کارانە بەپشتیوانی و کۆبوونەوە لەدەوری حزبێکی شۆڕشگێڕی خەباتکار و کۆمۆنیستی هەرچی زیاتر لەسەرکەوتن نزیک دەکاتەوە. لەیەک وتەدا ئەبێت هوشیار بین بەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگایەکی چینایەتیەکە ئەوان ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی کوردایەتیان کەمایەتی کۆمەڵگان، بەڵام ڕێکخراو و یەکدەستن لەبەرامبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، بەدژی زۆربەی زۆری کۆمەڵگە، بەڵام ئێمە زۆربەین و دەبێ بەهێزی ملیۆنی خۆمان و تواناکانی خۆمان ئاگادار بین و لەحزبی چیانەیەتی خۆماندا ڕێکخراو و ئامادە بین، کە خۆشبەختانە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەپێشەوەی ئەم خەباتەدایە و زەروورە لە دەوری کۆبینەوەو خۆمان لەدەوری ڕێکخراو بکەین.

بۆپێشەوە FORWARD



# بە نەمانی یاسای لە سێدارەدان سیستەمی ئیسلامیی دەڕوخێ

نووسینی: عبدالرحمن رەسول

جێبەجێکردنی یاسایی لە سێدارەدان کە یاسایەکی دژە مرۆڤایەتییە بۆ لەناوبردنی دەنگە سیکۆلار و ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکانە وئەو یاسا کۆنەپەرست و دواکەوتووە تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی دەسەڵاتدارە. لە ئێران ئاخوندەکان دەیانەوێت بەردەوام بن لەگەشەدان بە سەرکوت و نابەرابەری وگەشەدان بە بێکاری و چارەسەر نەکردنی قەیران وکێشەکانی خەڵک ولوشدان و تاڵانکردنی هەرچی سامان و داهاتی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بۆیە هەتا کۆماری ئیسلامیی لە ئێران لە دەسەڵاتدا بمێنێت جێبەجێکردنی یاسای لە سێدارەدان لە ئێران بەردەوامی پێدەدرێت و جێبەجێ دەکرێت. ئەم یاسا کۆنەپەرست و دژە بەشەرییە ئامرازێکی کوشندەیە بۆگێڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ سەردەمی خورافیات ودواکەوتوویی ونەزانی و کۆیلایەتی سەدە تاریک وشمشێر بەدەستەکان. بۆیە ناکرێت و ناگونجێت مرۆڤانێک کە ژیر و وشیاربن ڕازیبن بەوجۆرە یاسا کۆنەپەرست ودژە مرۆڤانە و دڵخۆشبن مرۆڤەکانی تر بە مل پەڕاندن ولە سێدارەدانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەی یان مرۆڤەکانی مرۆڤایەتی. قبوڵکردن و ڕازیبوون و بێدەنگی لە ژێر هەر بیانوێک و ناونیشانێکدا بێت نیشانەی گەمژەیی و دواکەوتوویی ونەزانی مرۆڤەکان دەردەخات، هەر بۆیە ئەرکی مرۆڤە وشیارو پێشکەوتنخوازو سیکۆلار ویەکسانیخوازەکانە تێکۆشانی دڵسۆزانە ئەنجام بدەن و بەهەر جۆرێک ولە ژێر هەر ناونیشانێک بەگونجاوی دەزانن بۆ دژایەتیکردن و نەمان وڕاگرتنی یاسایی لە سێدارەدان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهانی مرۆڤایەتی دا بەگشتی و لە هەنگاوی بەپەلەیان بۆفشارهێنان بۆسەر کاربەدەستانی باڵای کۆماری دژە ئینسانی ئەویش کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە ڕۆژانە بە بەرچاوی مرۆڤایەتی و دەوڵەتانی پێشکەوتوو وسیکۆلار و ڕێکخراوەکانی داکۆکی کاروبەرگری کار لە مافەکانی مرۆڤ گەنجان و لاوانی کورد ونەتەوە جیاجیاکانی ئێران لە سێدارە دەدات... پێوستە مرۆڤایەتی بە ئەرکی خۆیی هەستێت ئەویش بە جۆری کرداری لە سەرجەم بوارەکانی فشار بردن کەم تەرخەم نەبێت وچیتر بێ هەڵوێستی کرداری نەبێت. هاوکاربن بۆلابردنی ئەو دومەڵەی کە ناوی سیستەمی ئیسلامی ئێرانە لەسەر شان وملی گەلانی ئێران. سەرجەم دەوڵەتانی کە خاوەن سیستەمی سیکۆلارو شارستانی و پێشکەوتوون زۆر باش دەزانن کە سزای ئیعدام یان لە سێدارەدان لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی مێژوویەکی دوور و درێژی بۆخۆی تۆمار کردووە، سیستەمی کۆنەپەرستانە و دژە ئینسانی و حاکمیەتی ئاخوندی توانیویەتی لەماوەی دەسەڵاتداریەتی ئەم ٤٠ساڵ تەمەنەی خۆی ئەم جۆرە سزایە لەسەرئاستی جیهانی مرۆڤایەتیدا لەبەرچاوی دەوڵەتانیک کە پڕوپاگەندەی هەبوون و داکۆکیکردن لە چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤەکان دەکەن و پڕوپاگەندەی دژایەتیکردنی جێبەجێکردنی یاسای دژ مرۆڤایەتی لە سێدارەدان دەکەن، بەڵام لە مەیدانی کرداریدا سەرجەم بڕیارنامە و یاسا نێودەوڵەتیەکان کە تایبەتە بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دژایەتیکردنی یاسای لە سێدارەدان فەرامۆش دەکەن، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران توانیوێتی لە جێبەجێکردنی یاسای دژە ئینسانی لە سیدارەداندا بگەیەنێتە لوتکە لەسەر ئاستی جیهانی مرۆڤایەتییدا. کە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵات و سیستەمی مەلا ئیسلامییەکاندا لە ئێراندا بە هەزاران کەس لە مرۆڤەکان لەسێدارە بدات. کە زۆر بەداخەوە هیچ لەمپەرێک و ڕێگرێک لەبەردەمی گەشەدان بەو سیستەمە بۆگەن و دژە مرۆڤایەتی یە لە ڕوویی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەوە نەبووە. هەموو هۆکارەکانی ئەم کردەوە نائێنسانیەی کۆماری ئاخوندی بۆ پاراستنی دەسەڵات و پایەکانی چەوساندنەوەن لەناوخۆی وڵات، بۆیە کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵێک فاکت و چەمکی جیاواز کاری لە سەر ڕەوابوونی ئەم چەمکە واتە ئیعدام کردووە. دەسەڵاتدارانی ئاخوندی ئێران هەموو ئامانجییان ئەوەیە کە بە شێوەی سایکۆلۆژیانە ئەم سزا دژە ئینسانی و سەرکوتگەرانەیە بهێنێتە نێو ژیان و کولتوری ڕۆژانەی خەڵکی ولەناو یاسای وڵاتدا بە تەواوی بیگونجێنێت و لەم ڕێگەوە بتوانێت فکرو هزری کۆمەڵگاش بۆ ئامادە کردنی ئەم جۆر تاوان و سزایە بۆ لای خۆی رابکێشێت. ئەبێت ئەوە بزاندرێت سەرجەم دەوڵەتانی شارستانی وسیکۆلار وپێشکەوتنخواز لەگەڵ هەر لە سێدارەدانێکی مرۆڤێک لە ئێران ئەوانیش تاوانبارن لەبەرئەوەی لە پێناوی پاراستن و گەشەدانی بازرگانی و سەرمایە وئابوورییان بە درێژایی ئەو چل ساڵە بێ هەڵوێستی و بێ دەنگیان هەڵبژاردووە بۆیە کاربەدەست وبەرپرسانی ئەم سیستەمە بۆگەن و دژە ئینسانییە لە کۆمەڵگەی ئێران بەردەوام بووە لە دەسەڵات و جێبەجێکردنی یاسای کۆنەپەرستانە و دژە ئینسانی لە سێدارەدان و گەنجان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ڕۆژانە سەریان پەڕێنداوە. هەربۆیە ئەگەر دەوڵەتانی سیکۆلار و شارستانی وپێشکەوتنخواز دەیانەوێت زیاتر شەرمەزاری خۆیان ومێژوویی مرۆڤایەتی نەبن پێویستە دەست هەڵبگرن لەو بێدەنگی و بێ هەڵوێستییە کە بە درێژایی چل ساڵی فەرمانڕەوایی ئیسلامییەکان لە ئێران درێژەی پێدەدەن. ئەرکی هەموو مرۆڤایەتی یە کە هەموو لایەک وێڕای هەبوونی هەرجیاوازێک لە بیروڕاو بۆچوون و تێڕوانینەکاندا، بەڵام دەکرێت لە دژی جێبەجێکردنی ڕۆژانەی یاسای دژە ئینسانی لەسێدارەدان ولە سێدارە دانی ڕۆژانەی گەنجان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەبێت، لەسەر ئێمەی مرۆڤەکان پێویستە ڕاشکاوانە بەبێ ترس داکۆکی لە مرۆڤ بوونی و ژیانێکی ئازاد بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی بکەین. بە تێکۆشانێکی یەکگرتووانە وچۆک بە ڕەوتی دژە مرۆڤایەتی بوونی سیستەمی ئیسلامیی ئاخوندەکانی ئێران دابدەین. لە هەنگاوەکانی تێکۆشانەکاندا پشتیوانی داواکاری و خواستە ڕەواکانی خەڵکی شاروشارۆچکە ودێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بین. کە لە سەردەمی ئێستادا ڕۆژانە چینە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەسەر شەقام وکوچە وخیابانەکانی شارەکانن بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ دابینکردنی خواست و داواکاری یە ڕەواکانیان. سەرکەوتنی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی ئێرانیش بەندە بە بەهێزکردن و گەشەدان بە تێکۆشانی هاوبەش و یەکگرتوانەی خەڵکی ناڕازی لەناو خۆیی ئێران و دەرەوەی ئێران بۆ ئەوەی هەرچی زووترە ئەو بەڵایەی کە ناوی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێرانە لەسەر شانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی لابچێت. ئیتر بەسە لەسێدارەدانی گەنجان و لاوان لە ناو زیندانەکانی ئێران، دژایەتیکردنی یاسای لە سێدارەدان ئەرکی پیرۆزی مرۆڤایەتییە، بێدەنگی لەئاستیدا کە ڕۆژانە گەنجان و لاوان لە سێدارە بدرێن شەرمەزاری و ڕیسوایی یە بۆئەوانەی لەژێر هەربیانوێکەوە بێ دەنگن. بۆیە پێویستە دەنگی نا بۆ لەسێدارەدان لە ئێران هەمووان بە هەبوونی هەرجۆرە بیروباوەڕو نەتەوە وئایینێکی جیاواز کۆبکاتەوە، نەفرەت لە یاسای لەسێدارەدان بکەین .هەر لە قۆناخی ئێستادا بە گوێرەی ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ زیاتر لە ١٠٠ کەس لە چالاکوانانی سیاسی گەنجان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر هەڕەشەی لە سێدارەدان دان. ناکرێت ئەم ١٠٠کەسەش هەر وەک تێکۆشەرانی رابردوو بهێڵدرێت لە سێدارە بدرێن. نزیکەی مانگێک لەمەو پێش هەواڵی ئێعدامی سێ چالاکی سیاسی رامین حسێن پەناهی، لوقمان و زانیار مورادی کۆی کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی نیگەرانی کردو خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کورد لەژێر ناوی هەر بۆچوون و بیروباوەڕێک لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هاتە دەنگ و نیگەرانی و پەرۆشی لە جێبەجێکردنی ئەم ئێعدامانەو مووشەک باران بۆ سەر دوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بە مانگرتنێکی بەرینی جەماوەری دایەوە. کە ئەمەش نیشانەی یەکگرتوویی و هاوخەباتی لە تێکۆشاندا باشتر دەرخست هەروەها ئاستی بەرزی وشیاری خەڵکی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و دەرەوەی ئێرانی نیشانی ڕای گشتی دا. پێش لە جێبەجێکردنی حوکمی ئەو سێ چالاکە کوردەی ناویان هات شاهیدی دەیان جۆری کەمپەین و ئاکسیۆن و هەوڵ و چالاکی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووین و تەنانەت لە ناوخۆی کوردستانیشدا بەو دۆخە ئەمنییەتییەی زاڵ بووە. هەربۆیە هێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردو گەلانی ئێران بەرەو بەهێزبوون وهەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی زیاتر هەنگاودەنێت. لە چەند ڕۆژی لە مەوبەر کە بە پێی ئەوهەواڵ و دیکۆمێنتانەی کە لە ناوخۆی ئێران و لەشارەکانی کوردستانەوە بڵاوکراونەتەوە لە١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی ٨ی ئۆکتۆبەر لە زۆربەی شارەکانی ئێران و لە شارەکانی کوردستان و لەوانە لە سنە، سەقز، بانە، کرماشان، مەریوان و بازاڕییان وکاسبکارانی ئەو شارانە بەداخستنی دوکان وبازاڕ مانیان گرتووە ئەم مانگرتنە لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە گرانی سەرسووڕهێنەر لە ئێران کە خۆی دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەو نابەرپرسانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی یە وهاوکات پشتیوانی یە لەمانگرتنی خاوەن لۆڕییەکان کە ئەوە بۆ ماوەی١٦ ڕۆژە دەستیان داوەتە مانگرتن و لەبار لێدان وگواستنەوەیان خۆیان بواردووە. پێویستە ئەم ناڕەزایەتیانەی ناوخۆیی ئێران باشتر بکرێت بەوەی خەڵکی ناڕازی لە سیستەمی چەوسێنەری ئیسلامی لە سەرجەم شارەکاندا ڕێکخراو بکرێت لەلایەن خودی خەڵکی ناڕازێ وە لەناو کارگەکان و لەناو بارهەڵگرەکان و لە ناو کوچە وخیابانەکانی سەرجەم شارەکاندا لەلایەن کەسانی وشیار بۆ ئەوەی ئاراستەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرژەوەندی و سوودی تەواویی خەڵکی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان وەرچەرخێت. لە قۆناغەکانی داهاتووی تێکۆشانی یەکگرتووانەی خەڵکدا ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەم و دەسەڵاتدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڕبندرێت و بڕوخێت و لەدواییدا خەڵکی خۆیی بەتێکۆشانی یەکگرتوانەی ئازادیخوازانەی جۆرە سیستەمێک دابمەزرێنێت کەبە جۆرێک بێت ئازادی و بەرابەری بۆ هەموو گەلانی ئێران بەبێ جیاوازی بەدی بهێنێت. .

# هەواڵی نارەزایەتییە کریکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی شوان عەزیز و ئاراس رەشید

### سەندیکای نێونەتەوەیی لۆری و بارهەڵگرەکان لە ئەمەریکا؛ پشتگیری خۆیان ڕادەگەیێنن بۆ شوفێرە مانگرتووەکان لە ئێران!



یەکێک لە هەرە سەندیکا پڕنفوزو کاریگەرەکان لە ئەمەریکا پشتگیری خۆیان بەردەوامی پێ دەدەن بۆ شوفێرانی لۆری و بارهەڵگرەکانی ئێران کە ماوەیەکی درێژە لە مانگرتندان.

جێگەی باسە کە شوفێرەکانی لۆری و بارهەڵگرەکان لە ئێران لە مانگی ئایارەوە لە مانگرتندان لەبەر هاتنە خوارەوەی کرێی کارکردنیان و لە هەمانکاتدا بەرزبوونەوەی تێچوونی ڕێگاو گواستنەوەو مەسروفاتی ئیش پێکردنی بارهەڵگرەکانیان. هەروەها بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران مافەکانیان پێبدەن کە خۆی دەبینێتەوە لە ئازادی خۆرێکخستن و کۆبوونەوە و پێکهێنانی ئیتیحادیە و سەندیکای تایبەت بەخۆیان و ئازادی ڕادەربڕین.

ئەو شوفێرانەی ئێران مانگی ئایار دەستیانکرد بە داخستنی هەندێک ڕێگای سەرەکی ئەویش بە ڕاگرتنی لۆریەکانیان لەسەر ڕێگاکان بۆ دروستکردنی بەربەست بە ڕووی هات و چۆدا. دەسەڵاتدارانی ئێران ڕایانگەیاند کە وەڵام دەدەنەوە بە داواکاری شوفێرەکان و ئەوانیش کۆتاییان هێنا بە مانگرتنەکان، بەڵام ماوەیەک شوفێرەکان چاوەڕێیان کردو بۆیان دەرکەوت کە دەسەڵاتداران درۆیان لەگەڵ دەکەن. هەر بۆیە بە هەمان شێوەی مانگی ئایار لە مانگی سێپتەمبەری ئەم ساڵدا دەستیان دایەوە مانگرتن.

جەیمس پی هۆفا، سەرۆکی سەندیکای نێونەتەوەیی لۆری و بارهەڵگرەکان لە ئەمەریکا، پشتگیری سەندیکاکەی بۆ شوفێرانی مانگرتووی ئێران ڕاگەیاند. لەوبارەوە لە مانگی ئایاردا بە نامەیەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئاگادارکردەوە لەو پێشێلکاریانەی کەدەرهەق بە شوفێران دەکرێت لەئێران وداوای کرد کە داواکانیان جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەسەڵاتداران هیچ وەڵامی ئەو نامەیان نەدایەوە. دیسان لە مانگی سێپتەمبەردا نامەیەکی تری ئاراستە کردنەوە بۆ هەمان مەبەست و لەسەر هەمان بابەت. وە لە نامەکەدا پشتگیری خۆیای دووپات کردەوە بۆ شوفێرەکانی ئێران.

هەر لەو بارەوە دەنگی ئەمەریکاو شوێنە تایبەتەکانی سەر بە دەوڵەتی ئەمەریکا خۆپیشاندانی شوفێرەکانی ئێرانیان لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە زەق کردەوە بە مەبەستی دابڕاندنی خەڵکی ئێران لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سەرکوتگەر.

جێگەی باسە کە شوفێرانی ئێران لە دەوروبەری ٣٠٠ شارو ٣١ هەرێمدا دەستیان داوەتە مانگرتن و خۆپیشاندان بە ڕووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەبەر خراپی باروگوزەرانی ژیانیان و بێمافیەک کە بەسەریاندا سەپێنراوە.

### کرێکارانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەرتی غەزەی فەلەستین دەست دەدەنە مانگرتن!

بە پێی هەواڵێک کە لە (فرانس ٢٤ و نیوز کلیک ) دا بڵاوکراوەتەوە کرێکاران و ستافی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەرتی غەزە دەستیان دایە مانگرتن بە هۆی کەم بوونەوەی کار.

جێگەی باسە دوای بڕیارەکەی ترەمپ بەبڕینی هاوکاریەکانی ئەمەریکا بۆ خەڵکی فەلەستین، بووە هۆی کەمبوونەوەی دەوروبەری ٢٥٠ کاری ستافی ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەرتی




غەزەو بانی ڕۆژئاوای فەلەستین. هەروەها ئەو بڕینی هاوکاریەی ئەمەریکا بۆ فەلەستینیەکان بووە هۆی گۆڕینی ٥٠٠ کاری ئەو ستافە و کرێکارانی ئەو ڕێکخراوە بەدەوامی تەواوەوە بۆ دەوامی نیوە. هەر بۆیەش کرێکارەکان و ستافی سەر بەو ڕێکخراوە دەستیان دایە مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕین بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ.

ئۆنرِوا کە بەشێکە لە یوئێن بۆ هاوکاری پەناهەندە فەلەستینیەکان ٢٧٠ خوێندنگای لە کەرتی غەزە سەرپەرشتی دەکرد، کە بە هەموویان ٢٨٠ هەزار خوێندکاریان لە خۆ دەگرت. بێجگە لەوەش ئۆنرِوا لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی و دابەشکردنی خۆراکەوە هاوکاری بەردەوامی پێشکەش بەو پەناهەندە فەلەستینیانە کردووە، بەڵام هەروەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە لە کەرتی غەزە ڕایگەیاند بۆ میدیاکان؛ دەڵێت لەوەتی ترەمپ بڕیاری کەم کردنەوە و بڕینی هاوکاریەکانی ئەمەریکای بۆ ئەو ڕێکخراوە داوە، ئیتر کاریش کەم بۆتەوە بۆ ستاف و کرێکارانی ئەو ڕێکخراوە.

هەروەها سەرچاوەیەکیش ئەوەی ڕاگەیاند کە لە کۆی ١٩ کەس لە ستافی ئەو ڕێکخراوە کە خەڵکی وڵاتانی ترن و لەوێ کاریان کردووە، تەنها ٦ کەسیان ماونەتەوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ئاسایشی ستافی ئەو ڕێکخراوە لە ناوچەکەدا.

هەر لەسەر ئەوەی کە ئاسایشی ئەندامانی ئۆنرِوا ناپارێزرێت لە کەرتی غەزە قسەکەرێکی حەماس لە کەرتی غەزە ئەوەی بەدرۆ خستەوە و دەڵێت حەماس هیچ کەسێکی لەو ستافە ئازار نەداوە و پشگیری داواکانیشیان دەکات.

جێگەی باسە کە بڕیارەکەی ترەمپ زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری کەم کردەوە بۆ ساڵی ٢٠١٨ بۆ ڕێکخراوی ئۆنرِوا. ئەوەش قەیرانێکی ئابووری زۆری دروست کرد بۆ ئۆنرِوا لە هاوکاری کردنی پەناهەندە فەلەستینیەکان. بە پێی ئەو سەرچاوەیە ئۆنرِوا پێویستی بە١،٢ ملیار دۆلار هەیە بۆ ساڵی داهاتوو کە بتوانێت تەواوی کارەکانی جێبەجێ بکات.

ئۆنرِوا لە ساڵی ١٩٤٨ درووست بوو بۆ هاوکاری ئەو پەناهەندە فەلەستینیانەی کە ژمارەیان ئەو کات دەگەیشتە ٢٧٥ هەزار کەس کە لە شوێنی خۆیان دەرکران و ڕۆیشتن بەرەو سوریا، ئوردون، لوبنان، کەرتی غەزەو بانی ڕۆژئاوای فەلەستین. لەو ساڵەوە تائێستا ئۆنرِوا بەردەوامە لە گەیاندنی هاوکاری بەو پەناهەندانە لە زوربەی بوارەکانی ژیاندا. ئێستا ژمارەی ئەو پەناهەندانە لەو ساڵەوە زیادی کردووە گەیشتوە بە دەوروبەری ٥ ملیۆن کەس.

کەواتە بڕیارەکەی ترەمپ کاری کردۆتە سەر ژیانی ٥ ملیۆن پەناهەندەی فەلەستینی کە بە زەبرو زۆرەملێ لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون و ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر کراون. هەروەها کاری کردۆتە سەر زیاتر لە ١٣ هەزار کارگوزارو کرێکاری ئۆنرِوا کە لە کەرتی غەزە هاوکاری دەگەیێنن بە دەوروبەری ٢ ملیۆن فەلەستینی لە کەرتی غەزەو بانی ڕۆژئاوای فەلەستین ژیان بەسەر دەبەن.

### پەلەکردن لە تەواوکردنی فرۆکەخانە گەورەکەی ئەستەمبوڵ دەبێتە هۆی مردنی زیاتری کرێکاران و بەرپابوونی نارەزایەتی ومانگرتنی کرێکاران!

ئەو تاوەرەی لەم وێنەیەدا دەبینرێت تاوەری کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی هەوایی ئەو فرۆکەخانە زەبەلاحەیە دەبێت کە حکومەتی تورکیا بە تەمایە لە ٢٩ی ئەم مانگەدا بیکاتەوە.

بە پێی هەواڵێک کە لە ئایریش تایمز و چەند سەچاوەیەکی ترەوە بڵاوکراوەتەوە, گەورەیی ئەو فرۆکەخانەیەی ئەستەمبوڵ، کە پارتی ئاکەپەی سەر بە ئەردۆغان دروستی کردووە ، گەورەترین فرۆخانە دەبێت لە جیهاندا.

سەرچاوەکە دەڵێت حکومەت بە تەمایە لە ٢٩ی ئەم مانگەدا کە دەکاتە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیا فرۆکەخانەکە بکاتەوە و دەست بەکار بێت. گەورەیی فرۆکەخانەکە ئێستا توانای لەخۆگرتنی ٩٠ ملیۆن کەسی دەبێت و لە دواڕۆژیشدا بە تەمان وای لێبکەن کە ٦٠ ملیۆن کەسی تریش بگرێتە خۆی. هەروەها جێگای ١١٤ فرۆکە دەبێتەوەو بۆ ٣٠٠ شوێنیش سەفەری تێدا دەکرێت. ئاکەپە لە ماوەی ١٥ ساڵی حوکمڕانیدا تەواوی کردووە.

بە پێی ڕاگەیاندنەکانی میدیای تورکیا چەندین کرێکار مردوون و بریندداربوون لە ماوەی



کارکردن لەو فرۆکەخانەیەدا. لەوبارەوە وەزیری کاری تورکیاش لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە ٢٧ی شوباتدا دانی بەوەدا نا کە لەساڵی ٢٠١٥ وە ٢٧ کرێکار گیانیان لەدەستداوە بەهۆی ڕووداوی کارەوە لەو فرۆکەخانەیەدا.

بەهۆی زۆری کرێکاران و فەرمانبەرانێک کە لەو فرۆکەخانەیدا کاردەکەن کە ژمارەیان دەگاتە ٣٠ هەزار کەس قەرەباڵغیەکی زۆری درووستکردووە. لە لایەکی ترەوە ڕێنماییەکانی تەندروستی و یاساکانی کار پشتگوێ خراون و زۆر گوێ بە سەلامەتی کرێکاران نادرێت. (تەختەقوڕس)یش ژیانی لەکرێکارەکان لە شەودا هەراسان کردووەوناخەون.

بە پێی ڕۆژنامەیەکی سەربە چەپەکان بە ناوی سۆڵ دەڵێت: کە کرێکارێک لەو فرۆکەخانەیەدا بریندار دەبێت کێشەی گواستنەوەی بۆ خەستەخانە بۆدروست دەبێت لەبەرئەوەی تەواوی ڕێگاکان لە کاتی کارکردندا دادەخرێن. هەروەها لەهەندێک شوێنی ناو ئەو فرۆکەخانەیەدا کرێکاران دەبێت لەژێر چاودێری پۆلیسدا کاربکەن. ڕۆژنامەکە دەڵێت بورهان بینگۆڵ لەو شوێنەدا مرد لەبەرئەوەی هیچ ڕاهێنانی پێنەکرابوو لەسەر جۆری کارەکەی و هەر بۆیەش تووشی ڕووداوی گیانلەدەستدان بووەوە.

هەروەها ڕۆژنامەی جەمهوریەتی تورکیا ئاماژەی بەوەداوە کە ڕۆژانە کرێکاران گیان لەدەست دەدەن بەهۆی ڕووداوی کارەوە و تائێستا ئەوەی زانراوە ژمارەیان گەییشتۆتە ٤٠٠ کرێکار. سەرچاوەکە دەڵێت کە هەر لە ١٤ی سێپتەمبەردا بە هۆی بێسەرەوبەرەیی لە هێڵەکانی گواستنەوە و کارکردندا و بونی قەرەباڵغیەکی زۆر بە هۆی ڕووداوی خۆ پێکدادانی دوو سەیارەی کارکردن ، ١٧ کرێکار بریندداربوون. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشەو گرفت بۆ کرێکاران درووست دەکرێن و ڕۆژانەش مافیان دەخورێت و لە ژێر بارودۆخێکی زۆرناهەمواردا دەبێت کاربکەن. هەر بۆیە کەڵەکەبوونی ئەو کێشانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچیتر کرێکارەکان بەرگە نەگرن و ئیتر بتەقنەوە بەڕووی دەسەڵاتدارانداو خۆپیشاندان و ناڕازایەتی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

بۆیە ئەگەر دروستکردنی فرۆکەخانەیەکی گەورەی بێوێنەی لەوجۆرە لە لایەن پارتی ئاکەپەی ئەردۆغانەوە لەسەر حیسابی قوربانی و ژیانی کرێکاران سەرکەوتن بێت بۆ پارتەکەی ئەو، ئەوا لە لایەکیترەوە دەبێت بۆ کرێکاران ببێتە هۆی نارەزایەتی و ڕاوەستان بەڕووی دەسەڵاتدارانەوە بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانیان.

### کرێکارانی کۆمپانیای میوانخانەکانی ماریۆت لە ٨ شاری ئەمەریکادا مانگرتن دەست پێدەکەن!

بە پێی هەواڵێک کە لە (یو ئێس ئەی تودەی) دا بڵاوکراوەتەوە تەواوی کرێکارەکانی سەر بە کۆمپانیای ماریۆت هەر لە پێشوازی کەرانەوە تا دەگاتە پاککەرەوە و کرێکارانی میوانخانە و چێشتخانەکانی ناو میوانخانەکان کارەکانیان بەجێهێشت و دەستیان دایە مانگرتن.

ئەو مانگرتنە بە کۆمەڵەی کرێکارانی کۆمپانیای میوانخانەکانی ماریۆت کە بە پێی سەچاوەکان ژمارەیان دەگەیشتە ٧٧٠٠ کرێکاری هەشت شوێن و شاری گەورەی ئەمەریکای گرتەوە . کرێکارەکان هەموویان سەربە سەندیکایەکی گەورەن بە ناوی (یونایت هیەر) واتە لێرە یەکتر بگرن و ئەندامیشن لەو سەندیکایەدا. وە هەر لەلایەن ئەو سەندیکایەوە ڕێبەرایەتی ئەو مانگرتنەیان دەکرێت.

جێگەی باسە کە مانگرتنەکان لە ٨ی ئەم مانگەوە ئەو شوێن و شارانەی خوارەوەیان گرتەوەو گەورەترینیان لەو شوێنانەدا بوو : هەوایی، بۆستن وە سانفرانسیسکۆ.

سەرەتا لە ٨ی ئەم مانگەوە لە شارەکانی ئوهاوو لە گەڵ ماووی هەوایی : ٢٧٠٠ کرێکار کارەکانیان بەجێهێشت و دەستیان دایە مانگرتن ، لە بۆستن: ١٨٠٠ وە لە سانفرانسیسکۆ ٢٥٠٠ کرێکار دەستیان دایە مانگرتن.

هەروەها شارەکانی وەک سانديگۆ، ئۆکلاند، سان خوسەی هەروەها دیترۆیت بە دەیان میوانخانەیان کاری تێکرا بەهۆی ئەو مانگرتنە سەرتاسەریەی کرێکارانی کۆمپانیای ماریۆت. بەڵام بە پێی تازەترین ڕاگەیاندنی سەندیکای جیهانی خۆراک و کێڵگەکان و میوانخانەکان ڕێژەی کرێکارە




مانگرتووەکانی ماریۆت بۆ ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە گەیشتە ٧٧٠٠ کرێکارو چەندین شاری تری لە ئەمەریکا گرتەوە. ئامانجی کرێکارەکان لەو مانگرتنە سەرتاسەریە ئەوەیە کە بگەنە ڕێکەوتن و گرێبەستێکی تازەی جیا...

بۆ لاپەرە ١٤

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# دیمانە لەگەڵ هاوڕێ سەمیر نوری، قسەکەری کۆمیتەی هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان لە عێراق و ئەندامی هاوپەیمانێتی جیهانی لە دژی ئیعدام، سەبارەت سزای ئیعدام و ڕۆژی جیهانی دژ بە تاوانی سزای ئیعدام..

**سازدانی/ ئاراس ڕەشید**

**بۆپێشەوە: ١٠ی ئۆکتۆبەر، بە ڕۆژی جیهانی دژ بە ئیعدام ناسێنراوە. دەپرسین هۆکاری مانەوەی سزای ئیعدام و زیندانی هەتاهەتایی، کە کوشتنی بە ئەنقەست و سەندنەوەی ئاگاهانەی ژیانە لە ئینسان، چییە؟ کە تا ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بەرێوەدەچێت.**

**سەمیر نوری:** بزووتنەوەی دژی ئیعدام؛ بزووتنەوەیەکی نوێیە ئەگەر موقایەسەی بکەین بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانیتر. ئەم بزووتنەوەیە تا ئێستا توانیویەتی هەنگاوی جدی ئەنجام بدات و ١٣٤ وڵاتی جیهان سزای لە سێدارەدانیان هەڵوەشاندوەتەوە، ئەم بزووتنەوەیە لە برەو و پێشڕەویدایە. هەزاران چالاکەوان لەسەراسەری جیهاندا دەستیان داوەتە چالاکی و تێکۆشان بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم سزا بەربەری و دژی ئینسانییە. سزای لە سێدارەدان سزایەکی سیاسیە، پەیوەستە بە دەوڵەت و تۆقاندن و ترساندنی دەوڵەت لە دژی هاوڵاتیان، و یەکێکە لە پێویستیەکانی ڕژێمی سەرمایەداری بۆ لەسەرپێ وەستانی دەوڵەتەکانی، و بۆ داسەپاندنی هەرچی نابەرابەری و ناعەدالەتی هەیە لەسەراسەری جیهاندا. کۆمەڵگەی بەشەری دەناڵێنێ بەدەست جەنگ و بێکاری و هەژاری و دەیان کێشەی ترەوە. سەرمایەداری بۆ دەستبردن بۆ چارەسەری کێشەکان بۆئەوەی چارەسەریان کا بۆی چارەسەر ناکرێ، بۆیە دەست بۆ دەرهاوێشتەکانی دەبات. بۆیە لابردنی سزای لەسێدارەدان کارێکی ئاسان نییە.

هێزە کۆنەپەرستەکان بە تایبەت هێزە ئیسلامیەکان و دەوڵەتە ئیسلامیەکان، بەشێکی سەرەکی مانەوەی سزای لەسێدارەدانن. لەم ساڵانەی دوایدا سەرەڕای ئەوەی سزای لەسێدارەدان لە زۆر وڵات هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام ڕێژەی ئیعدام زیادی کردوە، لەبەرئەوەی وڵاتانی بە ناو ئیسلامی وەک سعودیە و عێراق و ئێران و پاکستان ڕێژەی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانیان بردوەتە سەرەوە. ڕووخانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەسەڵاتێک لەم وڵاتانە کە لانی کەمی ئارەزوەکانی خەڵک بەدەست بهێن، هەنگاوی یەکەمە بۆ کەمکردنەوەی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان.

عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە کە ئەم سزایەی بە ڕێژەیەکی بەرز تێدا جێ بەجێ دەکرێت. لە پلەی چوارمەدایە لەڕیزبەندی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم سزایە جێبەجێ دەکەن، سەرەڕای ئەو لەسێدارەدانانەی کە گروپە چەکدارە ئیسلامیەکانی وەک داعش یان حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی تر جێبەجێی دەکەن، کە سەرژمێری ناکرێن زۆر ترسناک و خەتەرناکن. یاسای ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر یەکێکە لەو یاسایانەی کە هۆیەکە لەسەر زیاد جێبەجێکردنی سزای لەسیدارەدان و دەیان کەس لەژێر پەتی سێدارە وئەشکەنجەدان بەهۆی موخبری سرِیەوە. بەتایبەت لەدژی تایەفەی سونی جێبەجێ دەکرێت. یەکێک لەتەبریرەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، بوونی تیرۆرە. بەڵام چەند جار ڕامان گەیاندوە هەرچەندە ئیعدام کردنە بەکۆمەڵەکان زیادی کردوە، بەهەمان وەتیرە تیرۆریش زیادی کردوە. ئێمە پێمان وایە تیرۆر و ئیعدام دووی ڕووی یەک پارەن و تەواوکەری یەکترین، دەبێ ئەم کوشتنانە بوەستینرێن مافی




ژیان سەروەر بێت.

**بۆپێشەوە:** دەبێ چ بکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا دژە ئینسانییە؟

**سمیر نوری:** لەڕاستیدا سزای لەسێدارەدان و سزای زیندانی هەتاهەتایی سەرتاپای یاساکانی سزادانی عێراقی داگرتوەو ئەمە یەک یاسا نییە، ئەمە یەک سیستەمی دادوەریە و فەلسەفەکەی لەسەر هەڕەشە و تۆقاندن وتەمێکردن و پێشاندانی عبرەیە بەکۆمەڵگە. هەروەها پشتی بەستوە بە بنچینەی"دان بەرامبەر دان و چاو لەبەرامبەر چاو" و جێبەجێکردنی قەساس. ئەمەیان کردوەتە تێڕوانینی کۆمەڵگە، وای پێشان دەدەن کە گوایە؛ ئەوە سزای لەسێدارەدانە کۆمەڵگەی پاراستوە لە تاوان و تاوانکاری، و ئەوە سزای لە سێدارەدانە کە مافی غەدر لێکراوی گەڕاندوەتەوە، بەبێ ئەم سزایە کۆمەڵگە پڕ دەبێت لە تاوانباران. بەڵام ڕاستیەیەکان پێچەوانەی ئەمە پێشان دەدەن، ئەم سزایە جێبەجێ دەکرێت و کۆمەڵگەش پڕ پڕە لە تاوانباران و پیاوکوژ و ژن کوژەکان، باشترین و تێکۆشەرترین ڕۆڵەکانی کوردستان و عێراق لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لەسێدارە دراون، لە پای خەبات و تێکۆشانیان بۆ ژیانێکی باشتر. هەروەها هیچ کاتێک لە هیچ سەردەمێکدا ئەم سزایە تاوان و تاوانکاری کەم نەکردوەتەوە. هەروەها بەهیچ جورێک تیرۆری کەم نەکردوەتەوە. هەر ئێستا هەزاران کەس سزای لە سێدارە دراون، کەچی تیرۆر و تەقینەوەکان هەر ڕوو لەسەرەوەن.

دەبێ سیستەمی دادوەری لەڕەگەوە هەڵوەشێتەوە. بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم سزایە؛ دەبێ دادوەری لەسەربنچینەی پاراستنی کۆمەڵگە لە تاوانباران و پەروەردە و بارهێنانی تاوانباران و گێڕانەوەیان وەک کەسانی ئاسایی کۆمەڵگە، دەبێ پاراستنی مافی ژیانی تیا سەروەر بێت و قودسیەتی ئینسان جێبخرێت، ئینسانیەت لە کۆمەڵگەدا برەو پێ بدرێت. دادوەری دەبێ لەسەر بنچینەی نەهێشتنی نا عەدالەتی لە کۆمەڵگەدا بنیاتبنرێت.

بۆ هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان دەبێ بزووتەنەوەیەکی فراوانی سەراسەری بەڕێ بخرێت هاوشانی بزووتنەوە جیهانیەکە، دەبێ شیعاری هەڵوەشانەوەی ئەم سزایە ببێتە سەرلەوحەی خۆپێشاندانەکانی گۆڕەپانەکانی شارەکان، یەکێک بێت لە داواکاریەکانی خەڵکی تێکۆشەر، ئەبێ بگۆڕێت بە مەسەلەیەکی گرنگی کۆمەڵگە. هەڵوەشانەوەی ئەم سزایە یانی گێڕانەوەی کەرامەتی ئینسان و گێڕانەوەی ئینسانیەتی ئینسان بۆی.

# له گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ موزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "بۆ نادیە موراد بوو بە پەیامبەری دەنگی قوربانیانی کارەساتی شەنگاڵ؟ ...دەخوێننەوە**

بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی جیهانی بۆ ئاشتی بە نادیە موراد، کە خۆی قوربانییەکی کارەساتی خەڵکی شەنگاڵ بوو، لە هەفتەکانی ڕابردوودا بۆتە یەکێک لە ڕوداوە گەورەو گەرمەکان و جێگای پرس و ڕای گشتی. ئەم ڕوداوەش جارێکی تر تاوان و کارەساتی کۆمەڵکوژی خەڵکی شەنگاڵ و ناوچەکانی دەوروبەری کردەوە باس و بابەتێکی گەرمی هەنوکەیی. هاوکات بوونی ئەم کچەش کە بۆتە هێما و پەیامبەرو قارەمانی ناو ئەو خەڵکە ستەملێکراوەوکارەساتەکە زیاتر بۆتە خاڵی ململانێ و پرس و ڕاگۆڕینەوە بە لایەنگری ونەیاری. ئەگەر چی نادیە موراد بەهرەمەندە لە گەورەترین پشتیوانی بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی ئینسانی لە ئاستی دونیا، بەڵام هاوکات بۆتە جێگای بێڕیزی و سوکایەتی سیاسی و شەخسی بە تایبەتی لەلایەن کەسانی خاوەن ئایدیۆلۆژی ئیسلامی و قەومی و خێڵەکییانە لە کوردستان. تەنانەت تاکو تەرا کەسانیک کە خۆی بە ئازادیخوازو یەکسانیخوازو چەپ دەزانێت بەهۆی دەمارگیری ئایدیولۆژی و پێوەری هەموو ڕوداوەکان و کەسایەتییەکان بە بێژنگی ئایدیۆلۆژی خۆی پێی خزاوەتە ئەم سوکایەتی کردنەوە. زیاتریش بەبەهانەی وەرگرتنی خەڵاتەکەوە کە ئەمە خەڵاتی دەزگایەکی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداری جیهانییە. بەم بەهانەیەوە ئەوەیان لەبیرچووە کە کرۆکی پەیام و ئەرکەکەی نادیە موراد وەک قوربانی و پەیامبەرێکی ئەم ڕوداوە کارەساتبارە چییە؟. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆ لەنێو هەموو ئەو خەڵکەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر بوونە قوربانی، نادیە موراد بوو بە پەیامبەری جیهانی دەنگی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکە، لە کاتێکدا ئەو کۆمەلگەیە کەسانی سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیر ی و داکۆیکاری مافەکانی ژنان و مافی مرۆڤ تیدابووە ؟!؟ بۆ وەڵامی سادەو کورتی ئەم پرسیارە وا پێویست دەکات ئاماژە بە چەند ڕاستییەکی سیاسی و مێژویی بابەتی بدەین بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی پرسەکە. بەر لەهەر شتێک پێویستە ئەوە بڵێم کە من راوبۆچوونم لەسەر ئەو کارەساتەو پیویستی بوونی کەسانی وەک نادیە دابوو تا ببنە پەیامبەرو نوینەری دەنگی ڕاستەقینەی قوربانیانی ئەو کارەساتە لە وتارێکی ٣ ساڵ لەمەوبەر بەناوی کێ دەبێتە ئەننا فرانکی شەنگاڵ کە هێشتا خودی نادیە موردا وەک پەیامبەرێکی ئەمرۆ دەرنەکەوتبوو. ئەوکات لە برگەی سەرەتاوە نوسیبوم: کە زۆر جار لە ڕووداوە گەورەکاندا، جا چ ڕاپەرین و شۆڕشەکان بیت کە ئومێدو هیواو ویستی گەورە بە مرۆڤەکان دەبەخشێت بۆ گۆڕانکاری و وەرچەرخان، یاخود کارەساتە مرۆڤایەتیەکان بێت کە بێ ئومێدی و بێ هیوای و بێ توانایی بەدوادا دێت، کەسانێک دەبن بە قارەمان و مێژوویی ئەو ڕوداوانە دەنووسنەوەو دەگێڕنەوە کە بە واقعی لەگەڵیدا ژیاون. وە ڕەنگە هەرگیز بە خەیاڵی خۆیاندا نەهاتبێت ئەم کەسانە دەبنە ئەم پەیامبەرو قارەمانە مێژووییانە. بۆ نمونە لە دەورانی سیستەمی کۆیلایەتی کێ پێشبینی ئەوەی کردەوە کە سپارتاکۆس دەبێتە پەیامبەرو قارەمانی خەباتی ئازادی بۆ کۆیلەکان. یاخود لە مێژویی نوێدا کێ پێشوەخت پێشبینی کردەوە کە ماندیلا ناوێک دەبێتە هێماو پەیامبەرو قارەمانی خەباتی دژی ڕەگەزپەرستی لە هەمو ئەفریقا..! یاخود کێ پێشبینی ئەوە دەکرد کچە مناڵیکی وەک ئەننا فرانک کە لە ترسی فاشییەکان لە چاپخانەکەی باوکی دوو ساڵ خۆیان شاردەوە، بەڵام بە نووسینەوەی یاداشتە رۆژانەیییەکانی توانی لاپەرەکی گەورە لە مێژووی ستەم و چەوسانەوەی ئەو دەورانەی ئاشکرا بکات. و وەک دوای کارەساتەکەش ببێتە یەکیک لە هیماو پەیامبەرە قارەمانەکانی ئەو کارەساتە...! یان کێ پێشبینی دەکرد لاوێکی وەک محمد بوعەزیزی کاسبکاری هەژار لە دژی ستەم و چەوسانەوەی دەسەڵاتی بن علی لە تونس ئاگر لە جەستەی خۆی بەرداو ئەو ڕوداوەش ببێتە مەشخەڵی چەند ڕاپەرینی گەورە لە چەند وڵات و چەند دەسەڵاتی سیاسی سەرکوتگەر بڕوخێنێت..! ئەمانەو دەیان نمونەی زیندوی تری سیاسی و مێژویی دەکرێت وەک بەڵگە ئاماژەی پێ بکەین لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە بۆ نادیە مورادێکی گومناو بوو بە پەیامبەرێکی جیهانی دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی قوربانی کارەساتی شەنگاڵ. جا ئەوانەی ناوەڕۆکی ڕوداوەکان و دەرکەوتنی پەیامبەرو ڕابەرو قارەمانەکانی لە بۆتەی ئەو کێشەو ململانێیانەوە دێنە دەرێ و کرۆکی پەیامەکەیان نابینن، ئەوە تەنها لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی رووتی خۆیانەوە روداو و ململانی و کارەکتەکانی وهەڵدەسنگێنن. جا ئەوانە یان خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی فاشستین یاخود زۆر دەمارگیرانە لەو ئایدیۆلۆژیایە گەیشتون. کاتێک هەر کەسێکی ئیسلامی یاخود بەهەر پلەیەک بروای بە ئاینی ئیسلام بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نادیە موراد سەر بەباوەری دینی ئەو نییەو سوکایەتی و بێریزی ئەخلاقی و شەخسی پێ دەکات ئەوە جگە لە دەمارگیرێکی فاشی هیچی تر نییە. کاتێک کورد زمانێک کە بەو هۆیەی نادیە موراد بە کوردی قسەی نەکردوە یاخود ناسنامەی کوردایەتی بۆ خۆی دانەتاشیوە و بگرە بڕوای بە ناسنامەیەکی ترە و سوکایەتی و بێ ڕێزی ئەخلاقی پێ دەکەن ئەوە ئەو کەسانە بێگومانە خاوەن باوەڕێکی دەمارگیری قەومی فاشین. نادیە موراد پێویستە ئازاد بێت لەوەی بە چ زمانێک قسە دەکات و بیروباوەری چییە. هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بە بەهانەی زمان و بیروباوەرو کەلتور ،و تەنانەت هەتا بۆ ئەو خەڵاتەی وەرگرتوە بێ ڕێزی پێبکات. بێڕێزی کردن بە نادیە موراد بێڕێزی کردن و سوکایەتی کردنە بە خودی کارەساتی شەنگال و قوربانییەکانی. ئەو لەبەر زمان و بیروباوەرو کەلتور...

بۆ لاپەرە ١٤

# دیمانە لەگەڵ...میهرەبان عەلی سەبارەت بە چۆنیەتی گیران و بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی ڕژێمی بەعس



**سازدانی: ئاراس ڕەشید**

**تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان، لە پێناو دنیایەکی باشتر و دامەرزاندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا، مێژوویەکی درەوشاوەیە... لەو ڕێگایەدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەستداوە، یان لەلایەن جەلادەکانی بەعس و پارێزەرانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدارییەوە، توشی ڕاوەدونان و گرتن و شکنجە بوونەتەوە... بۆپێشەوە بە مەبەستی ناساندنی ڕۆڵی تێکۆشەرانەی ئەو کۆمۆنیستانەی لەلایەن بەعسەوە گیراون، تەوەرەیەکی تایبەتی دەکاتەوە... کەهەر جارەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک لەو هاوڕێیانە دەکات، کە زیندانی کراون... لەم ژمارەیەدا دیمانەیەک لە میهرەبان عەلی دەخوێننەوە...**

**بۆپێشەوە: سەرەتا پێمان خۆشە خۆتان بناسێنن؟**

میهرەبان عەلی: دەستپێکی کاری سیاسی بوونم وەک هەموو کەسە ئازادیخوازەکانی ئەو وڵاتە لەسەرەتای سالی1986ە وە کاری ڕێکخستنم کردوە. ئە وسەردەمانە لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران ماوەی دووساڵ ونیو بەردەوام بووم. دوای ئەو تێکشکانەی کە حیزبە کوردیەکان دوای ئە نفالی بەدناو، ئەگەر بڵێم هیچ کام لەو حیزبانەی ئێستا لە کوردستان بوونیان نەمابوو. کۆمەڵێک خەڵکی ئازاو چاونەترس کۆمەڵی ڕێکخراوی کۆمۆنیستیان دروست کردبوو. ئەوانەی کە بیرم مابێتن دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا و ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتی خەبات بوون. بەداخەوە بەهەڵە یان بڵێم کەم ئەزموونی ڕێکخراوەیی هەندێک کەسی جاسوسیان هێنابووە ناوڕێکخستنەکان. زۆرێک لە هاوڕێیانی دەستەو ڕەوت ڕەشبگیری کران، وەکو دەنگی تەسبیح زوربەی ئە ندامانی ئەو دوو ڕێکخراوەیە گیران لەکاتێکی کەمدا. منیش یەکێک بووم لە هەڵسوڕاوانی کومونیست، کەئەوکات لەگەڵ دەستەدا کارم دەکرد. بەداخەوە منیش وەکو هەرگەنجێک کە ئەو وەزعانەم پێ قبول نەدەکرا، دەستگیرکرام.

**بۆپێشەوە: ئێوە لەگەڵ چ لایەنێکی سیاسی بوون، بۆ گیران و چۆن گیران؟**

میهرەبان عەلی: چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەم، لەکۆتایی تاقکردنەوەکانی پەیمانگا ئەوکەسەی ئێستا هاوژینی ژیانمە، ئەوکات هاوڕێ بووین، بەڵام لای روون نەبووکە کاری ڕێکخراوەیی دەکەم، پێی گووتم کە ئاگام لەخوم بێت، چونکە دەنگۆی ئاشکرابوونی زۆرێک لە هاوڕێیانی بیستبوو، کە دەستگیرکراون. بەحوکمی ئەوەی کە خە ڵکی قەڵادزێ بووین ماڵمان لە ئۆردوگا زۆرەملیەکانی ڕژێم بوو لە بازیان. هەر ئەو ڕۆژە گەرامەوە بۆماڵ، وەشەوەکەی هەرچی بەیاننامە وبڵاوکراوی ڕێکخستنم لابوو سووتاندم، بەڵام ئەوە کۆتایی نەهات، شەو دوای کاتژمێر١٢ شەوکاتێک خەبەرم بووە، سەربان وناوماڵ وحەوشە پڕبوو لە چەکداری ئەمن، هەموویان عە رە ب بوون، بەدوو سەیارە هاتبوون بۆدە ستگیرکردنم. ئەوکەسەی کە ئیعترافی کردبوو لەسەر ڕێکخراوی من لەیەکێ لەسەیارەکاندا بوو. چونکە؛ کەمنیان برد هەستم کرد لە سەیارەکەیتردا بوو. هەرئەو شەوە باوکم لەگەڵمدا هات، گووتی بشم کوژن هەردێم لەگەڵ کچەکەم. بەڕاستی زۆر قورسە جەماعەتی ئەمن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت دەستگیر بکەن، چونکە لە ناو ئۆردوگادا ڕێگەیان لێ تێک چوو تا گەیشتینە دەزگای ئەمنی بازیان، بەڵام لەوێ تەنها یەک چارەکە سەعات ماینەوەو یەکسەر هێنامیان بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی. هەر بە گەیشتنمان باوکمیان بە پاڵ کردە دەرێ، و منیشیان بردە قاعەی ژنان. هەرچەندە ئەوەی عەقڵم تەصوری نەدەکرد ئەوە بوو کە ئەو کەسەی کاری ڕێکخراوەیم لەگەڵ دەکرد کە دەستگیرکرابێت، چونکە لە شوێنێک دەژیا کەس وکاری خۆی نەیان دەزانی لە کوێ دەژی، تەنها برادەرانی ڕێکخستن نەبێت، تەنانەت خۆم کە ویستبام ببینم لەدەرەوە یەکمان دەبینی. بەهەرحاڵ؛ ئەو شەوە دریژترین شەوی ژیانم بوو، چۆن نەمردم نازانم کە چوومە ژوورەوە چەند ژنێکی لێبوو ئەوانە کە ناوەکانیانم بیرماوە (سروە فایق هەڵەبجەیی، ڕوناک منداڵێکی کچی بچوکی (روزا) ی ناوبوو لەگەڵ ئەحمد مندالێکی کوڕی پێبوو، فاتمەخان لەگەڵ هاوژینەکەی کە ناوی ئەمجەد بووخەڵکی کەرکوک بوون، لەگەڵ ڕێزان وهەندێکی تر داوای لێبووردن دەکەم ئێستا ناوەکانم بیر نەماون). بەیانی دوای کاتژمێر ٨ ی بەیانی بردمیان بۆلێکۆڵینەوە.

**بۆپێشەوە: دۆخی ناو زیندان چۆن بوو، مەبەستمان ئەوەیە جۆری لێدان و شکنجەو لێپرسینەوە چۆن بوو؟ پەیوەندیتان لەگەڵ زیندانیەکانی تر چۆن بوو؟**

میهرەبان عەلی: چی ڕویدا نازانم بڵێم چی! ئەوەی عەقل چاوەڕناکرێت بوو، ئەوکەسەی کە بەرپرسم بوو لەوێ بوو، بە قاتوببجامەوە بەرانبەرم دانیشت بوو، هەرچی ویستم نکوڵی و حاشا بکەم لە ناسینی، بەڵام فایدەی نەبوو. دوای ئیهانە وسوکایەتی پێکردن و لێدانێکی زۆر کارەبایان لێم داو کەسەکەیان بردە سجنی پیاوان، وتیان ئەو جیهازە درۆکانتان دەردەخات، ویستم حاشا بکەم، بەڵام ئیستیفادەی نەبوو، چونکە دەست نووسی پەیوەندی کردنم گیرابوو کە داوای ئە ندامگیریم کردبوو، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخوشیە بۆمن تاکە ئەندامی چەپ وکۆمۆنیست من بووم خۆڕاگرانە کەسم بەدوای خۆمدا نەبردە زیندان. ئەوە مایەی شانازیمە، چونکە ئەوەی بچێتە دائیرەی ئەمن و خۆڕاگربێت؟ شانازیە. بەهەرحاڵ؛ ماوەی زیاتر لە ٣مانگی خایاند تاوەکو لێکۆڵینەوە تەواو بوو. زۆرێ لەژنەکان دەڕۆیشتن بۆ مەحکەمەی بەناو ثورە وەهەندێکیان بۆسجنی پۆلیس و هەندێک ئازاد دەکران کە هیچیان لەسەر ساغ نەدەبووە. بۆنموونە ژنێک دە ستگیرکرا ناوی لیلی عبدللە خێزانی دلێری سەید مجید، تە نها ٢٨ ڕۆژمایەوە بەزووترین کات ناردیان بۆ مەحکمە وحوکم درا. زۆر ژنێکی باش بوو؛ تەنانەت موستیلەیەکی ئاڵتوونی پێبوو دایە دەست سروە بۆ ئەوەی بیدا بەشیر بۆ منداڵەکەی، بەداخەوە ڕۆحی شاد ئێستا لەژیاندا نەماوە. لە مانگی ١١ ساڵی ١٩٩٠کۆمەڵێک ژن گیران کە کەسوکاری عومەر و جمال بوون. دوو کەس بوون کە پلەدارێکی ڕژێمیان کوشتبوو، خۆیان نە گیران، بەڵام کەسوکاریان گیران، لەوانە (پە خشان، فریشتە، شادان، نەکەرۆز، ژیان حمە سعید، ڕزگارو دایکی) تەنها ناوی ئەوانەم بیرماوە بە داوای لیبوردن. ئەو مەوزوعە بوو بەخێروبەرە کەت، چونکە بەهۆی یەکێک لەو کەسانە من هەواڵی ماڵەوەم پێگەیشت. ژیان حمە سەعید ماموستا بوو لە ئۆردوگاکەی ئێمە بوو. نامەیەکی بچووکی بۆم بردە دەرەوە بۆئەوەی ماڵەوەمان دڵنیا بن لەمانم لە ژیاندا. دوای ماوەیەک لە مانگی ١٢دا بوو، خەڵەف کە مدیری ئەمن بوو سەردانی بەشی ژنانی کرد. ٢کچی عەرەبی لێبو و بە ناوی سەلوا ومارلین، دیار بوو مە سیحی بوون ویستبویان لە ڕێگەی ئێرانەوە سەفەر بکەن، دەستگیرکرابون. من و سروە وەکو لە بیرم مابێت بەهۆی ئەوەی من و سروە لەسەرهەمان کاری ڕێکخراوەیی دەست بەسەر بووین، تاوەکو کۆتایی کاتی زیندانیمان بەیەکەوە بووین. جا کە خەڵەف هات هەریەکە کێشەی خۆی باسکرد. منیش داوام لێکرد کە چاوپێکەوتنی دایکم وبابم بکەم؟ ڕازی بوو. دوای دوو ڕۆژ لە ڕێگەی خوشکەکەمەوە ئاگاداریان کردبوون کە قوتابی بوو، لە ڕێگەی ئیدارەی قوتابخانە پێیان گوتبوو وەرن بودائیرەی ئەمن بۆچاوپیکەوتن. هەرچەندە ماڵەوەمان لەو بڕوایەدا نەبوون کە کچە گەنجەکەیان مابێت وبتوانن بیبیننەوە. دایکم وبابم وخوشکە گەورەکەم هاتن. لەلایەکەوە خۆش بوو بە دیداریان شادبووم، لەلایەک زۆرخەفەت باربووم، چونکە دانیشتنمان تەنها نیو کاتژمێر بوو، بە ئامادەبوونی پیاوانی ئەمن. بۆئەوەی بزانن باس لەچی دەکەین؟ هەردوولامان زۆرگریاین هەرچەندە چاودیرەکە پێیگووتم بۆ وادەگری؟ بابم جوابی دایەوە وتی بۆ ئەوانەی لێرەن دەبێ لەدەرەوە خەڵک چۆن باستان دەکەن. ئینجا کچێکی گەنج مەجالی هیچ هەواڵ پرسینێکمان نەبوو، تەنها هەواڵ پرسینی گشتی. وتیان تەواو هەرئەوەنە ڕێگە پێدراوە. ئەوەندە ئەشکەنجەی دەروونی وجەستەیی هەیە، هەرچەند بنووسم لام وابێ تەواو نابێت. بەڵام تەنەها چەند کاتژمێرێکی ئەوێتان بۆباس بکەم، بە نموونە؛ بێمە سەرخەوتن، من وەکو خۆم شەوان هەرنەدەنووستم، لەبەرناڵەی زیندانیەکان، بە تایبەت لە شەواندا ئەشکەنجەیان دەدان، ودەنگەدەنگی سەجان و دەنگی زیرەی کلیلەکان کە دەچوون زیندانەکانیان دەردەهینا. زوربەی کات پەنجەرە بچوکەکەی ژوری ژنانیان دادەخست، بۆئەوەی نەیان بینین.بەهۆی سروەوە (هاوژینەکەی سەردار عبدللە)بوو ئاومان دەکردە ژێر دەرگاکە تاوەکو بزانین کێ دەبەن بۆ ئەشکەنجە کردن؟ هەرچەندە هیچمان پێنەدەکرا! یان نانخواردن ڕۆژی ٢ ژەم بەیانیان و نیوەڕۆیان! ئەویش لەقاپا نا! لەدوومەنجەڵی گەورە! هیچی ترنا! زۆرکات ئێواران پاشماوەی خواردنی خۆیان دەدا پێمان. بەڵام چی؟ کاتێک ئەوشەوانە کە(ڕەحیم سلام) خەفەربوایە هەرچەندە یەکێک بوون لەجەماعەتی ئەمن، بەڵام بەڕاستی هەڵسوکەوتیان زۆرباش بوو لەگەڵمان. بۆنموونە: لەژوورەکەی ئێمە تەنەنها سەرئاوێکی تێدابوو! دەبوایە بۆخۆشۆرینیش بەکارمان هێنابایە. سلام؛ شانەیەکی بۆهێناین بەهەموومان بەکارمان دەهێنا. هەرچەندە خۆم ئەوماوەیە لە ئەمن بوم، تەنەها دووجارسەرم شۆرد بەتایبەت ئەویش لەبەر ڕشک وئەسپێ، ئارامەمان لێهەڵگیرابوو. شتی تر ئەوەندە زۆرە ناتوانم باسی بکەم . لە دوای لێدانی ئەمریکا لە عێراق، و دوای داگیرکردنی کوێت لەکۆتایی مانگی ١ساڵی١٩٩١دا، تەنەها من وسروە مابوینەوە ئێمەشیان ڕەوانەی سجنی گرتن وگواستنەوە کرد، هەتا کۆتایی مەحکەمە. بەڵام لەسەر فایلەکانمان نوسرابوو حیجز! تەنانەت ماڵەوە محاوەلەی زۆریان کرد، ٢ چاوپێکەوتنمان بۆکرا. کەچووین بۆ سجنی سەرەوە، کۆمەڵێک ژنی زۆری تێدابوو؛ لەوانەی کەلەبیرم ماوە:(میمکە تەلەودوو بووکی وهەندێک منداڵ کە لەسەرئەوەی کوڕەکانی میمکە تەلە پێشمەرگە بوون، ئەوانیشیان دەستبەسەرکردبوو. ئێمە هەرچاوەڕێ بووین تاوەکو ڕۆژی ڕاپەڕینی خەڵکی ئازادیخوازی سلێمانی دەستی پێکرد. لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین ئێمە ئازادبووین. من هەمووساڵێک ڕۆژی ٨ مارس بەڕۆژی لەدایک بوونمی دادەنێم، و ڕۆژی بەرەنگاری ونوێبوونەوەم.

**بۆپێشەوە: ئێوە دوای ئەو هەموو ساڵە، کە دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەبینن، چی دەڵێن؟**

پێم خۆشە هەندێک شت بڵێم کەقسەی دڵمە؛ من وچەندان کەسیتر کەڕێگەی خەباتمان هەڵبژاردوە بۆ دنیایەکی باشتر بژین چاوەڕێی پاداشت نەبووین، بەڵام ئێستا دەڵێم باش بوو تیا نەچووین!؟ وەکو ئەو هەموو هەزاران کەسە ئازادیخوازەی ترکە ئێستا ژیانیان بەفیڕۆچوو! لەپێناو کۆمپانیاکانی کوردایەتی ومافیای نەوت و مافیای دەرمان وچەندان شتی قێزەونی تر. زۆرجاردەڵێم؛ خۆش بەختبووین کە گیانمان نەبەخشی. درووود بۆ گیانی ئەوانەی گیانیان بەخشی لە پیناو ئازادی.

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# ستراتیژی شۆڕش لە کوردستان

# گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

## بەشی دووەم و کۆتایی

**بۆپێشەوە: بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە لە ناوچە یان شارێکدا ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە هەڵپێچرێت، بێگومان نە تەنیا ئەو لایەی دەسەڵاتی ئەوناوچەیەی لێسەندراوە دەستەوئەژنۆ دانانیشێت، بەڵکو دەسەڵاتی زۆنەکەی تریش ئەزمونێکی وەها بە مەترسیەکی گەورە لەسەر خۆی دەزانێ .بۆیە بێ درەنگ ئەویش دێتەسەرخەت و ئەوەی لە دەستی بێت دەیکات بۆ بەشکست کێشانی تەجروبەیەکی وەها؟ ئەم ئەزمونە چۆن دەتوانێ لە مەترسی ئەم پەلامارانە بپارێزرێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بێگومان وایە، لەوەش زیاتر ڕەنگە یەکدەستی یان بە وتەی خۆیان ڕێکخستنی ناوماڵی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە تایبەتی هەردوو هێزی باڵادەستی ئەم بزوتنەوەیە کە زیاتر لە نیو سەدەیە شەڕ و کوشتاری یەکتر دەکەن، لەبەرامبەر ئەزمونێکی وەهادا هەموو ناکۆکی و شەڕ و کوشتاریان لەبیردەبەنەوە و بۆ ناکام کردنەوەی ئەزمونێکی بەم جۆرە دەستی یەک دەگرن. بەر لەهەرشت بێگومان ئەزمونێکی بەم جۆرە دەبێ هەر لەیەکەم ڕۆژەوە لە بیری ئەوەدابێت کە خۆی بۆ بەرگری سەربازی ئامادە بکات. پێویستە لەیەکەم ساتەوە چەکدارکردنی گشتی خەڵک بە ژن و پیاوەوە، هەروەها ڕاهێنانی سەربازی و ڕێکخستنی لە میلیشیایەکی جەماوەری لە دەوری بنکە و شوراکانی گەڕەک و ناوەندەکان، بکرێتە تاقە هێزی چەکدار هەم بۆ پارێزگاری لە ئەمنیەت و هەم بۆ بەرگری لەم ئەزمونە.

بەڵام مەسەلەی گرنگتر ئەوەیە کە بەرگری لەم ئەزمونە چەندە سەربازی و چەکدارانە و بەرگریکارانەیە، دوئەوەندە سیاسی و هێرشبەرانەیە. ئەوەی کە زۆر گرنگە بەرجەستەکردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازە لەم ئەزمونەدا. مەبەستم ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی ئەم ناوچەیە بەڕێوەدەبات پێویستە بەراستی و بەکردەوە بەرجەستەکەری ئیرادەی خەڵک بێت، بەدەرلەوەی چ فۆرمێکی دەبێت، گرنگ ئەوەیە وەکو ئیرادەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتیکێش عەمەل بکات. لە حالێکی وەهادا تەنانەت خەڵک بەرگەی سەختی و برسێتی و تەنگەبەریش دەگرێت، بەومەرجەی بۆیان ڕون بێت کە ئیرادەی خۆیان لە مەیداندایە و ئەم ئیرادەیە حوکمڕانی دەکات لە ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ژیان و گوزەرانیاندا. ئەمە دەتوانێ عەزمێکی لە شکانەهاتوو بدات بە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ بەرگری لەو ئەزمونە، هەروەکو چەندین جار لە مێژودا نیشاندراوە. بۆ نمونە بەرگری قارەمانانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرامبەر هێرشی جمهوری ئیسلامی، ڕاوەستانی قارەمانانەی کۆمۆنارەکان بۆ بەرگری لە کۆمۆنەی پاریس. تازەترین نمونەش جەنگی بەرگری خەڵکی کۆبانی بوو بەرامبەر بەربەریەتی داعش کە بووە داستانێکی مێژویی.

مەبەستیشم لە هێرشبەرانە بە مانای نیشاندان و پیادەکردنی ئەزمونێکە لە دەسەڵاتداریێتی کە جەماوەری دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان هانبدات بۆ هەراسانکردنی دەسەڵاتی میلیشیایی و جۆشدانی بزوتنەوەی سەرنگونی ئەو دەسەڵاتە و کۆپیکردنی هەمان شێوە و نموزەجی دەسەلاتداریێتی شۆڕشگێڕانە لە هەموو ناوچەکانی تر. لەم ڕووەوە ئەم ئەزمونە پێویستە هەرلەڕۆژی یەکەمەوە کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک ڕابگەیەنێت کە هەمو جۆرە هەڵاواردنێیک لە نێوان هاوڵاتیان لەسەر بناغەی قەومیەت و دین و مەزهەب و جنس و ....ڕەتبکاتەوە، ئازادی سیاسی و ڕادەربڕینی بێ قەیدو بەند ڕابگەیەنێت و هەموو دەرگاکان بخاتە سەرپشت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران بەوپەڕی ئازادییەوە ڕیپۆرتاژ لەسەر ئەوەی دەگوزەرێت ئامادەبکەن و نیشانی جیهانی بدەن، هەرچی داهات و سامانی گشتی هەیە بەشێوەیەکی شەفاف و ڕۆشن بۆ دابینکردنی گوزەران و خزمەتگوزاری گشتی تەرخان بکرێت .

..و...ئەمانە وادەکات کە نە تەنیا دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانی گەرم لەم ئەزمونە بکەن و ڕێگانەدەن کە حزب و دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان بە چەک پەلاماری بدەن، بگرە پشتیوانیەکی جیهانی گەورە بۆ ئەم ئەزمونە پێکدێت کە پشتیوانیەکی گەورەتربێت لەوەی کە لە ئاستی جیهانیدا بۆ کۆبانی بینیمان.

به کورتی ئەزمونێکی بەم جۆرە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە پێویستە چەکداربوونی گشتی جەماوەری ڕێکخراو لە دەوری شورا و بنکە و ئۆرگانە جەماوەریەکانی تر وەکو ئەرکێکی زۆر گرنگ بخاتەدەستوەرە و بە کردەوەی دەربهێنێت. ئەم میلیشیا جەماوەریە شۆڕشگێرە پێویستە هەم بە شێوەیەکی تۆکمە ڕێکخراو هەم لە ڕووی سەربازیەوە بە باشی ڕاهێنراوبێت بۆ ئەوەی هەم ئەمنیەتی گشتی مسۆگەر بکات و هەم بە عەزمەوە بەرامبەر هەر هێرشێک ڕاوەستێ کە لەلایەن ئەحزاب و دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی بۆرژوا ناسیۆنالیست و ئیسلامی و...بکرێتەسەری. بە بڕوای من میلیشیای ئەحزابی بورژوازی کە خاوەن فەرماندەی گەندەڵ و فاسدن، بارهاتون بە ماراسۆنی هەڵهاتن و دۆڕان و ساڵانە داستانێکی بەم جۆرەیان هەیە، ریزەکانی ئەم میلیشیایانە کە ڕۆڵەی کرێکار و زەحمەتکێشن و زۆربەیان نەفرەت لەم دەسەڵات و حزبە تاڵانچیانە دەکەن و بە ناچاری بۆ دابینبوونی ژیانیان چەکی ئەوانیان لەشانە، ناتوانن لەبەرامبەر ڕاوەستاوی جەماوەری چەکدار خۆیان ڕاگرن. هەر بەوبەڵگە سادەیەی کە لە ماوەی ٢٧ ساڵی ڕابردودا هەر شەڕێکیان کردبێت دۆڕاندویانە، جگە لە کۆتاشەڕیان لەگەڵ داعش، لەوجەنگەشدا تەنها دەچونە سەر لاشەی مردو کە پێشتر بۆمبارانی تەحالوف کوشتبوونی. لەوەش زیاتر لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هێزی چەکداری خەڵکی ڕێکخراو لە شورا و ئۆرگانە جەماوەریەکاندا، ریزەکانیان پارچەپارچە دەبێت. بۆیە تەنها ڕێگا بۆ بەرگری لە ئەزمونێکی وا چەکداربونی جەماوەرە بۆ پاریزگاری لە ئیرادە و ژیان و چارەنوسی خۆیان. بە تایبەتی لە سەردەمێکدا کە هەرچی ئەحزاب و داروەدستە و باندی قەومی و مەزهەبی هەن چەکدارن، جەماوەری کرێکار و زەحمەت کێش و حزب و شورا و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانیان دەبێ چەکدار و ئامادەی هەموو بەرامبەرکێییەی چەکداریان هەبێت. ئەمە ناچاریەکە و فەرزکراوە و نابێ دودڵی لێبکرێت.

**بۆپێشەوە: تۆ باسی دامەزراندنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیت کرد لە هەر پانتاییەک کە مومکین بێت. ئەم باسە لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستدا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، ئەمە بە قۆناغبەندی کردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لێکدەدرێتەوە کە لەپێشدا دەبێ حکومەتی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی دامەزرێت و لە قۆناغی دوەمدا حکومەتی کرێکاری. هەر بەم پێیەش پێداگری لەسەر ئەم مەسەلەیە بە پۆپۆلیستی لەقەڵەم دەدات، چونکە حکومەتی کرێکاری دەهێنێتەخوارەوە بۆ ئاستی حکومەتی غەیرە قەومی و غیرە مەزهەبی. ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو بۆچونانە چیە و چۆن پێویستی غەیرە قەومی و غیرە مەزهەبی ڕون دەکەنەوە و چۆنی گرێدەدەن بە شۆڕشی کرێکاریەوە؟ بە تایبەت کە ئەم مەسەلەیە لە ستراتیژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا جەختی لێکراوە.**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بەبڕوای من ئەو دیدگایەی لە پشتی ئەم جۆرە تێڕوانینەوە وەستاوە، جگە لە دوپاتکردنەوەی توتیانەی کۆمەڵێک دروشم هیچ لێکدانەوەیەکی نە بۆ دۆخەکە و نە بۆ گرفت و کێشمەکێشەکان و نە بۆ بزوتنەوە جیاجیاکان هەیە و نە خاوەنی هیچ دیدێکی ستراتیژیە بۆ ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری و بەرپاکردنی بەکردەوەی ئەو شۆڕشە. حکومەتی غەیرە قەومی و غیرە مەزهەبی نە بەدیلی حکومەتی کرێکاریە و نە زەرورەتەکەی ڕاستەخۆ لە شۆڕشی کرێکارییەوە دەردەکێشرێت. بەڵکو لەسەر بنەمای ئاستی تەکامولی خەباتی چینایەتی و ڕیزبەندی چینایەتی لە هەناوی کێشمەکێشەکانی ئێستا و خواست و ئامانجە جیاوازەکانی چینەکان، هەروەها لابردنی کۆسپ و ڕێگریەکانی سەر ڕێگای پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی، بە دیاریکراوی لە پەیوەند بە کێشەی میللیەوە، مانا پەیدادەکات. غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی بوونی دەوڵەت لە پەیوەند بە کۆتایهێنان بە ستەمی میللی و هەموو جۆرە ناکۆکیەکی قەومی و مەزهەبیەوە زەرورەت پەیدادەکات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەموو هاوڵاتیان بەدەرلە هەر ناسنامەیەکی قەومی و دینی و مەزهەبی و جنسی و نەژادی، لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری یەکسان و خاوەن مافی یەکسانبن. بێگومان ئەمە لەهەمانکاتدا کۆمەک دەکات بە چڕکردنەوەی ڕەوتی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی بەردەوامەوە تا بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری .

وەکو پێشتر وتم لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە سازدان و ڕابەریکردن و بە سەرکەوتن گەیاندنی یەک شۆڕش فەلسەفەی کۆمۆنیزم وەکو بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری پێکدەهێنێت، ئەویش شۆڕشی کریکارییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی. زۆر دەمێکە لە دنیای هاوچەرخدا زەمینە بابەتیەکانی ئەم شۆڕشە و بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی فەراهەم بووە .شۆڕشی کریکاری تەنها لەسەر ئامادەییە زاتیەکانی چینی کرێکار ڕاوەستاوە، ئەو ئامادەیی و پێداویستیانەی کە پێشتر باسم کردوە و دوبارەیان ناکەمەوە. هەرکات ئەوانە ئامادەبوو بەڕای من نابێت دەستبردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری یەک ڕۆژ و یەک سەعات بە هیچ بەهانە و پاساوێک دوابخرێت. ئەوکات تەنانەت کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئێستا، وەکو مەسەلەی میللی و ئەو مەسەلانەی کە بە "مەسەلە دیموکراسیەکان "ناسراون و لە مێژودا شۆڕشە بورژوازیەکان چارەسەریان کردوە و ئێستا کە بورژوازی هەموو جۆرە شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازیەکی لەدەستداوە و هەندێک لەو جۆرە کێشانە بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە، پێویستیان بە هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی تایبەت نییە، چونکە شۆڕشی کرێکاری بە باشترین و ڕیشەییترین شێوە چارەسەریان دەکات.

تا ئێرە مەسەلەکە سادە و ڕۆشنە و ناکۆکیەکی لەسەر نییە، بەڵام لێرە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە؛ تا کاتێک مەلزوماتی زاتی شۆڕشی کرێکاری فەراهەم نەبوویێت، هەروەها لە کاتێکدا مەسەلە گەلێکی وەکو کێشەی میللی و مەزهەبی لە ئارادابێت، یان دۆخێکی وەکو ئەوەی لە دوای ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ لە کوردستاندا بەرقەرار بێت، یان وەکو ئەودۆخەی لە ٢٠٠٣ تا ئێستا بەرقەرارە و ئەم کۆمەڵگەیەی لە گێژاوێکی قوڵدا ڕاگرتوە بە هۆی دەسەڵاتی میلیشیایی و دەوامەی فیدرالیزمی قەومیەوە، کۆمۆنیزمی پرۆلیتێری وەڵامی بۆ ئەم کێشانە چیە؟ هەروەها هەڵوێستی بەرامبەر ئەو بزوتنەوانە چیە کە بۆ کۆتایهێنان بەو گرفتانە دێنەئاراوە؟ ئایا دەکرێت بە جەماوەری گرفتار بەدەست ئەو کێشانەوە بوترێت، دانیشن و دەست بۆ هیچ کارێک مەبن و چاوەڕوان بمێننەوە تاوەکو مەلزومات و ئامادەییەکان بۆ شۆڕشی کرێکاری فەراهەم دەبێت و ئەوکات بە باشترین شێوە ئەو کێشانەتان بۆ چارەسەر دەکات؟ یان ئایا دەکرێت بڵێین لەبەرئەوەی مەهامی مێژویی کرێکار و کۆمۆنیزم تەنها شۆڕشی سۆسیالیستیە، بۆیە ئەو کێشانە و بزوتنەوەکانی دژی ئەم کێشە و گرفتانە پەیوەندی بە کرێکار و کۆمۆنیزمەوە نییە؟ یان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بڵێین ئەوانە کێشە و بزوتنەوەی بورژوازین و بە میتۆدێکی مەنشەفیانە لیگەڕێین بۆرژوازی و سونەت و حزبە بورژوازیەکان یاریان پێ بکەن؟ وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارانە بەبێ دودڵی نەخێرە و دواتر ئەمانە زیاتر ڕوندەکەمەوە.

وەکو ئەمری واقع و دوور لە ویست و ئیرادەی ئێمە، دەبینین لە بەشێک لە کۆمەڵگەکانی ئێستادا بزوتنەوەگەلێک لەدژی سەرکوتی سیاسی، لەدژی ستەمکاری دەوڵەتە بورژوازیەکان، لە دژی بی مافی و جیاکاری و هەڵاواردنی زەق و ڕەق و نەبونی خزمەتگوزاریەکان و لە دژی ستەمی میللی و مەزهەبی و..و..لە مەیداندان. بۆ نمونە شۆڕشی میسر و تونس، بزوتنەوەی ناڕەزایەتی لە عێراق و کوردستان، مەیل و خواستی فراوانی کۆتیهێنان بە دەسەڵاتی ئێستای عێراق و کوردستان. کۆمۆنیزم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلە و ئەم بزوتنەوانە و خەبات بۆ کۆتیهێنان بەو ستەم و هەڵاواردنانە دەکات؟ بێگومان مەبەستم لە هەلومەرجێکدایە کە ئامادەییە زاتیەکانی چینی کرێکار بۆ دەستبردنی... ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری فەراهەم نییە. بەڕای من بەبێ دودڵی ئەرکی کۆمۆنیزمی کرێکاریە کە وەڵامی تەکتیکی گونجاو بەو کێشانە بداتەوە، ئاسۆی سیاسی خۆی بەسەر ئەو بزوتنەوە و خەباتانەدا سوار بکات، ئەرکی ڕێکخستن و ڕابەری کردنیان لە ئەستۆ بگرێت، وە سەرئەنجام پێناسەیەک بۆ

سەرکەوتنیان بەدەستەوەبدات کە هەم باشترین و کارسازترین چارەسەری فەوری ئەوکێشانە بکات و هەم ئەو

سەرکەوتنانە کۆمەک بکات بە زەمینەخۆشکردن بۆ پەرەسەندی خەباتی چینایەتی و شەفاف بونەوەی ڕیزبەندی چینایەتی و چونەسەری ئامادەییەکانی چینی کرێکار لە ڕێگای دەستبردن بۆ دەسەڵات و ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری.

بۆ نمونە سەردەمانێک کوردستان چارەنوسی هەڵواسرابوو، نوقمی سەرگەردانی بوو، بە هۆی ستەمی لە مێژینەی قەومی و دابڕانی عەمەلی لە عێراق بەبێ ئەوەی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەڕەسمی ناسرابێت، نوقمی سەرگەردانی بوو. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو دۆخەی بە هۆکاری هەڵوەشانی شیرازەی کۆمەڵگە هەروەها بە بەربەستێکی گەورە دەزانی لەبەردەم گەشەی خەباتی چینایەتی و ڕیزبەندی چینەکان و فەراهەم بوونی ئامادەیەکانی شۆڕشی کرێکاری، بەدروست وتی وەڵامی تایبەتی و فەوری بەم گرفتە جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە و پێداگری لەسەر ئەوەکرد کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێویستە غەیرە قەومی و غیرە مەزهەبی بێت. یان دۆخی ئێستای کوردستان و گێژاوێک کە بە هۆی دەسەڵاتی میلیشیایی و فیدرالیزمی قەومیەوە دوچاری بووە، خۆ ناکرێت بڵێین چارەسەری ئەم دۆخە تەنها شۆڕشی کرێکارییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی. ئەمە نە لەڕوی تیئوری ونە لە ڕووی عەمەلیەوە دروست نییە. چونکە دەکرێت ئەو بارودۆخانە و ئەو کێشانە بەبێ شۆڕشی کرێکاریش چارەسەر بکرێن. تەنانەت ڕێگاچارەی بورژوازیشیان هەیە، بۆ نمونە گێژاو و سەرگەردانی کوردستان دەکرا بە ڕێگاچارەی بورژوازی بۆ جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی و کوردایەتی چارەسەر بوایە. پێداگری لەسەر غەیرە قەومی و غیرە مەزهەبی بونی دەوڵەت مەرجێک بوو بۆ داشکاندنەوەی ئەو ئایندەیە بە قازانجی ئازادیخوازی و لێدان لە ڕۆڵی دین و مەزهەب و نەتەوەپەرستی و کۆتایهێنان بە تەفرەقە و ڕقوکینە و هەڵاواردنی میللی و مەزهەبی. مەرجێک بوو بۆ کۆتایهێنان بە زەمینەکانی دەمەزەردکردنەوە و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی هەموو ڕۆژەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی و گێرەوکێشەی قەومی و مەزهەبی، هۆکاریک بو بۆ وشکردنی ئەو زەلکاوانەی دەستە و تاقمە قەومی و مەزهەبیەکان گەرای خۆیانی تیا دەپیتێن. تا کاتێک ئەم زەمینەیە بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانەی ناسیۆنالیزم و مەزهەب لە ئارادا بێت، ئەوە خەیاڵێکی پوچە کە بکرێت بە زەبری فکر و خەباتی فکری ئەم نەرێتانە لاواز یان بنەبڕ بکرێ. ڕوداوێکی وەکو ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لانیکەم دەساڵ کاری فکری و هۆشیاردەرانە زەربی سفر دەکات. جگە لەوانە پێداگری لەسەر غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی بوونی دەوڵەت بایەخێکی زۆر گرنگ و تایبەتی هەیە بۆ بەشکستکێشانی ئەو نموزەجە تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانەیەی دەوڵەتانی زلهێز بە دیاریکراوی دەوڵەتانی غەربی بۆ نقومکردنی ئەم کۆمەڵگەیانە لە زەلکاوی شەڕ و کێشەی قەومی و مەزهەبیدا بەرێیانخستووە. دەیان دەستە وتاقم و باندی پڕچەکی قەومی ومەزهەبیان بەرەڵای گیانی خەڵک کردوە، مەزهەبی بوون و قەومی بوونیان کردوە بە بنەمایەکی دەوڵەت و چەندین دەسەڵاتی ناوچەیی. بەم جۆرە هەموو سیمایەکی مەدەنی وڵاتانی ناوچەکەیان بەسەریەکدا ڕوخاندووە. پێداگری لەسەر غەیرە قەومی بوون و غەیرە مەزهەبی بوونی دەسەڵات و دەوڵەت بوەتە مەرجێکی بەرگری لە پێوانە و سیما مەدەنی و پێشکەوتوانەکان و پێکهاتنی هەلومەرجێک کە سەرەتاییترین بنەماکانی ژیانێکی ئارام و دوور لەشەڕ وکوشتاری تیادا فەراهەم بێت و خەباتی چینایەتیش تیایدا پەرەبگرێت.

لە هەمانکاتدا پێداگری لەسەر غەیرە قەومی بوون و غەیرە مەزهەبی بوونی دەوڵەت، خۆی لە خۆیدا هیچ ناکۆکی نییە لەگەڵ ئەسڵی شۆڕشی کرێکاری هەر ئەمڕۆ (تەنانەت لەگەڵ حکومەتی کرێکاری، ئەمە دانی تەعەهودێک نییە کە ئەو دەوڵەتە غەیرە قەومی و غەیرە دینیە حکومەتی کرێکاری نەبێت. بەڵکو وەکو لە ستراتیژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا هاتووە، حکومەتی کرێکاری خۆی لە هەمانکاتدا باڵاترین جۆری دەوڵەتی غەیرە مەزهەبی و غەیرە قەومییە. سەرئەنجام لەهەر سەردەمێکدا ڕادەی تەکامولی خەبات و ڕیزبەندی چینایەتی و هاوسەنگی هێزی چینایەتی خەسڵەتی چینایەتی دەوڵەتیش دەبڕێتەوە. بێگومان شۆڕشی کرێکاری هیچکات لەسەر ئەوە ڕاناگیرێت کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی غەیرە کرێکاری ببێتە قۆناغێکی بەرلە شۆڕشی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. هەرکات ئامادەکاری ئەم شۆڕشە فەراهەم بێت، بێدەرەنگ چینی کرێکاری دەست بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەبات و تەنانەت ئەو غەیرە قەومی غەیرە مەزهەبیەش بە خودی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا مسۆگەر دەکات. بەدەر لە هەموو ئەمانە پێویستە هەر بزوتنەوەیەک بەوجۆرەی کە هەیە بیناسین، زەمینە و هۆکار و ئاستی ڕیزبەندی چیانیەتی و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی لەبەرچاوبگرین و لەسەربنەمای هەموو ئەوانە ئاسۆ و ئامانجەکەی گەڵاڵە بکەین. ئەمەش بەندە بە زەرورەتی مێژوییەوە، نەک بە ئیرادەگەری و ویست و ئارەزوی ئەفراد و ئەحزاب .لەم ڕوانگەیەوە ئیتر زۆر ڕونە کە ناکرێت ئەو خەبات و بزوتنەوەییەی ئێستا لە کوردستاندا مەیداندارە چ لە دژی گەندەڵی و ستەمکاری هەمەلایەنەی دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکان و چ لە دژی ملهوری حکومەتی مەرکەزی، ئارەزومەندانە وەکو شۆڕسی کریکاری چاوی لێ بکەین و سۆسیالیزم وەکو ئاسۆ و ئامانجەکەی پێناسە بکەین. بزوتنەوەیەک سۆسیالیستی نەبیت ناکرێت و ناتوانرێ ئامانجی سۆسیالیستی بەسەردا داببڕیت. کارێکی بەم جۆرە نە تەنیا بە قازانجی سۆسیالیزم نییە، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە داشکاندنی سۆسیالیزمە لە ناوەڕۆکە واقعیەکەی خۆی، تا ئاستێک کە لەڕێگای بزوتنەوەیەکی هەمەگیری خەڵکیەوە دەستەبەربێت. ئەمە دەبێتە جۆرێک لەو سۆسیالیزمە خەڵکیەی لە دوای شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ ڕەواجی پەیداکرد و لەلایەن مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە درایە بەر ڕەخنە. بەم مانایەش پۆپۆلیستیە.

ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وایە کرێکار و کۆمۆنیزم جگە لە سۆسیالیزم و حکومەتی کرێکاری هیچ وەڵامێکی تریان نییە بۆ کێشە و گرفتەکانی دنیای ئەمڕۆ، شتێک نییە جگە هەڵبەزودابەز لە نێوان پاسیفیزم و دەستەوەستانی لەلایەک و پۆپۆلیزم لەلایەکی ترەوە. کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو سونەتێکی سیاسی دەخاڵەتگەر، لە جەرگەی هەموو بارودۆخێک و لە ئاست هەموو مەسەلەیەکدا سیاسەت و تاکتیکی کارسازی ئەوتۆ دەگرێتەبەر کە بە کردەوە هەنگاوێک ڕوەو شۆڕشی کریکاری بەرەوپێشەوە هەڵگرێت،بەڵام ئەو میتۆدەی کە بە ڕواڵەت گوایە لە سۆسیالیزم نایاتەخوارەوە، لە ئاست وەڵامێکی فەوری و مومکین بە کێشەکانی وەکو؛ نەبونی ئەمنیەت، شەڕوکێشەی قەومی و مەزهەبی، مەسەلەی میللی و چەندین گرفتی تر دادەمێنێ، کە جگە لەوەی دۆخێکی کارەساتباریان بۆ جەماوەری کرێکار و ستەمدیدە خوڵقاندوە، کۆسپی گەورەشیان لەبەردەم ڕەوتی گەشەی خەباتی چینایەتی و بەرەوپێشچونی شۆڕشی کرێکاری پێکهیناوە. زەمینەیان بۆ چەواشەکاری "هاوچارەنوسی چینەکانی یەک میللەت "خوڵقاندوە، زەمینەیان بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی نەتەوەپەرستی و کینەی مەزهەبی و دینی پێکهێناوە. ئەم دیدگا و نەرێتە پەراوێزکەوتوە لە ئاست ئەو خەبات و بزوتنەوە جەماوەریانەی ڕاستەوخۆ لەدژی ئەم گرفت و هەلومەرجانە سەرهەڵدەدەن، بێ سیاسەت و بێ تاکتیک و دەست لەئەژنۆ دەمێنێتەوە. یان وەکو مەسائیلی ناپەیوەست بە چینی کرێکار و کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری، فەرامۆشیان دەکات و مەیدان چۆڵ دەکات بۆئەوەی بورژوازی کایەیان پی بکات. یان ناچار دەبێت هەموو خرۆشان و هەڵچون و بزوتنەوەیەکی لەم بابەتانە بە شۆڕشی کرێکاری لەقەڵەم بدات و سەرئەنجامیش سۆسیالیزمێکی خەڵکی وەکو ئامانجەکەی پێناسە بکات کە هاوتای ئەم بزووتنەوە خەڵکیانە بێت، لە جێگای سۆسیالیزمی کرێکاری. بۆ نمونە ئەگەر سەرنج بدەین ئەم میتۆدە لە هەڵوێست و مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایەتیە جەماوەرەیەکانی ئێستا لە عێراق و کوردستان، یان لە مامەڵە لەگەڵ خواستی هەڵپێچان و کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی ئەم حزبە میلیشیایانەی کوردستان، هەروەها لەگەڵ دیاردەکانی وەکو شۆڕشی میسر و تونس، ناتوانێ لە دوو حاڵەت بەدەربێت کە هەردوکیان وەکو دوو دیوی یەک پارە وان؛ یان وەکو بزووتنەوەی بورژوازی و کۆنەپەرستانە چاویان لێ دەکات و مەیدان چۆڵ دەکات بۆ باڵەکانی بورژوازی تا لە کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی ناوخۆیاندا یاریان پێ بکەن و ئاسۆ و سیاسەتی خۆیانی بەسەردا زاڵ بکەن، یان کاتێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی زەمینە و هۆکار و ئاستی ڕیزبەندی چیانیەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو بزوتنەوانە، سۆسیالیزم وەکو ئامانج بەسەریاندا دادەبڕێت و بەم پێیەش وەکو شۆڕشی کریکاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەوکات بە ناچاری سۆسیالیزمێک کە هاوتای ئەم بزووتنەوە جەماوەری و هەمەخەڵکیانە بێت دەکاتە ئاسۆکەی. بەم جۆرە ئەم میتۆدە یان گرفتاری پاسیفیزم و مەنشەفیزم دەبێت، یان پۆپۆلیزم.

هەر بزوتنەوەیەک دەبێ وەکو خۆی و بەوجۆرەی کە هەیە ببینرێت و بناسرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. دەبێ زەمینە و هۆکار و ئاستی ڕیزبەندی چینە دەخیلەکان و بافتی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە چینایەتیە واقعیەکەی لەبەرچاوبگیرێت. هەر لەسەر ئەم بناغانە ڕادیکاڵترین ئامانج و سەرکەوتنی بۆ گەڵاڵە بکرێت. ناکرێ ئارەزومەندانە سۆسیالیزم بکەیت بە ئاسۆی خەباتێک کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دژی دەسەڵاتی میلیشیایی و گەندەڵی و تاڵان و بڕۆی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە ئارادایە. ناکرێ سۆسیالیزم بکەیتە ئامانجی خەباتی جەماوەری و گشتگیری خەڵکی کوردستان دژی عەسکەرتاریەت و ملهوڕی دەوڵەتی مەرکەزی. کاتێک ئەمە وەکو بنەمای مامەڵە لەگەڵ ئەم بزوتنەوانە لەبەرچاو بگیرێت، بێگومان دەبێ سەرکەوتنەکەشی شتێکی جیاواز لە سۆسیالیزم و حکومەتی کرێکاری بێت. بەڵام زۆرترین کۆمەک بکات بە ڕەوتی پێشڕەوی بەرەو شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیزم. لێرەدا و لەم هەلومەرجانەدایە کە باسی دەوڵەتی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی و ڕادیکاڵترین بەرنامە بۆ ریفۆرم مانا و زەرورەت پەیدا دەکات و پەیوەندی نێوان ریفۆرم و شۆڕش مانایەکی دیاریکراو بەخۆوە دەگرێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری بەم میتۆدە لەم کێشە و گرفت و بزوتنەوانە دەڕوانێ. جگە لەوەی پێداگری دەکات کە هەرکات چینی کرێکار و حزبی کۆمۆنستی ئەم چینە توانای بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری پەیدابکات، بێ درەنگ دەست دەبات بۆ دەسەڵاتی سیاسی و شۆڕشی کرێکاری بەرپادەکات و لەسەر هیچ هەنگاوێکی بەیناوبەینی و تۆزقاڵێک هاتنەخوارەوە لە ڕیشەکێشکردنی نیزامی کاری بەکرێ و مولکایەتی تایبەتی ڕاناوەستێ و هەر ئەمەش دەکات بە ڕێگاچارەی فەوری و کارساز و ڕیشەیی هەموو گرفت و کێشەکانی دنیای ئەمرۆ. هەر لە نەبوونی ئەمنیەتەوە تا شەڕوکێشەی کۆنەپەرستان و تا کێشەی میللی و نەبونی خزمەتگوزاری و ..و..تا وەختێکیش چینی کرێکار و حزبی سیاسی ئەم چینە توانای ئەوەی پەیدانەکردبێت کە ئاسۆیەکی نزیک بۆ ئەم شۆڕشە نیشانبدات، یەک ڕۆژ ئەم گرفت و کێشانە بێ وەڵامی فەوری و لە چاوەڕوانی شۆڕشی کرێکاریدا ناهێڵێتەوە. هەربەم پێیەش بزوتنەوە جەماوەری و ڕولەپێش و ئازادیخوازانەکان، لە دەوری ڕێگاچارەی فەوری بۆ ئەو کێشانە ڕابەری و ڕێکخراو و ئاسۆدار دەکات، وە پێناسەیەک بۆ سەرکەوتنیان گەڵاڵە دەکات کە هەم بە ڕادیکاڵترین شێوەی مومکین چارەسەری دەمودەستی ئەوکێشانە بکات، هەم کۆمەک بکات بە گەشەی خەباتی چیانیەتی و بەخۆداهاتنەوەی چینی کریکار و خوڵقاندنی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ چونەسەری خێرای توانای سیاسی چینی کرێکار بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری. لەم هەلومەرجانەدا کۆمۆنیزمی کریکاری وەکو دەوڵەت لە دەورانی گوزاردا مامەڵە لەگەل دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی دەکات. بورژوازی دەیەوێ دەسەڵاتی سیاسی بۆ داشکاندنەوە ئەزمەکانی بەسەر چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوەدا لەڕێگای پاشەکشەکردن بە خەبات و بزوتنەوە رادیکاڵەکان بەکاربەرێت، کۆمۆنیزمیش شێوەیەک لە دەوڵەت لەو دەورانە گوزارەدا دەخاتە بەردەم ئەو بزوتنەوانە و بۆ فەرزکردنی تێدەکۆشێت، کە ئەزمەی سەرمایەداری قوڵتربکاتەوە و بیگۆڕێ بۆ ئەزمەیەکی شۆڕشگێڕانە و لە پرۆسیسێکی شۆڕشی بەردەوامدا بەرەو شۆڕشی کرێکاری دەفعی بکات.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بزوتنەوەی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا وەکو بزوتنەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشگیرانە، لە دەوری ئاسۆیەکی سیاسی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیخاتە بەردەمی و بە ڕابەری کۆمۆنیزم پەرەبگرێت و بەسەرکەوتنیش بگات، هێشتا ئەمە بە مانای دەقیقی وشەکە شۆڕش و سەرکەوتنی شۆڕش نییە. بەڵام ئەگەر سەرکەوتنی بزوتنەوەی هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە بەو هەلومەرجانەوە کە کۆمۆنیزم دەیخاتە بەردەمی بەسەرکەوتن بگات، گورزێکی گەورە لە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی بورژوازی دەدات و ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری هەموار دەکات و هەلومەرجێک دەخوڵقێنێ کە وەکو لینین دەڵێ "لە هەر ڕۆژێکدا بە ئەندازەی بیست ساڵ"ی دەورانی ڕکودی سیاسی و دەسەڵاتێکی بورژوازی سەقامگیر، ڕەوتی ئەم شۆڕشە خێرادەکاتەوە. بە مانایەکی تر هیچ قەتع و ڕاوەستانێک ناکەوێتە نێوان سەرکەوتنی بزووتنەوەی هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و هەنگاوی ڕاستەوخۆ بۆ شۆڕشی کرێکاری، هەروەکو لنین دەڵێت "دیواری چینیان لە نێوان نییە"، بەواقعی دەکرێت هەر ڕۆژێک بە ئەندازەی بیست ساڵ بەرەو سۆسیالیزم تاوبدرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# دیمانە لەگەڵ ئاسۆ کەمال... سەبارەت بە تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر بە پرسی ریفراندۆمدا

## بەشی دووەم و کۆتایی


Public domain

**بۆپێشەوە: ریفراندۆم بەسەرکەوتووی ئەنجامدراو خەلکی کوردستان دەنگیان بەجیابوونەوەدا، بەڵام حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کە لایەنگرو پشتیوانی ریفراندۆم بوون، دەستیان لە ئاکامی ریفراندۆم هەڵگرت و ئێستا ئەوەندەی پەلەیانە لەگەڵ بەغدا رێک بکەون، نیو ئەوەندە پابەندی ئاکامی ریفراندۆم نین، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێرنەوە؟ هەروەها دۆخی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر تا ئێستاش، نیشانی دەدات، کە فیدرالیزمی قەومی و مایەپوچ بووەو ئایندەی خەلکی کوردستان لە بەغدا نییە، لاتان وانییە پێویستە ئامادەکاری و پێداگری لەسەر جیبەجێکردنی ئاکامی ریفراندۆم بکرێت؟**

**ئاسۆکمال:** ئەنجامدانی رفراندۆم هەمیشە شانسی سەرکەوتنی هەیە، چونکە زۆربەی زۆری خەڵک بە تەجروبەی پراکتیکی خۆی بەو ئەنجامە گەیشتوە کە سەربەخۆیی رێگاچارەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بەڵام حزبە ناسیونالیستەکان ئەنجامدانی رفراندۆمیان بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکەی نەبووە، بەڵکو وەسیلەیەک بوو کە لە رێگایەوە دەیانویست شەرعیەتێک بدەن بەو جێگەورێگەی تازەیان کە لە دوای داعشەوە بەدەستیان هێنابوو. چ لە ناوخۆی عێراق و چ لە ئاستی ناوچەکە و جیهان ئەمەیان بۆ نەچووە پێش و شکستیان هێنا. هۆکاری سەرەکی ئەوەی بە ئەنجامی رفراندۆمە پابەندنین ولەگەڵ بەغداد رێکەوتونەتەوە ئەوەیە کە ستراتیژی ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا سەربەخۆیی کوردستان نییە. هەرچەندە ئەم کێشە قەومیە لە هەردوولاوە بەردەوامە. بۆئەوەی لەم ئەنجامگیریە تێبگەین پێویستە سەرەتا کورتەیەکی پرۆسەیەکی مێژوویی-ئابوری ئەم کێشەیە باس بکەین.

بورژوازی لە عێراقدا نەیتوانیوە لەدەوری بازاڕی نەوت هاوئاهەنگیەکی سیاسی و فەرهەنگی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی عێراقی دروست بکا. ناسیونالیزمی عەرەبی دەورەیەک توانیویەتی وەک سەرخانێکی سیاسی زۆربەی خەڵکی عێراق وەک نەتەوەی عەرەب بە دەوری دەوڵەتی عێراقدا رێک بخا، بەڵام هەر ئەمە وای کردوە کە کەمایەتیەکی خەڵکیش وەک کورد وەک هاوڵاتی پلەدوو لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا مامەڵە بکا و سیاسەتی تەعریبکردنی کەرکوک و جێگا تێکەڵاوەکان بگرێتە بەر. لەدوای ڕوخانی بەعسیشەوە ئیسلامی سیاسی بەهەردوو باڵەکەیەوە خەڵکی عێراقیان کردە دوو نەتەوەی شیعەو سونەی عەرەبی کە هەرچی زیاتر ئەم جیاکاریەی نێوان هاوڵاتیانی عێراقی توندترکردەوە و ئێستا بورژوازی لە عێراقدا خاوەنی هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی نییە کە بتوانێ هاوئاهەنگیەکی سیاسی و فەرهەنگی سەراسەری بۆ دەوڵەتی عێراق و هاوڵاتیەکانی دروست بکا و شەڕ و ململانێی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەم دەوڵەتەی لەبەریەک هەڵوەشاندوە و ناجێگری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەی توش کردوە.

لە کوردستانیش ناسیونالیزمی کورد لەبەرئەوەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شێوەی عەشیرەتگەری و ناوچەگەریدا دێتەمەیدان و لە ڕێگەی زمان و خوێندنی ڕەسمی کوردیەوە فەرهەنگێک شکڵ پێدەدا کە ناتوانێ هەموو بەشەکانی سۆران و بادینان هاوئاهەنگ بکا و کێشەی ناوخۆی بزوتنەوە سیاسیەکەشی لە شێوەی جەلالی و مەلایدا زیاتر ئەم خەسڵەتی بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری و ناوچەگەریە تۆخ دەکاتەوە. لە دوای ١٩٩١یشەوە هەرچەند دیفاکتۆ سەربەخۆ دەبێ لە ڕژێمی بەعس، بەڵام نە لەباری ئابوریەوە توانای سەربەخۆی دەبێ و نە لەباری سیاسیشەوە دەتوانێ یەک ئیدارە بێت و بەم شێوەیە دوو ڕۆشنبیری ناوچەگەری لەلایەن دوو حزبی چەکدارەوە دەبێتە ناسنامەی دانیشتوانی کوردستان. لە ٢٠٠٣وە ئاڵوگۆڕی گرنگ لەباری ئابوریەوە ڕودەدا و نەوت دەبێ بە بنەمایەکی ئیمکانی سەربەخۆبون و ڕێکەوتنی ستراتیژی دەساڵەش حکومەتی هەرێم دەکاتە ئەمری واقیع. بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە ئیدارەی سیاسی و یاساییدا ڕونادات و دەستور و پەرلەمان و دەزگاکان وەک خۆیان ناکارا و ناجێگیر و ژێردەستەی سیستەمی میلیشیایی دوو ئیدارەی حزبی دەمێنێتەوە. هەم سیاسەتی نێودەوڵەتی و دژایەتیەکانی ئێران و تورکیا و هەم بەرژەوەندی سیاسی و ئابوریەکانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار و پەیوەندییە پاشکۆیەکانی یەکێتی بۆ ئێران و پارتی بۆ تورکیا قاڵبی مانەوەی کوردستان لەعێراقدا دەسەپێنن.

حزبە دەسەڵاتدارەکانی ناسیونالیزمی کورد لەو چوارچێوە سیاسی و نێودەوڵەتیەی تیایدا کاردەکا بەرژەوەندیەکانی لەئاستی لۆکاڵ و ناوچەکانی سەوز و زەرددا لە پاراستنی سیستەمێکی میلیشیایی عەشیرەتی و بنەماڵەییەوە بەڕێوەدەچێ کە لە پێناو پاراستنی ئەم دەسەڵاتە هەرێمیە ولەژێر فشاری دەرەوەدا پێویستی بە جۆرێک ڕێکەوتنە لە ئاستی کوردستاندا، بەڵام ئەمە نە سیستەمێکی سیاسی جێگیرە نە خاوەنی بەرنامەیەکی دەوڵەتی و ستراتیژیە. ئەم پێویستیانەی دەسەڵاتە ناوچەگەریەیە کە پلەی هاوئاهەنگی لە نێو ناسیونالیزمی کورددا دروست دەکات، نەک وەک ئەوانەی پێیان وایە کە یەکێتی و پارتی ناسیونالیست نین هەربۆیە هاوئاهەنگیان نییە و دژ بەیەک دەوەستن و لەگەڵ هێزی دەرەکیدا ڕێک دەکەون لەدژی یەکتر. بورژوازی کوردیش ئەم حزبە ناسیونالیستانەی وەک نوێنەری سەرەکی خۆی لەم سێ دەیەیەدا قبوڵکردوە و هیچ بزوتنەوەیەکی تری بورژوازی نەیتوانیوە ڕەقیبی بێت و بتوانێ دۆخی کوردستان بگۆڕێ وئایندەیەکی جیاواز بۆ چارەسەری کێشەی قەومی بخاتە ڕوو.

سەرەڕای ئەمەش لە فیدرالیزمی قەومی و سیستەم وپێکهاتەی سێ کوچکەی قەومی و مەزهەبی کورد – شیعە – سونە، لەوەی تا ئێستا لە ٢٠٠٣ەوە گوزەراوە باشتر دروست نابێ.ئەم جۆرە فیدرالیزمە مانای ناجێگیری و کێشە و شەڕی بەردەوامە. خەڵکی کوردستان کاتێک لە رفراندۆمێکدا، کە مەسعود بارزانیش سەرپەرشتی دەکا، دیسانەوە هەر دەنگ بەسەربەخۆیی دەدا نیشانەی شکستی ئەو فیدرالیزمەیە لە قەناعەتی خەڵکدا. پێش ١٦ ئۆکتۆبەر و دوای ئەویش هەر خەلک دەزانن هیچ ئایندەیەکیان لەگەڵ ئەم حکومەتە مەزهەبی و شیعەی عێراقدا نیە و هەر رفراندۆمێکی تریش بکرێ و هەر فرسەتێکی تر بێتە پێشەوە داوای سەربەخۆیی دەکەن.

رفراندۆم لەسەر دەستی ئەم حزبانە خۆی ناتوانێ هیچ لەم واقیعەتانە بگۆڕێ. تەنیا وەک وەسیلەیەک بوو کە پارتی و یەکێتی بەکاریان هێنا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتیان لەو هاوسەنگیەی دوای داعشدا. لە کاتێکیشدا ئەم وەسیلەیە نەیتوانی ئامانجی ئەم دوو حزبە دابین بکا ئەوا هەردوولا گەڕانەوە سەر درێژەدان بە هەمان ستراتیژی مانەوە لە عێراق و قبوڵکردنی ڕۆڵی کەمایەتی لە سایەی زۆرینەی حکومەتی شیعەی عێراقدا. هەر نەبوونی ئەم بەرنامە وئاسۆیەش بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی و ئابوری سەربەخۆ لە بەغداد وای کردوە کە ناسیونالیزمی کورد لە بنەبەستدا بمێنێتەوە و نەتوانێ شەرعیەتی خۆی لەڕێگای ئایدیا و ڤیژن و سیاسەت و فەرهەنگێکی دەوڵەتیەوە جێگیر بکا و هەمیشە ئایندەی ئەم دەسەڵاتداریەتیە نادیارە، هەربۆیە پێویستی بە سەرکوتی بێ پەردە یان تۆخکردنەوەی سنورە ناوچەیی و عەشیرەتی و حزبیەکانی زیاترە بۆ درێژەدان بە مانەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکانی. ئەم شێواز و سیستەمی بەڕێوەبردنە لەبواری بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت و بازرگانی و وەرگرتنی گومرگی سنورەکان و بودجە لە دەوڵەتی عێراق، یاخود لە بواری سیاسەت و پەرلەمان و یاسا و پەروەردە و هتد.. دەبینرێ.

ڕوداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر و چونەوە بەغداد و بەشداری پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتی عێراق ئیتر ئەو مەلەفەی داخستوە کە ناوی "ئاکامی رفراندۆم" بوە. لەبەرئەوەی پارتی و یەکێتی رفراندۆمیان ئەنجام دا و خەڵک تەنیا بەشداری لە پرۆسەیەکدا کردوە و دەنگی بەسەربەخۆیی داوە لەبەرئەوەی ئەوە بە قازانجی بووە. ئێستاش وەک پێش رفراندۆمی سێپتەمبەری ٢٠١٧ خەڵک هەمان خواستی هەیە، بەڵام ئەم خەڵکە خاوەنی بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی سیاسی و جەماوەری نییە تا خۆی بکاتە میراتگری ئەو رفراندۆمە و هیچ کام لەو هێزانەشی ئەم رفراندۆمەیان بەرپاکرد ئێستا خۆیان ناکەن بە خاوەنی. لە ئێستادا ئەم رفراندۆمەی سێپتەمبەری ٢٠١٧ وەک رفراندۆمی نافەرمی ٢٠٠٥ لەسەر کاغەز یان نێتدا ماوەتەوە و خاوەنداریێتی رفراندۆم و سەربەخۆیی بە بەدەستەوەگرتنی "ئاکامی رفراندۆم" ئۆتۆماتیکی خۆی نابێتە هێزێکی یاسایی و فیعلی، کە تەنیا بە ئاماژەپێکردنەوەی"ئاکامی رفراندۆم" فشارێک دروست بکا کە لە یەکێتی و پارتیەوە تا حکومەتی عێراق و ئەمریکا و UN حسابی بۆبکا.

**بۆپێشەوە: ناوەندی سەربەخۆی کوردستان، لەسەروبەندی ریفراندۆمدا، چالاک بوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی ئەنجامدانی ریفراندۆم، کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، پێویست نییە لایەنی سیاسی ترو لەوانەش ناوەندی سەربەخۆی کوردستان، چالاک بیتەوە یان بەدیلی ناوەندی سەربەخۆ کوردستان پیک بێت و کار بۆسەربەخۆی کوردستان و جێبەجێکردنی ئاکامی ریفراندۆم بکات؟**

**ئاسۆکمال:** ئێمە وەک کەمپینی رفراندۆم و گۆڤاری رفراندۆم و دواتر ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا چالاکی جۆراوجۆری سیاسی و ڕاگەیاندن و نارەزایەتیمان ئەنجامداوە. لەهەر دەورەیەکدا بەپێی پێویستی و ئەولەویەت و تواناییەکانی خۆمان و پشتیوانیەکان شێوازی کارمان دیاریکردوە و گۆڕیومانە. دەورەیەک زۆر چالاک بوین و دەورەیەک کپ بوین. ئێستاش دەورەیەکی کپیە لەدوای رفراندۆمی سێپتەمبەری ٢٠١٧ و هەر کات ئەم خواستە لەکۆمەڵگەدا کەوتەوە ئەولەیەتی خواستەکانی خەڵک ئێمەش بێگومان کاری زیاتری لەسەر دەکەین. تەجروبە و توانای تیوری و پراتیکی و ڕاگەیاندنی بۆ دەخەینەوە کار. ئەوەی تا ئێستا وەک کەمپینی رفراندۆم و ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان کراوە ئامانجی خۆی لەوەدا بەدیهێناوە کە رفراندۆم و سەربەخۆیی وەک فکرە و ڕێگاچارە ناسراوە و چیتر پیویستی بە ناساندن نەماوە. جەماوەری ملیۆنی رفراندۆمیان کرد و تەجروبەیان هەیە و ئەوەی بەردەوامە باسی دۆخی سیاسی کوردستان و ئایندەکەیەتی کە دەکرێ لە ڕێگەی میدیا و کۆڕەوە باس بکرێ و وەک ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان یان کەسایەتیەکانی ئەم بوارە بەردەوام دەبین.

ئەوە ڕۆشنە کە ئێمە وەک کەمپین و کاری ڕۆشنگەری و نارەزایەتی و کۆڕ و کۆنفرانسی زۆرمان گرت لە ٢٠ ساڵی ڕابوردودا لەسەر رفراندۆم و سەربەخۆیی، بەڵام لەبەرئەوەی وەک کۆمۆنیزم بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری نەبوین و دەسەڵاتدار نەبوین نەمانتوانی رفراندۆم بەرپابکەین و پارتی و یەکێتی لەبەرئەوەی هێزی دەسەڵاتداربون ئەنجامیاندا. ئەمە هەمان ڕاستیمان پێ دەڵێ لەسەر ئەوەی کە لایەنێک دەتوانێ "ئاکامی رفراندۆم" بەدەستەوە بگرێ و جێبەجێ بکا کە لە جێگای پارتی و یەکێتی ئەو دەسەڵاتداربێت. بەبێ ئەم هێزە ناتوانین ٢٠ ساڵی تریش کەمپین و کۆڕ و خۆپیشاندان بۆ "ئاکامی رفراندۆم" بکەین و هەموو کاتیش پێمان وابێ بەم ئاڵا و دروشمەوە سبەینێ دەبینە میراتگری "ئاکامی رفراندۆم" و سەربەخۆیی جێبەجێ دەکەین.

وەک لەسەرەتاوە وتم لەوانەکانی رفراندۆمەوە دەبێ بزانین کە میراتگری سەربەخۆیی و بەکارهێنانی بەڵگەی "ئاکامی رفراندۆمی سێپتەمبەری ٢٠١٧" لە پێشدا پێویستی بەهێزێکە کە چارەنوسی کوردستان دیاری بکا و ئەو کات لە جێگای پارتی و یەکێتی بڕیاری سەربەخۆیی دەدا یان ئەگەر پێویست بوو رفراندۆمێکیشی بۆ بەرپادەکا. بۆ لێسەندنەوەی دەسەڵاتیش لە یەکێتی وپارتی پێویستە بەدیلێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی دروست ببێ کە سەرجەم سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئەم دوو حزبە هەڵوەشێنێتەوە. ئەمەش بەدەوری خواستی ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کەمدەرامەت و ئازادیخوازی کوردستانەوە شکڵ دەگرێ نەک بەتەنیا بەدەوری "ئاکامی رفراندۆم" و خواستی سەربەخۆیی کوردستانەوە. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئەم چینە چەوساوەیە سەربەخۆیی بەدەرگای کرانەوەی ڕزگاری و ئازادی خۆی نابینێ، بەڵکو بەشێکە لەچارەسەرێک کە دەبێ لەگەڵ لابردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی یەکێتی و پارتیدا کێشەی چارەنوسی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا یەکلایی بکرێتەوە. ...

لە پرسیارەکەتدا باست لە "بەدیلی ناوەندی سەربەخۆی کوردستان کردوە کە پێک بێت" و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جێبەجێکردنی ئاکامی رفراندۆم بکا. وەک وتم ئەم بەدیلە دەبێ بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بێتە مەیدان...

بۆ لاپەرە ١٤

## درێژەی... دیمانە لەگەڵ ئاسۆ کەماڵ...

تاکو بتوانێ سەربەخۆیی و سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بەدی بێنێ. ئەم کارە بە پرۆژە و کەمپینێک ناکرێ کە هێزی جەماوەری و سیاسی نەبێ و نەتوانێ لە جیاتی یەکێتی و پارتی بڕیار لەسەر پەیوەندی و چارەنوسی کوردستان لە گەڵ عێراق و حکومەتی ناوەندیدا بدات. ئێستا ئەولەویەتی کاری ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە بزوتنەوەیەکی چینایەتی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بەرێ بخەین، تاکو بتوانین کیشە سیاسی و ئابوریەکانی بەردەم خەڵک لەوانەش سەربەخۆیی وەڵام بدەینەوە، بەتایبەتیش لەهەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی عێراق و ناوچەکەدا وەک ئەم هێزە سیاسی و جەماوەریە سەربەخۆیە بتوانین چارەنوسی کوردستان بگۆڕین.

دوای ١٦ ئۆکتۆبەر هاورێیانێک "بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان" دروستکرد وەک بەدیل بۆ "سەربەخۆیی" هەر ئەوکات ئەم ڕەخنانەم لەو پرۆژەیە گرت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵیان باسمکرد، کە دەمەوێ لێرەدا بەچەند خاڵێک ڕەخنەکانم لەو پرۆژەیە باس بکەم بەمەبەستی ڕۆشنترکردنەوەی پرسیارەکەی تۆ سەبارەت بە "بەدیلی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان".

یەکەم؛ ئەم پرۆژەیە دوو مەسەلەی تێکەڵ کردوە یەکەمیان ئازادی و دوەمیان سەربەخۆیی کوردستان. کە ئەمە دوو کیشەی جیاوازن. لەوانەیە کوردستان بە سەربەخۆیی بگات، بەڵام هیچ ئازادیەکی تێدابێت، وە ئازادیش و حکومەتی نوێنەرانی خەڵک لەڕێگای سەربەخۆییەوە نایەتەدی. هاوکات باسی گۆڕینی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بە دەوڵەتی نوێنەرانی خەڵکی دروشمێکی پۆپۆلیستیە و وەک کۆمۆنیست دوای دووسەدە لە تەجروبە و زانست و تیۆری ئەوەی دەوڵەت نوێنەری چینێکی دیاریکراوە و شەڕی چینایەتی هەمووی لەسەر دەوڵەتە و شتێک نییە بەناوی دەوڵەتی ئازادی خەڵک .

دووەم؛ هەربۆیە ئەم پرۆژەیە زیاتر کەمپینێکی تەبلیغاتی دوای دۆخی ١٦ ئۆکتۆبەرە کە پێی وابوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لە کوردستان تەواو بووە و ئەم بزوتنەوەیە ئەرکی دروستکردنی حکومەتێکی کاتی وئامادەکردنی دەستور لەماوەی 6 مانگدا.و دیاریکردنی "لیژنەی دانوسان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندا"و" هەیئەتەکانی نوێنەرایەتی خەڵکی شارەکان و کۆمیتەو لیژنەکانی پەیوەست پێیانەوە، لەقۆناغی ڕاگوزەرداو شتی لەو بابەتەیە کە "دۆخێکی شۆڕشگێڕانە" دەیخوازێ. ئەمە هیچ لێکدانەوەی واقعی لە دۆخی سیاسی و هاوسەنگی و ململانێی هێزەکان و هەربۆیە ئەم پرۆژەیە هیچ فکر و تیۆریەکی سیاسی جدی لە پشتەوە نییە.

سێهەم؛ هاورێیانێک کە تیۆریزەی ئەم بزوتنەوەیە دەکەن دەڵێن"حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان" ناتوانێ ئەم بەدیلە بێت بۆیە "بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان" پێویستە. کەواتە ئەمە دۆزینەوەی بەدیلی حزبە نەک بەدیلێک بۆ وەڵامدانەوە بە نیازەکانی چینی کرێکار و خەڵکی کوردستان. چونکە ئەگەر بەدیلێک بتوانێ حکومەتی نوێنەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دروست بکا و سەرچاوەی دارایی و سەربازی بخاتە دەست ئەم چینە چەوساوەیە و ئازادی و یەکسانی لەکۆمەڵگەدا دابین بکا ئیتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆچی پێویستە؟ هەربۆیە دەبینین ئەم "بەدیل"ە کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا جێگای حزبی گرتۆتەوە و تەنانەت لە نارەزایەتیەکانی کرێکاران و فەرمانبەرانیشدا ئەم حزبە "بەدیلەکەی" دەنێرێ پەیام بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان بدا! بەڕای من ئەم دۆزینەوەی بەدیل بۆ کۆمۆنیزمە نیشانەی ئەزمەی بزوتنەوەکەمانە، کە دەبێ نەک بە هێنانی پرۆژەی خەیاڵی، بەڵکو بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە کێشە و کەموکوڕیەکانی بکۆڵینەوە و بزانین کە چۆن دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی و لەوانە بەدیهێنانی خواستی خەڵکی کوردستان بۆسەربەخۆیی بەدی بهێنێ.

بەکورتی ئەمڕۆ کاری ئێمە وەک کۆمۆنیستەکانی کوردستان وەڵامدانەوەیە بەسەرجەم ئەو پێداویستیانەی بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری کرێکاری لە کوردستان دێنێتەمەیدان کە دەتوانێ لەهەموو مەیدانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا وەڵامی پراتیکی خۆی بەو کێشانە بداتەوە کە بورژوازی کورد و حکومەت و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمەڵگەی کوردستانیان دروستکردوە. پرۆژە و بەدیلی دروست و واقعی دەبێت لەلایەن ئەم هێزەوە بخرێتە ڕوو ئەوکات دەبێتە بەدیل و واقع.

## درێژەی... لە گۆشەیەکی ترەوە

نەبۆتە پەیامبەرو... قارەمانی ئەو کارەساتە نەخیر هەرگیز...! بێگومانە ئەوانە هۆکارێک بوونە بۆ کۆیلەو قوربانی بوونەکەی، بەڵام ئەوەی ئەوی کردوە بە پەیامبەرو قارەمانی ئەو ڕوداوە کارەساتبارە بە پلەی سەرەکی لەبەر ئەوەیە کە ئەو خاوەن ئیرادەو ئامادەیی و قوربانی ئازادانەیە لە پێناوی گەیاندنی کرۆکی ئەو کارەساتە بە ڕای گشتی ئازادیخوازی جیهان. بۆیە ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە سەرنجی کارەسات و قوربانییەکانی خەڵکی شەنگال و خودی ڕۆڵ و ئەرک و پەیامەکەی نادیە موراد بدەین ئەوە بەو ڕایە دەگەین کە ئەو بەڵێ ئەمڕۆ لە نێو دەیان هەزار کەسی قوربانی، و تەنانەت ئەوانەی لەناو ڕیزەکانی حزبەکانی کوردایەتی و خێڵەکیەکاندان و خاوەن بڕوانامەو سیاسەتمەدارن، بەڵام نادیە بۆتە هێماو پەیامبەرو قارەمانی ئەو خەڵکە قوربانییە. بەڵێ ئەوەی ئەم قوربانییەی کردە پەیامبەرو قارەمانی کارەساتی شەنگال، تەنها ئیرادەو ئامادەیی و عەزم و جەزمی ئینسانی خۆی بوو. خۆ ئەگەر هەر کەس و لایەن و دەزگاو دەوڵەتیکیش لە پشتی ئەو ڕوداوە هەر مەبەست و بەرژەوەندیەکییان هەبێت، کە بێگومانە زۆریان هەیانە، ئەوە هیچ لە پێگەو ڕۆڵ و ئەرک و پەیامەکەی نادیە کەم ناکاتەوەو نابێت کەم بکرێتەوە.

## درێژەی... هەواڵ و نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان

لەگەڵ کۆمپانیای ماریۆت. کرێکارەکان خوازیارن کە لەو گرێبەستە تازەیەدا کرێکانیان زیاد بکرێت و مەسەلەی دڵنیایی لە بەردەوامی کارەکانیان دەبێت لەو گرێبەستە تازەیەدا خاڵی گرنگ بێت و گرنگی زیاتری پێ بدرێت. هەروەها لەبەر هاتنە کایەی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی زیاتر بۆ ناو میوانخانەکان و چێشتخانەکان دەبێت بابەتی سەلامەتی کاریش گرنگی زیاتری پێبدرێت و داوایەکی سەرەکی کرێکارەکان دەبێت.

جێگەی باسە بە پێی بەدواداچوونی هەندێک سەرچاوە لەوانە لەبەر ستارت کۆمپانیای ماریۆت بۆ میوانخانەکان، یەکێکە لە پارەدارترین و قازانج هێنەرترین کۆمپانیا لە سەرتاسەری جیهاندا.

**نزیک بەچارەکە ملیۆن هاوڵاتی ئەڵمانی دژ بە نەژادپەرستی وڵاتەکەیان خۆپیشاندانیان کرد!**

دامەزرێنەرانی سۆشیالیزمی زانستی (مارکس و ئەنگلس) لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێن" لەگەڵ نەمانی کێشمەکێشی نێوان چینەکان لەناو گەلدا، هەڵوێستی دوژمنکاری و کینەی نێوان نەتەوەکان لەناودەچێت".

ئەمڕۆ شەممە ١٣ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٨، ڕێپێوانێکی مەزن لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، بەڕێوەچوو دژ بە نەژادپەرستی. ڕێکخەرانی ڕێپێوانەکە گوتیان کە نزیک بە چارەکە ملیۆنێک کەس بەشداریان کردوە. ئەم ژمارەیەش لە سەروی پێشبینیەکاندا بوو. بەرەی (ناکرێت دابەشبین) بانگەوازی ئەو نارەزایەتیەی کردبوو، لەژێر دروشمی( لە پێناو کۆمەڵگەیەکی کراوە و ئازاد- هاوپشتی لە جیاتی تەریکخستنەوە).

ئامانجی ئەو بەرەیە، وەستانەوەیە لە بەرامبەر هاندانی بەرەی ڕاست و جیاکردنەوەی و خنکانی پەنابەران لە دەریان سپی ناوەڕاست، و کەمکردنەوەی کۆمەکە کۆمەڵایەتیەکان. فیلیکس مۆلەربۆ ئاژانسی هەوالی ئەڵمانی (د.ب.ا) گووتی" ئێمە زۆر ڕازین لە بەرەوپیرهاتنەکەمان"، ئەوەشی زیادکرد" ئەمە جەختکردنەوەیە لەسەرئەوەی کە کەسانێکی زۆر هەن کە دەیانەوێت ئاماژە بەوە بکەن لەپێناو هاوپشتی دژ بە توندڕەوی ڕاست. خۆپیشاندەران لافیتە و باڵۆنیان هەڵکردبوو کە لەسەری نووسرابوو (نا بۆ هاندان دژ بە موسولمانان و نەژادپەرستی بەدیل نییە). ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و یەکێتیەکان و پارتەکان پشتیوانی لەو ڕێپێوانە دەکەن.

قسەکەری بەرەی (ناکرێت دابەشبین) بەناوی(تیریزا هارتمان) بۆ ئاژانسی هەوالی فەرەنسی (اف ب) گووتی" ئێمە ئەمڕۆ لێرەدا زۆر ڕوو ناکەینە سیاسەتمەداران، بەڵکو ڕوومان لە کۆمەڵگەی مەدەنیە. لەسەر خەڵک پێویستە کە تێبینی ئەوەبکەن کە لەسەر خۆمانە شتێک بجووڵێنین بۆئەوەی گۆڕانکاری ڕوووبدات".

سیاسەتمەدارێکی سەر بە پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی گووتی"زۆرینەی هاوڵاتی ئەڵمانی پشتیوانی لە لێبووردەیی و کرانەوە لەبەرامبەر دنیا دەکەن. ئەوەشی زیادکرد کە نەتەوەیی تازە کێشەکان چارەسەر ناکات. هەروەها گووتی" پێویستمان بە دابڕان نییە، بەڵکو پێویستمان بە کۆمەکی نێودەوڵەتی پتر هەیە. هەمەجۆری ڕەنگی پێست و ئەسنیک و ئایین و شێوەی جیای ژیان، دەبێتە دەوڵەمەندبوونی ئێمە، نەک هەڕەشە". ئاماژەشیدا بە" دوژمنایەتیکردنی بێگانە، و دژایەتی سامیەکان، نابێت جێگەیان بێتەوە. نەک تەنیا لێرە، بەڵکو لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان".

ئەم هەواڵەی لەم سەرچاوە گرنگەی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە، جێگەی خۆشحاڵیە و هیوابەخشە بۆ پشتیوانی لەو بیردۆزەی کە دەڵێت (دوژمنایەتی نێوان گەل و نەتەوەکان بوونی نییە). واتە؛ سەرەڕای جیاوازی پێست و ڕەگەزی ئینسانەکان، ڕق و کینەی نێوان ئینسانەکان بوونی نییە. دوژمنایەتی و ڕق و کینە و جەنگ، بە بیانووی پێویستی چینایەتی دەکرێت. چینی دەسەڵاتدار، بەردەوام خەریکی جیاکاریە. مۆرکی ئایدیۆلۆجی درۆینە و نەژادپەرستی و ئایینی تایفی گەشە پێدەدات بۆ وەگەڕخستنی جەنگ و پڕکردنەوەی چاوچنۆکی خۆیان. لە نموونە زۆر بەناوبانگەکان؛ بانگەوازی هیتلر بوو، کاتێک میللەتی ئەڵمانی جۆش دەدا بە درۆی( ئەڵمانیا لەسەروی هەمووانە). یان لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جوولەکە دەیانگووت (جوولەکە میللەتی هەڵبژێردراوی خوایە). نموونە زۆرن بۆ خورافاتی ئایدیەلۆجی، بۆ خۆڵکردنە چاوی جەماوەر و دوورخستنەوەیان لە مرۆڤایەتی.حکومەتی ئەڵمانی پێشوازی لە پەنابەرانی سووری کرد، بۆ پڕکردنەوەی بازاڕی ئەڵمانی بە هێزی کاری هەرزان. لەهەمان کاتیشدا؛ پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکات لە سوریا، و کار دەکات بۆ جێخستنی توندوتیژی ئیسلامی لە ئەڵمانیا لە بەرامبەر خەباتی چینایەتی، لەجیاتی ڕیشەکێشکردنی. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی ڕۆحی دوژمنکاری لەلای باڵی ڕاستی کۆمەڵگەی ئەڵمانی زیندوودەبێتەوە دژ بە کۆچبەران، وەک پەرچەکردارێکی سروشتی. بەڵام ویژدانی ئینسانی لە ناخی جەماوەری ئەڵمانیدا جێگیرە، و گلاوی نەخشەکانی حکومەت کاریان تێناکات.

## پاشماوەی... دوا وتە

سەرۆک کۆماری و پۆستە سیادیەکان، سەفقەیەکی ئابورییە لە تالانی، هەر لایەنێکی سیاسی کە ئەو پۆستە وەردەگرێت، وەکو ئەوە وایە کۆمپانیایەکی ئامادەکراوی سەرەوت پیکەوەنان و بانق سازی بەلاشی دەست کەوتبێت، و شانسی ئەوەشی هەیە چەندین کەسی تر بکاتە هاوپشکی ئەو کۆمپانیای دزییە وەگەرکەوتووە...

لەو چوارچیوەیەدا مەعسوم، بەرهەم و بەرهەمەکانی داهاتوو، ئامادەن پشت بکەنە هەموو پرانسیب و مۆرالێکی ئینسانی، بۆ گەیشتنیان، بە مەنزڵی ئەو پۆستانەی، دەبنە سەرچاوەی بەملیۆنیر بوون و بەخشینی پشکیش بە هاوبەشە هاوپیشەکانیان...

بەرهەم سالح و هاوپشکەکانی، ئێستا و داهاتوو، کە خاوەنی چەندین پشکی تری سیاسی، تالانی و ئاشکراو نهێنین، ناچار بە سازان و ڕێکەوتنن، لەسەر ئەو پارە مۆڵەی بەبەلاش و لەپای خۆشخزمەتی و نۆکەر پیشەییدا، دەستیان پێی دەگات...

کیشەی نیوان یەکێتی و پارتی لەسەر ئەو پۆستەو کیشەو ململانێ و کێبەرکێ لەناو سەرانی حزبیکیشدا بۆئەو پۆستە، سەرچاوەکەی ئەو موچەو تالانیە ئاشکرایەو ئەو پیگەیەیە کە دەکرێ لێیەوە، چەندین کەناڵی دزی و تالانی تری لێ سەرچاوە بگرێت...

لە کاتێکدا سەرانی ئەحزابی سیاسی بۆرژوازی و لە پۆستە ناچیزەکاندا، دەبنە خاوەنی ملیۆنان و ملیاردها دۆلار و سامان، کە زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کرێکارو دەست تەنگ، موحتاجی ئاوی خواردنەوەی پاک و روناکی کارەبان، موحتاجی سەرپەنایەکی شیاوی ئینسانی و سەرەتاییترین خزمەتگوزارین، موحتاجی خوێندن و پەروەردەو تەندروستین، موحتاجی ڕێگاو بان و ژیانێکی ئارامن...

ئەم نابەرابەرییە ئابوری و ئەو جیاوازییە لە موچەو ئەو پۆستە ناچیزە زیاد و سەرو خەڵکییە، پر لەقاسەی دۆلارو ئەو سەرچاوەی کەڵەکەی سەرمایەیە، بەشیکە لە قیزەونترین روخسار و سیمای زاڵمانەی نیزامی سەرمایەداری، بەتایبەتیش لە وڵاتانی دواکەوتووی و کریگرتەی دەوڵەتەکانی تردا...

ئەم نیزام دەسەڵاتە دەبێ بڕوات، و سامان و داهاتی کەڵەکەکراویش بۆ هاوڵاتیان بگێردرێتەوە... ئەم دزییە دەبێ رابگیرێت... چۆن تیکۆشان بۆ باشترکردنی ژیان پیویستە، ئاواش دەستکۆتاکردنی ئەو دزانە لە تالانی ئاشکراو بەناو یاساییدا، پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە...

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی
سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

راوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:ئاراس ڕەشید، شوان عەزیز، سالار حەمە سەعید، نوری بەشیر، عبدالرحمن رەسوڵ، ڕێبوار ئەحمەد، سەردار عەبدوڵا، ئاسۆ کەمال، عەبدوڵا مەحمود

سالّی دووەم ژمارە (38) 15/10/2018 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

# کتێبی "پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟" کەوتە بەردیدی خوێنەرانەوە




ئەم کتێبە کەبەقەڵەمی خەسرەوسایە نوسراوەو لەفۆرماتی پیدیئێفدا، بۆ بڵاوکردنەوەی لەنێتدا، ئامادەکراوە، هەوڵێکە بۆ ئاناتۆمی کردنی ڕەوتی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا. وەک ئەوەی کەنووسەر لەپێشەکیەکی کورتدا، لەبارەی کتێبەکەیەوە قسەیەکی لەگەڵ خوێنەران کردووە، ئێمە لێرەدا لەوە زیاتر بەپێویست نازانین، جگەلەوەی کەخودی پێشەکیەکە بڵاوبکەینەوە. ئەوانەشی کەدەیانەوێت دەستیان بەتەواوی کتێبەکە ڕابگات وکۆپیەک بەدەست بهێنن دەتوانن سەردانی ئەم سایتانە بکەن:

سایتی بلاوکراوەی بۆ پێشەوە : http:// bopeshawa.net

سایتی هاوپشتی: http://hawpshti.com

سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان: http://hkkurdistan.org

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە

**ئەمەی خوارەوەش دەقی پێشەکی کتێبەکەیە**

## لەباتی پێشەکی: قسەیەک لەگەڵ خوێنەران:

ئەم نووسراوەیەی لێرەدا دەیخوێننەوە، کۆکراوەی ٦ بەشی بابەتێکە، کەلە گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیدا، لەنێوان ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ تا جولای ٢٠١٧، لە٦ ژمارەی پشت سەریەکدا، چاپ وبلاوکراوەتەوە. بابەتەکە بەدەر لەهەڵسوکەوتە سیاسی وڕۆژانەییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان وزمانی ڕاگەیاندن ودەربڕینی سەرکردەکانیەوە نوسراوە وراستەوخۆ لەسەر پرۆگرامی سیاسی حزبی گۆڕان، وەک ئەوەی بەڵگەنامەیەکی جەوهەری وجێگیرە، تەوەرەی بەستوە. وە تا ئەو شوێنەش قەوارەی گۆڤارکە و بلاوکردنەوەی بواری دابێت، هەوڵیداوە بەسەرجەم بەش و تەوەرەو بەندو تاڕادەیەکی زۆریش بەخاڵەکانی پرۆگرامەکەدا، ڕابگا وسەرنج و ڕەخنەیان لەسەر بخاتەڕوو. کەدیارە بەم حاڵەشەوە بێ کەموکوڕی نابێت، بەتایبەتی بۆ بابەتێک کەبەش بەش بڵاوبکرێتەوە، نووسەر ناچاردەکات، بەدوبارەکردنەوەی هەندێک لەچەمک وبۆچونەکانی تا خوێنەر بەدوای خۆیدا بهێنێ ولانی کەم ئاشنایان بکات بە ناوەڕۆکی دەربڕینەکانی خۆی، لەمبارەوە داوای لێبوردن لەماندووبونی خوێنەران دەکەم.

بەڵام ئامانجی من لەنووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە، جگەلەوەی کە ویستوومە ناوەڕۆکی ئەو دەربڕین وبانگەشانە بەدرۆ بخەمەوە کەبزوتنەوەی گۆڕان لەسەرخۆی دەیڵێت، ئەویش بەوەی کەحزبێکی جیاواز وگۆڕانخوازە و ناچێتە نێو خانەوادەی حزبە تەقلیدیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، هەروەها هەوڵمداوە ناوەڕۆکی بۆرژوا ڕیفۆرمیستی و ناسیونالیستانەی ئەم حزبە وئامانجەکانی بناسێنم و ئەوە دەرخەم کەحەدو سنورەکانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ڕیفۆرم وبەدیهێنانی گۆڕانکاری تا چەندە و وەچۆن لەگۆشەنیگای ئەو بەشە لەسەرمایەداران و بازرگانان و خاوەن کۆمپانیاکانەوە، لەدۆخی کوردستان و سیستەمی حوکمڕانی دەڕوانێ، کەلەژێر فشاری باڵادەستی یەکیەتی وپارتیدا دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕیوە وپەڕیوەتە نێو "بەرەی ناڕازیانەوە". بەم حاڵەوە دەمەوێت بڵێم کە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆڕان وەک مۆدێلێکی حزبی، ڕەنگدانەوەی پەیدابوونی قەڵشتێکی چینایەتی وفراوان بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان کرێکاران و سەرمایەدارانی کوردستانە، ئەمەش لەدۆخێکدا کەئەزمونی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد وحزبەکانی کەوتۆتەبەرامبەر بەناڕەزایەتیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیەوە و پێویستی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی ناسیونالیزمی کوردی لەمۆدێلی حزبێکی ڕیفۆرمخوازدا، کردۆتە پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گشت بۆرژوازی کورد. لێرەشەوە ناسینی ناوەڕۆکی سیاسی وچینایەتی ئەم ڕەوتە لەڕێگای پڕۆگرامەکەیەوە وخۆجیاکردنەوە لێی، کارێکی پێویستە بۆ هەرکەسێک کەبیر لە شۆڕش وگۆڕانکاری ڕیشەیی لەدەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی ئێستا دەکاتەوە. ئومیدەوارم ئەم نوسراوەیە کۆمەک بکات بەڕۆشن بوونەوەو دابڕانی هەرچی زیاتری هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتییە جەماوەریەکان لە وەهمەکانی ڕەوتی چاکسازی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەڕیزی پێشەوەیدا ڕاوەستاوە.

لەئاخریشدا ئەوەبڵێم وەک پاشکۆ بۆ ئەم بەرهەمە، بڵاوکردنەوەی وتارێکم بەناونیشانی "نەوشیروان مستەفا، گەڕانەوە بۆلادێ و هەوڵێکی بێهودە"، بەپێویست زانی کەکاتی خۆی بەدووبەش لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لەناوەڕۆکی ئەم باسەوە..

بەسوپاسەوە چاوەڕوانی، سەرنج وڕەخنەکانی ئێوەم..

**خەسرەو سایە**

**لەندەن/ ئۆکتۆبەری 2018**

# دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو ٢٨/١٠/٢٠١٨

# دوا وتە

# هاوپشکەکانی سەرۆک

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**



بەپێی هەوڵێکی ئاژانسی پەیامنیر کە ڕایگەیاندووە لەسەرچاوەیەک لەدەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیەوە دەستیان کەوتووە... لەداهاتی سەرۆک کۆمار کە برەکەی ٤٢ ملیۆن دۆلاری مانگانەیە، هەریەک لەباڵ و لاباڵەکانی یەکێتی خاوەن پشکن لەم برە پارەیە و بەپێی ڕێکەوتنێک کە لەنێوخۆیاندا لەسەری ڕێک کەوتوون، پشکەکان بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کراوە:

١٥ ملیۆن دولاری مانگانە بۆ لاهور جەنگی.

١٤ ملیۆن دۆلاری مانگانە بۆ باڤیل تاڵەبانی.

٥ ملیۆن دۆلاری مانگانە بۆ کۆسرەت رەسول.

٣ ملیۆن دۆلار بۆ میدیای یەکێتی.

باقیاتەکەی بۆ سەرۆک دەمێنێتەوە کە مانگانە دەکاتە، پینج ملیۆن دۆلار....

ئەوەی گومان هەڵناگرێت و خەڵکی عێراق و کوردستان، پێی ئاشنان، لوشدانی داهات و سامانە لەلایەن سەرانی حزبە میلیشیایی و تایفی و قەومیەکان. لەلایەن وەزیر و ئەندام پەرلەمان و خاوەن پۆستە سیادییە حکومی و حزبیەکان و خێڵی بندیوار و لیستی دورودرێژی راوێژکار و خانەنشینی کە هەموویان لەدەوری ئەم موچە خۆرە بەلاشخۆرانەن.

ئەوەی کە عێراق و کوردستان، لەتەواوی یان لەزوربەی وڵات و دەوڵەتەکانی دنیا جیا دەکاتەوە، هەر دەسەڵاتی تایفی و قەومی، هەر ئەحزابی خۆشخزمەت و نۆکەر پیشە، نییە، بەڵکو هاوکات لوشدانی ئاشکرای داهاتە بە شێوەی ئاشکراو بەبەرگی یاسایی بەبەرداکراودا...

جیاوازی موچەی وەزیرو گزیرەکان، ئەندام پەرلەمان و بەرێوەبەرە گشتیەکان، خاوەن پۆستە ئەمنی و سەربازی و جاسوسیەکان، راوێژکارە زۆرەکانیان تا دەگاتە موچەی خانەنشینیان، بەجۆرێکە کە وەکو جیاوازی ئاسمان لە زەوییە...

ئەو جیاوازییە لە موچە، یان باشتر بڵێین، ئەو سەرچاوەی داهاتە کە سەرفی موچەی ئەو خێڵە بەرینە دەکرێت و هەر چەند ساڵ جاریکیش، ریژەیان زیاد دەکات، سەرجەم پۆستە سیادییەکانی کردۆتە، کۆمپانیایەکی دۆلار بەرهەم هێن... و هەر ئەوەشە وای کردوە پۆست فرۆشی ببێتە ناسنامەی دزیەکی ئاشکراو داهێنانێکی ناوازەی ناو دنیای سیاسەت لەناو خانەوادەی بۆرژوازدا...

سەرۆک کۆماری لە عێراقدا کە پۆستێکی تەشریفاتی و چاک و چۆنی و مەجیلس سازی و دەلالییە، لەگەڵ واژۆ دان لەسەر سزای قێزەونی ئیعدامی ئینسان، وەکو زوربەی پۆستە سیادیەکانی تر بۆتە سەرچاوەی بە ملیۆنیر بوون و کەناڵێکی ئاشکرای دادۆشینی داهاتی هاوڵاتیان و قوتی جەماوەری کرێکارو بیکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان...

پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تری ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد تەوافوقیان لەسەر پۆستە سیادیەکان، یان ململانێی و کیشەیان لەسەر پۆستەکان، لەوانەش پۆستی سەرۆک کۆمار و نەلەسەر پرۆژەیە، نەلەسەر سیاسەت، بەڵکو شەڕو جەنگینە بۆ دزیەکی ئاشکرا کە لەموچەی و ئیمتیازەکاندا، خۆی دەردەخات...

بۆلاپەرە ١٤